# پرەنسیپەکانی
# کـۆمـەڵگـای ئـازاد

**وەرگێڕانی**
**محمود ئەرگوشی**

**کوردستان ـ هەولێر**
**٢٠١١**

ناوی کتێب: پرەنسیپەکانی کۆمەڵگای ئازاد
وەرگێڕانی : محمود ئەرگوشی
تیراژ : ٢٠٠٠
چاپ : چاپی یەکەم / هەولێر ٢٠١١

سەرچاوە : پیمانگای کیتۆ

# پێشەکی

ئـەم زنجـیرە وتارانـە کـە گروپـی (چـرای ئـازادی) ئامـادەی کـردوون، بـەهاو پرەنسـیپە بنەڕەتیـەکانی کۆمـەڵگای ئـازادو دیموکراسی کراوە شیدەکاتەوە.

پەیڤەکانی وەك: دیموکراسی، ئـازادی، یەکسـانی، بـەردەوام لـەزۆر بۆنـەو شـوێندا دەگوترێنـەوە، بـەڵام وەکـو پێویسـت مەبەسـتو ناوەرۆکیـان روون نیـەو شـرۆڤەی جیاجیـان بـۆ دەکرێت.

ئـەم پرەنسـیپانە دوازە بیرۆکـەی سـەرەکی شـرۆڤە دەکـاو دیاردەکات کە بۆچی بۆکۆمەڵگایەکی ئازاد پێویستن.

# نـــــاوەرۆك


| | |
|---|---|
| **کۆمەڵگای مەدەنی** | **٥** |
| دیموکراسی | **١٧** |
| **یەکسانی** | **٣٢** |
| **کــاری ئــازاد** | **٤٣** |
| **ئــــازادی** | **٥٥** |
| **مافەکانی مرۆڤـ** | **٦٦** |
| **داد پەروەری** | **٨٢** |
| **ئاشــتی** | **١٠٢** |
| **موڵکدارێتی تـایبەت** | **١١٤** |
| **سەروەری یاسا** | **١٢٦** |
| **سیستەمی خۆبەخۆیی** | **١٣٧** |
| **لێبوردەیی** | **١٥٠** |

# کۆمەڵگای مەدەنی

**لە نێوان هەموو ئەو یاسایانەی کە حوکمی کۆمەڵگا مرۆییەکان دەکەن، یەکێکیان لە هەموویان وردتر و دیار ترە، ئەگەر کەسەکان بە شارستانی بمێننەوە، یاخود شارستانی بن، پێویستە گەشە بە هونەری کۆبوونەوە بدەن و باشتری بکەن . بە هەمان ئەو ئەندازەیەی کە تیایدا یەکسانی هەلومەرجەکان جێبەجێدەکرێت.**

**- ئەلەکسس دی تۆکفیل-**

## کۆمەڵگای مەدەنی چیە؟

کۆمەڵگای مەدەنی گشت ئەو ڕێکخراوە خۆبەخشانە دەگرێتەوە کە لە نێوان تاك و دەوڵەتدا هەن ، وەك : خێزان، کۆمەڵەکان، یانە وەرزشی و مۆسیقی و کۆمەڵە خێرخوازەکان، بیرۆکەی کۆمەڵگای مەدەنی ئەنجامی شارستانیەتە، ئەوەی کە دی تۆکڤیل ناوی ناوە هونەری کۆبوونەوە خۆی لە خۆیدا ئەنجامی کاری کەسانی سەردەمە، لە هاوکاریکردنی کەسانێك کە نایانناسن لە پێناو بەجێهێنانی ئامانجەکانیان.

لە کۆمەڵگاکانی کۆندا کە باوباپیرانمان تیایدا ژیاون ئەو زەرورەتە هەرگیز لە ئارادا نەبووە، بە دەسپێکی دابەشکردنی کارەکان لەو کۆمەڵگایانەی کە یاسا تیایدا جێگیرە، و خەڵکی بۆیان هەیە مولکی تایبەت بە خۆیان لە پێناو بەرژەوەندیەکانیان بەکاربێنن، کۆبوونەوە لە نێوان خەڵکدا بووە بنەمای ئاشتی و خۆشگوزەرانی. بیرۆکەی کۆمەڵگای مەدەنی پەیوەندیەکی ئۆرگانی بێپسانەوەی لەگەڵ

بیرۆکەی ئازادیدا هەیە ، هەڵەیە ئەگەر بڵێین ئەو کەسەی کە بە تەنها دەژیی ، کەسێکی ئازادە، و مانای ئازادیش نەبوونی کۆت و بەندە.
بیرۆکەی کۆمەڵگای مەدەنی بیرماندەخاتەوە کە حالەتی ئازادی ، حالەتێکە تێیدا کۆت و بەندی دادپەروەرانە بەسەر خەڵکیدا جێبەجێدەکرێتو پەیوەندی و تێکەڵبوون لەگەل یەکتردا مەرجی سەرەکییە بۆ پێشکەوتنی هەر یەکێکیان.
بیرمەندی فەرەنسی بنجامین کۆنستانت لە ڕوونکردنەوەیەکیدا لەبارەی کۆمەڵگای مەدەنی دەڵێ: بیرۆکەکە تەنها لە جیهانی هاوچەرخدا واتای خۆی هەیە، کە تاك دەسەلأتێکی نادیار بەسەر هاوتاکانی خۆیدا پەیرەو دەکات. لە وتارێکیدا کۆنستانت دوو جۆر ئازادی جیاواز لای پێشینان و ئەوانەی سەردەمدا شرۆڤە دەکات، ئەو بیرمەندە فەرەنسیە لە توێژینەوەکەیدا دەڵێ : ئازادی کۆربەندی خەڵکی لەگەڵ یەکتریدا ، گرنگترین ئازادیەکانی مرۆڤی بەرجەستە کردووە، نەك ئازادی بەشداربوون لە حکومەتدا .
بیرۆکەی کۆربەندی مەدەنی و ئەو دامو دەزگایانەی کە لێیەوە پەیدابوون، ئەوانە بیرۆکەن کە بە بەردەوامی و ڕێکوپێکی ئێدمۆند بێرك بیرمەندی ئێرلەندی و ، ئەلێکسس دی تۆکفێل بیرمەندی فەرەنسی باسیان لێکردووە لە توێژینەوەکانیان بۆ کۆمەڵگای ئینگلیزی و کۆمەڵگای ئەمریکی لەسەردەمی خۆیاندا. دی تۆکڤێل لە تێڕوانینێکدا دەڵێ ، پێشکەوتن لە کۆمەڵگادا لە ئەنجامی ناڕاستەوخۆی هاوکاری نێوان مرۆڤەکانەوە بووە ، ئەمەش ڕوونادات مەگەر لە کۆمەڵگا ئازادەکاندا ، هێزێك دەسەلأتدارێتی دەکات کە

بیرمەندەکانی چاخی ڕۆشـەنگەری ناویـان نـابوو حکومـەتی یاسـاکان نەك حکومەتی کەسەکان .
دی تۆکڤێل لەماوەی گەشـتەکانیدا لـە دەیـەی ١٨٣٠ وەسـفی شـێواز گەلێك دەکات کە ئەمریکیـەکان دۆزیویانەتـەوە بـۆ بـەرەو پێشـبردنی کۆربەنـدەکانیان ، بێـرك سـەرنجی دایـە سـەر پێشـاندانی ڕۆڵـی دامـو دەزگـا نێوەندیـەکان کـە بەرهـەمی ئـەو کۆربەندانـە بـوون لـە کاروبارەکـانی خەڵکیـدا و بـە (گروپـی بچـوك) نـاوی دەهێنـان، ئـەو دامودەزگا نێوەندیانەی نێوان خێـزان و کڵێسـاو کۆربەنـدی بچـوك بـە شـێوەیەکی گشـتی هاوکـارو زەمینـە سـاز بـوون لـە بـەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگا.
بـەپێی نووسـینەکانی بێـرك: ئەگـەر گرێـدراو و پەیوەسـت بیـت بـە دابەشبوونە کۆنـە بچـوکەکان ، و هـەروەها ئـەو گروپـە بچـوکەی ئـەو کۆمەڵگایەت خۆشبوی کە ئەندامیت تیایدا، ئەوە یەکەمین بنەمایە کە لە گەڵیدا سۆزە گشتیەکان پێکدێن و ئەلقەی یەکەمی ئەو زنجیرەیەیە کـە بەهۆیـەوە هـەنگاو بـەرەو خۆشەویسـتی وڵاتمـان و خۆشەویسـتی مرۆڤایەتی دەنێین .
لـە ڕوانگـەی (بێـرك)ەوە ئـەو دام و دەزگایانـە ڕۆڵێکـی سـەرەکییان گێـڕاوە لــە وێنــاکردنی کەسـێتی مرۆیــی و هــەروەها دابینکردنــی پێویسـتیەکی گـرنگ بـۆ کۆربەنـد، ئـەوەش بـوە هـۆی هاتنەکایـەی تۆڕێکی بەرفراوانی دەستەو کۆمەڵەکان ، ئەوانەی کە ڕۆڵیان هـەبووە لـــە بـــەرفراوانکردن و بـــەهێزکردنی ئـــەو پەیوەندییانـــەی کـــە کۆماندەکاتەوە.

# ئەو پەیوەندییانەی کۆماندەکەنەوە

ئەو پەیوەندیانە، لەناو ئەو گروپە بچوکانەدا بەدیدەکرێن، ئەوانەی کە مایکڵ ئۆکشۆت فەیلەسوفی پارێزگار بە کۆمەڵەکانی مەدەنی ناوی بردوون ، کە تیایدا رۆح و غەریزەکان رۆل دەبینن لەپێکهێنانی کۆمەڵگای کەسەکاندا.

ئەوەش ئەو کرۆك و بنەمایانەن کە کۆمەڵگایان لێ دروست دەبێ ، ئەو کۆمەڵە مەدەنیانە لە رێگای ئاسانکاری شێوازەکانی کۆمەڵایەتی. بوارمان بۆ دەڕەخسێنن بە سود وەرگرتن لە بوونی ئەوانەی کە نزیکترین کەسانن لێمانەوە و بەرزنرخاندنی پەیوەندیمان پێیانەوە.

هەست بە ئینتیمابوونمان سەبارەت بە خێزان، دۆستان ، کۆمەڵگای ناوچەیی و نەتەوەکەمان ئەو کاتە پتر دەبێ و گەشە دەکات، کە پێویستیمان بە تێکەڵبوون لەگەڵ خەڵکانی دیکەدا هەبێ. بۆیە کۆربەندەکانی کۆمەڵگا ئەو هۆکارو کەرەستەیەیە کە ئەو یەکگرتنە دەپارێزێ .

زۆر دوور لەو کەسانەی کە لێکترازاون ، ئەوانەی کە ڕەخنە گرانی کۆمەڵگای ئازاد باسیان لێوە دەکەن، رێکخراوە مەدەنیەکان پەیوەندی ئینتیمابوون بۆ کەلەپورەکەمان و هەروەها ئەو بەرژەوەندیە هاوبەشانەی کە لەگەڵ خەڵکانی دیکە بەشداری دەکەین بەهێز دەکات، هەروەها سەرتاپای کۆمەڵگا بەهێزو توندو یەکگرتووتر دەکات. کۆمەڵگای مەدەنی کۆمەڵگایەکی مرۆییە ، چونکە هاندەرێکە بۆ بە هێزکردنی هەستە مرۆڤایەتیەکانمان لە ڕووی سۆزەوە لەگەڵ هەموو ئادەمیزادێکدا.

# حکومەت لەهەمبەر کۆمەڵگای مەدەنیدا

دوژمنـــی کۆمەڵگــەی مــەدەنی، ئــازادی تــاك نیــە، بــەڵکو حکومەتــە ، حکومەت ئەو پەیوەندیانە دەپچڕێنیٚ کە بە یەکەوە کۆماندەکاتەوە ، چونکە هەوڵی بە ناوەندێتیکردنی دەسەلاٌت و داهـات و سەرچـاوەکان دەدات لــە ڕێگــای ســەندنەوەی کــات و ســۆزو داراییــەوە. مەیلــە مەدەنیەکانمان لاواز دەکات، ئـەو داواکاریانـە ئـەو پەیوەندیانـەی کـە بەیەکـــەوە کۆماندەکاتـــەوە نـــاهێڵیٚ و لـــەناو دەبـــات، بـــەهۆی بێبەشـکردنمان لـەو سەرچـاوە مـاددی و سـۆزایەتیانەی کـە دەکـرا بەیەکەوە وەبەریان بهێنین .

کاتیٚ کە دی تۆکڤیل لەسەردەمی ناپلیۆنـدا لـە فەرەنسـاوە سـەردانی ئەمریکای کرد هەر لـە سـەرەتاوە سەرسـام بـوو بـەو هـەموو کۆمەڵـە خۆبەخشـانەی کـە لـەویٚ بانگـەوازی و پاڵپشـتی هـەموو کێشـەیەك و هەموو بیرو بۆچونێکیان دەکرد لـە گشـت بوارەکـانی ژیانـدا ، ئەوسـا فەرەنسا لەژێر سیستەمی حکومەتێکی ناوەندیدا بـوو کـە لـە توانایـدا نەبوو بەرگـەی ئـەو هـەموو هـەولٚ و کۆششـانەی تـاك بگـریٚ، بـەهۆی ئـەوەی کـە زۆربـەی هـەرە زۆری وزەو شـیانەکانی مرۆیـی خرابوونـە پێناو جیٚ بەجێکردنی پێداویستیەکانی حکومەت .

ئەوە هۆکـاری سـەرەکی پەرەسـەندنی کۆمەڵگاکانـە لـە هەلومـەرجی ئازادیـدا ، حکومــەت کۆسـپ و تەگــەرە دەخاتــە بــەردەم هونــەری کۆربەندی ، لە ڕێگای داڕوتانەوەی تاکەکان لە شیانەکانیان.

لـە کۆمـەڵگا شمولیەکانـدا حکومـەت ڕێگـا بـە تاکـەکان نـادات ، کـە لـە ئامانجی هاوبەشدا هاوکـاری یـەکتری بکـەن ، چـونکە گشـت ئامانجـەکانی کۆمەڵگا ئاراستەکراون بۆ بەجێهێنانی ئامانجەکانی دەوڵەت.

## ڕەوڕەوەی بازرگانی کۆمەڵگای مەدەنی هەڵدەسوڕێنێ.

هەستی مەدەنیبوون بەهۆی بازرگانییەوە دەبوژێتەوە ، مۆنتسکیۆ خۆڕەوشتی باش و ئەو چاك مامەڵەکردنەی لای گەلانی ئەوروپای باکوور هەبوو، ئەوانەی ڕۆمانەکان سەردەمانێك بە بەربەر ناویان دەبردن بۆ بازرگانی دەگەڕاندەوە.

دێڤید هیۆم، بیرمەندی بەریتانی لە نوسینێکدا دەڵێ: بیری بڵاوبوونەوەو پەرەسەندنی بازرگانی شتێکی ژیارییە بۆ پێگەیاندنی کۆمەڵگاکان و پێشکەوتنی هونەرو زانست . کاتێ کە بازرگانی بوار بە خەڵکانێك دەدا بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەبێ ئەوەی هەستێکی خۆشەویستی تایبەتیان هەڵگری، بەو شێوەیە کۆمەڵگایەك دەئافرێنێ کە تیایدا کەسانێك لەگەڵ ئەوانە هەڵبکەن کە خراپەکارن، لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدا.

بازرگانەکان پێویستییان بە باوەڕو متمانەی ئەو کەسانە هەیە کە کارو سەودایان لەگەڵدا دەکەن و لە ئەنجامدا بەهۆیەوە بەشداری لە ئەفراندنی کەشێك دەکەن کە تیایدا بەڵێنەکان بپارێزرێن. فرانسیس فۆکۆیاما داکۆکی دەکاتە سەر گرنگی متمانە لە کۆمەڵگا سەرکەوتوەکاندا و بەشداری بازرگانی و ئاڵوگۆڕی لە ئەفراندانی ئەو متمانەیەی کە بوار بە کۆمەڵگا دەدات بۆ ئەوەی پێشکەوێت.

# هاریکاری و بەرژەوەندی خود

ئابووریناسی ئەمریکی رۆنالد کۆز ، وەسفی ئەوە دەکات کە چۆن تاکە جیاجیاکانی کۆمەڵگا، و خاوەن پشەکان و کرێکاران و کارمەندان و ئەوانی دیکە، لەگەل یەکتردا کۆدەبنەوە بۆ داهێنانی ئەوەی کە پێی دەڵێن هاوپشکی. سەرەرای ئەوەی کە بەرژەوەندی خودە ئەو کۆمەڵە جیاوازانە هاندەدا هاوکاری یەکتری بکەن، بە هاریکاری و گرنگیدان بە کەسانی دیکە، بنچینەی شێوازگەلێکی دیکەی هاوکاری کۆمەلأیەتییە ، وەك، خێزان.

لەگەڵ ئەوەی کە لە هەندێ بواری دیکەی جیاجیادا لە بارە، شتێکی ئاشکرایە کە کێشەی هاریکاری خزمەتمان ناکات لە کاروباری بازرگانیدا ، هەروەك چۆن ئەنانیەت لە ژیانی خێزانیدا ئەنجامێکی ئەوتۆ جێبەجێ ناکات.

هێزی دامودەزگا و سیستەمەکان لە کۆمەڵگای مەدەنیدا پەیوەستە بەو توانایەی کە لەسەر بوژاندنەوەو پێشخستنی غەریزە مرۆییەکان هەیەتی، کە دەکرێ بەکاربهێنرێن، بۆ باشترین ئەنجام، لە کۆمەڵگای مەدەنیدا غەریزەکانمان لە بوارە گونجاوەکاندا دەخرێنەگەڕ و، پێچەوانەی ئەوە بۆی هەیە زەرەرو زیانی گەورەمان پێبگەیەنێ.

خێزان وەکو دامودەزگایەکی بەرفراوان

لەنێوان گشت دامودەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا ، گرنگترینیان لەوانەیە خێزان بێت، ڕۆڵبینینی خێزان وەك مامۆستا ، بەخێوکار و پەروەردەکار بۆ مندالأن هیچ دامودەزگایەکی دیکە لەم ڕووەوە لە

ئاستیدا نیه. خێزان سەرچاوەیکی بێهاوتایە بۆ بەها رەوشتیەکان و هەروەها پاشخانی هەستە مرۆییەکان، کە(فردیناندماونت) بە دامودەزگای زەبەند و ستەمکار وەسفی دەکات.

خێزان وەکو دامودەزگایەکە لە نێوان مرۆڤایەتی و پێشبینی ترسناکی جیهانی نوێی پێشەنگ، یاخود هەتا کۆماری ئەفلاتۆن، کە تیایدا وەکو پاسەوانی دەوڵەت لە مندالْ دەڕوانرێت.

هەروەها خێزان کە میکانیزمی گواستنەوەی بەهاکانە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە، کەواتە بەپێی ئەوەی کە هەڵگرو خاوەن هەستە مرۆییەکانە، بۆیە وەکو هاندەرێکی ڕەوشتی لە زۆربەی هەرە زۆری ئەو هاندەرە شمولیانە بەهێزترە کە لە دەوڵەتە شمولیەکاندا هەن، خێزان ئەو شوێنەیە کە نەوەکانی داهاتوو تیایدا فێردەبن جیاوازی بکەن لە نێوان ڕاستی و هەڵەدا.

لە نێوان ئەو کۆمەڵگایانەی کە خێزان تیایدا پێگەیەکی بەهێزی هەیە ، خودی خێزان بڕیارەکان دەدا نەك دەوڵەت، چونکە ئەندامەکانی خاوەنی ئەو هەستە جیاکاریەن کە لە نێوان هەق و ناهەقدا هەیە. خێزان لە کۆمەڵگا ئازادەکاندا ئەو تایبەتمەندیەیان هەیە ، چونکە گەورەکان لە نێوانیاندا لەلایەن دەوڵەتەوە وەکو مندالْ ڕەفتاریان لەتەکدا ناکرێ.

## ناوچەی بەربەست لە نێوان تاك و دەوڵەتدا

یەکێ لە گرنگترین وەزیفەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ، کارکردنە وەکو هێزێکی دژو هاوتەریب بۆ هێزی حکومەت، چونکە تاکەکان پەرت و بلاٌون و لەسەر شێوازی هاوکاری مرۆیی ڕانەهاتوون ، بۆیە دەبنە

نێچیری ئاسان بۆ فریدودانی شمولی ئەوانەی کە ئارامیو هێمنی دەخەنە روو لە جیاتی ئازادی دەخەن.
ئەو یەکە و گروپە بچوکانە دژ بە حکومەتە ستەمکارەکان دەوەستنەوە، چونکە ئینتیمای ئەندامەکانیان مەبەستە، پێچەوانەی داواکانی شمولیەکان ئەوانەی کە داوای لایەنگیری ڕەهای بەبێ مەرج لە هاولاتیانی دەولەت دەکەن. خێزان و ئینتیمای ئایینی، کاری ئازاد ، ڕیکخراوە خۆبەخشەکان و یەکێتییە کرێکاریە ئازادەکان، سوود لەو لایەنگیریە وەردەگرن و نرخ و بەهایەکیش بە ئەندامەکانیان دەدەن.
ئەوەش پێچەوانەو دژی ئەو ملکەچبوون و قبوولکردنەیە کە ڕژێمە شمولیەکان داوای دەکەن. لەبەر ئەو هۆکارە هەر کۆمەلگایەکی شمولی کە لەدێر زەمانەوە مرۆڤ دروستی کردووە ، هەولی لاوازکردنی داوە، ئەوەش هۆیەکە بۆ ئاستی سەرکەوتن و بژێوی ئەو دامودەزگایانە، وەکو نیشانەیەك لەسەر رادەی پارێزراوی ئازادیمان.

## دوژمنانی کۆمەلگای مەدەنی

شتێکی رێکەوت نیە کە رژێمە شوڤێنی و کۆمۆنیستەکان بە درێژایی مێژوو، شەڕیان دژی خێزان راگەیاندووەو هەولیانداوە کە مندالان دژ بە باوانیان و هاوسەر دژی هاوسەرەکەی نەوە دژی نەوە بوەستنەوە، هۆیەکەشی ئەوەیە کە دەولەت مەبەستیەتی زانیاری بەدەستبێنێ بۆ خزمەتکردنی مەبەستەکانی، هەروەها پێویستی بە لایەنگریەکی هەمەلایەنەو لەرادەبەدەر هەیە زیاتر لەولایەنگیریەی کە خەلکی بە شێوەیەکی سروشتی بەرامبەر بە خێزانەکانیان هەستپێدەکەن.

ئەو دامودەزگایانە بە دامودەزگای تێکدەر ناودەبرێن، چونکە ئەو هاوسۆزی و لاگیریەی کە دەیهێننە ئاراوە، دەبێتە هۆی بەرگریکردن لە خواستەکانی دەوڵەت ، کۆمەڵگای مەدەنی بەهێز وەکو بەربەستێکە لە بەرامبەر ستەمکاری، چونکە پارێزگاری لە سیستەمی ئەخلاقی دەکات و بەهاکانی ئازادی دەپارێزێ و بەردەوامییان پێدەدات.

بەهۆی لاوازکردنی دامودەزگاکانی مەدەنی ، حکومەتی گەورە تاك ڕووت دەکەنەوە لە چینەکانی پاراستن، ئەوانەی وەکو لەمپەرێك دەوەستن لە هەمبەر دەست درێژی و دەست تێوەردانەکانی حکومەتدا، کاتێ کە ئەم سەنگەرانە بەلاوەدەنرێن لە نێوان حکومەت و تاکدا، ئەو کاتە تاك لە توانای بەرگریکردندا دژ بە دوژمنانی کۆمەڵگای کراوە و ئەوانەی هەوڵ دەدەن کە تاك ملکەچی دەسەڵاتی دەوڵەت بکەن ڕووتدەکەنەوە.

## تۆڕێکی ئاڵۆز

ئەم تۆڕەی کە پارێزگاری لە بوون و بەردەوامی کۆمەڵگا دەکات ، لە ڕێگای بەستنەوەی دەستی دەسەڵاتی سیاسی، تۆڕێك لە ماف و ئەرکی هاوبەش دەئافرێنێ، کە بوار بە کۆمەڵگا دەدەن تا خۆی حوکمی خۆی بکات. کۆمەڵگا گرێبەستێکی گەورەیە ، نەك تەنیا لە نێو خودی ئەندامەکانیدا ، بەڵکو ئەوانەی کە لە ژیاندا نەماون، و هەروەها ئەوانەش کە هێشتا لەدایك نەبوون.

ئێمە لەبەرژەوەندی خەڵکانێکدا کار دەکەین، ئەوانەی کە ناسنامەیان نـازانین و لـە هەنـدێ حاڵەتـدا بەهانـدەری هەسـتێکی ئـەخلاقی هەوڵدەدەین کە چی پێویستە لەسەرمان بۆ ئەوەی ئەنجامی بدەین ، بەلاًم غەریزە مەعنەویەکان ڕۆڵی باشتر دەگێڕن ، بۆ سوود و قازانجی هاوبەش ، کە هەر حکومەتێك لە توانایدایە ئەنجامی بدات.
باوان و منداڵەکانیش هەموویان ماف و ئەرکیان سەبارەت بە یـەکتری هەیە، هەموو نەوەیەك بەرپرسیارەتی نەوەی بـەر لـەخۆی و ئەوانـەی لە دوای ئەویشەوە دێن هەڵدەگرێ هاوسـەرگیری، دۆسـتایەتی، هـەتا پەیوەنـدی مـرۆڤ بـە سـەرزەمینی ئاژەلاًنـەوە، ئـەو ئەرکانـە لێـی بەرپرسن کە دەبنـە هـۆی هاتنـە کایـەی پەیوەندیـەکانی کۆمـەڵگا، و ڕێنماییمان دەکا بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانمان سـەبارەت بـە خـەڵکانی دیکـە، هـەروەها ئومێـدەوارین و باوەڕمـان وایـە کـە ئـەوەمان بـۆ جێبـەجێ دەبێـت. چـونکە دەوڵـەت نـاتوانێ جێگـەی ئـەو تـۆڕە بگرێتەوە، واتە کاتێ کە هـەولێکی لـەو جـۆرە بـدات ، ئـەنجام تونـدو تیژی دەبێت.

## بنیاتنانەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی

لەوانەیە ئەمڕۆ ئەرکێکی زیندوتر، لە ئەرکی بنیاتنانەوەی سیسـتەمی مەدەنیدا نەبێت لەو کۆمەڵگایانـەدا کـە دەوڵەتـە خۆسـەپێنەکان ئـەو سیسـتەمەیان بـە وێرانـی هێشـتۆتەوە، بـە هەڵەداچـوین ئەگـەر وابیربکەینـەوە کـە حکومـەت دەتـوانێ ئـەو ئەرکـە جێبـەجێبکات ، کۆمەڵگای مەدەنی ئەنجامی کـاری خۆبـەخۆیی گـەلێکی ئـازادە ، کـە

داوا دەکـات حکومــەت ڕێگـا والاّ بکـات بـۆ خــەڵك و بـواری ئـازادی ڕەفتارکردنیان لەگەڵ یەکتریدا بۆ برەخسێنیّ .

تێکدانی بنەما ئەخلاّقیەکانی کۆمەڵگا ، ئاسـناترە لـە بونیاتنانـەوەی بـە وشـیاری و بـە میراتکردنـی نـەوە دوای نـەوە، هـیچ گومانێـك لـە ئارادانیە کە ئازادی بەردەوامی نابیّ ئەگەر لەو بوارەوە هەنگاو نەنریّ ، ئـەوەش بـەو مانایەیـە کـە دەبـیّ خـەڵکان ئـازاد بـن لـە کاروبـاری ئابووری و چالاّکیە ئایینیەکان و ژیانی خێزانی خۆیاندا.

# دیموکراسی

**شێواز گەلێکی زۆر لە حکومەتەکان تاقیکراونەتەوە، چەندین شێوازی تریش لەم جیهانە پڕ لەکێشەو هەڵەو گرفت ئامێزە تاقیدەکرێنەوە، کەس بانگەشەی ئەوە ناکات کە دیموکراسی بە گشتی کامڵ و بێ کەموکورتیە، لەراستیدا، گوتراوە دیموکراسی خراپترین جۆری دەسەلأتە، جگەلە هەموو ئەو شێوازانەی دیکەی حوکم کە تاقیکراونەتەوە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە.**

**- وینستۆن چێرچل-**

## دیموکراسی چیە؟

دیموکراسی ئێستا شەپۆلی داهاتووە ، نەتەوەگەلێکی زۆر سیستەمی دیموکراسی پەیرەو دەکەن. ئەم پێشکەوتنە پێویستە پێشوازیەکی باشی لێبکرێ، لەگەل ئەوەشدا وشەی دیموکراسی هەمیشە هاوواتای ئیجابیی نەبووە.

چەمکی دیموکراسی دەگەرێتەوە بۆ گریکە کۆنەکان، ((**دەسەلأت لەلایەن گەلەوە**)) ئەم راڤەکردنەیان وەك سیستەم (نظام) بەکارهێناوە کە پێویستە بەلاوە بنرێ. دیموکراسی ناکۆك و هاودژ بووە لەگەل پاشایەتی (**دەسەلأتی تاك**)، و ئۆلیگاریشی (**دەسەلأتی کەمینە**)، و ئەرستوکراتی (**دەسەلأتی توێژی جیاواز**).

سەبارەت بە یۆنان: دیموکراسی گیرۆدەی سێ گرفت و کیماسی سەرەکی بوو، زۆرینە دەتوانێ هێزی خۆی بەکاربێنێ بۆ چەوساندنەوەی کەمینە، بۆی هەیە بە ئاسانی خەڵکی رووەو هەست و سۆز رابکێشێ، بەبێ ئەوەی عەقڵ رۆل بگێرێ، لێرەدا خەڵکی بەدوای بەرژەوەندیە تایبەتیەکانیانەوەن لەسەر حسابی

بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵ بەگشتی.

بۆیە به شێوەیەکی دیکەی تایبەت پەره به دیموکراسی درا بە ناوی **لیبرالی**، نوێنەرایەتی دیموکراسی کە هەوڵی کۆکردنەوەی باشیەکانی دیموکراسی دەدا لەو کاتەدا سەرەرای دەربازبوون یاخود کەمکردنەوەی ئەو مەترسیانەی لە ئاراداان. ئەم شێوازە دیموکراسیەتە ئەمرۆ سەرتاپای جیهانی گرتۆتەوە.

ئەبراهام لینکۆڵن لە سەردەمی شەڕی ناوخۆی ئەمریکادا، لەوتارە بەناوبانگەکەیدا لە جیتزبێرگ، وەسفێکی کلاسیکی دایە دیموکراسی، کاتێ گوتی: ((**دیموکراسی حکومەتی گەلە، لە گەل و لە پێناو گەلدایە**)). ئەو وەسفەی لینکۆلن چوار پرسیار دەوروژێنێ، کە دیموکراسی لیبرالی بە شێوەیەکی تایبەتی وەلامیان دەداتەوە.

## گەل کێیە؟

وەلامی دروست، واتە هەموو تاکێك لە کومەڵگادا. کەواتە شتی نمونەیی ئەوەیە بڕیارەکان دەبێ بە رەزامەندی هەموو مرۆڤێك بێت. هەرچەندە ئەنجامدانی ئەو ئەرکە زۆر ئەستەم دەبێت، و کاتێکی زۆری دەوێ و دەسەلاتێکی بەرپەرچدانەوەی گەورە دەدا بە تاکە کەس. دیموکراسی لیبراڵی پتر لەسەر بنەمای زۆرینە کاردەکات، خەڵك باشترین رۆڵ دەنوێنن بە دەنگەکانی زۆرینە، ٥٠٪ + یەك.

لە دیموکراسی لیبراڵیدا، بڕیارە سەرەکیەکان پێویستیان بە زۆرینەی بەرز هەیە وەکو زۆرینەی دوو لەسەر سێ، لەگەل ئەوەشدا ئاشکرایە

زۆرینەی ئاسایی لەوانەیە تایبەت بە کەمینەکان بێت، بۆیە هەمیشە شێوەیەك لە شێوەکانی پاراستنی مافی کەمینەکان لە ئارادایە، هەندێ جار دیموکراسی لیبراڵی وەسف کراوە بە **(دەسەلاتی زۆرینەو مافی کەمینە)**.

## حکومەتی گەل

پرسیاری دووەم پەیوەستە بە (حکومەتی گەل): دەسەلاتی خەڵك دەبێ لەسەر چی بێت؟ چین ئەو بڕیارانەی لە لایەن خەڵکەوە وەکو تاکەکان، خێزانەکان، کۆمپانیا و یەکێتییەکانەوە دەدرێن، و چین ئەو بڕیارانەی دەبێ دەوڵەت بیدات لە پێناو کۆمەڵدا؟ ئەگەر بێت و هەموو بڕیارەکان بە کۆمەل بدرێن، ئەو کات ئازادی بوونی نامێنێت. کۆمەڵ دەکەوێتە ژێر دەسەلاتی سیستەمێکی شمولی و دەست دەگرێ بەسەر هەموو شتێکدا و دیموکراسیەکە بە پیێ راڤەکردنی جی. دی. تالمون دەبێتە دیموکراسی شمولی.
رۆلی حکومەت لە دیموکراسی لیبرالیدا سنووردارە، وەرگرتنی زۆرینەی بڕیارەکان جێدەهێلرێ بۆ کەرتی تایبەت، واتە دیموکراسی لیبرالی باوەڕ بە حکومەتی سنووردار دەکات، نابێ بوار بە زۆرینە بدرێت بەویست و خواستی خۆی بڕیار بدات. کەواتە لیبرالی دیموکراسی دەسەلاتی نا سنووردار لە لایەن حکومەتەوە رەتدەکاتەوە، هەتا ئەوەی کە بە دیموکراسی ناو دەبرێ.

# حکومەت لە (گەل)

پرسیاری سێ یەم ئەوەیە: گەل دەبێ چۆن حوکم بکات؟ هەندێك دەڵێن دەبێ گەل راستەوخۆ حوکم بکات. ئەوەش دەکرێ لە رێگای راپرسی یا کۆبوونەوە گشتیەکانەوە بێت، یاخود بە شێوەی بەشداریی دیموکراسی.

لەروی تیۆرییەوە دەکرێ بۆ هەر هاولاّتیەك ئامێرێکی کۆمپیوتەر تەرخان بکرێ، بەهۆیەوە دەتوانێ دەربارەی هەر کێشەو رووداوێك دەنگی خۆی تۆمار بکات، ئەمەو سیاسەتی حکومەت لە رێگای زۆرینەی دەنگەکانەوە دیاری بکرێت، دەولّەت لە پێناو خزمەتکردنی خەلکدا دروست بووە، نەك خەلك لە پێناو خزمەتکردنی دەولّەتدا.

لە سایەی دیموکراسی لیبرالّیدا، پیویستە خەلّك هەموو ژیانی تەرخان بکات بۆ لێکولّینەوەو گفتۆو دەنگدان لەسەر هەر بڕیارێکی بەکۆمەلّ، و ئەو کاتەیان بەدەستەوە نیە کە بڕیار وەربگرن سەبارەت بە کاروباری ژیانیانەوە. لە دیموکراسی لیبرالّیدا، دەنگدەرەکان نوێنەرەکانیان بۆ دەستەی یاسایی و (هەندێ جار جێبەجێکردن) هەلّدەبژێرن تا لە جیاتی ئەوان بڕیار بدەن.

پێویستە تواناو هێزو کەسایەتی بۆ ئەو نوێنەرانە دەستەبەر بکرێ بۆ ئەوەی بڕیاری باش بدەن کە لە بەرژەوەندی گشت خەلکیدا بێت، بەلاّم مەسەلەی ئەو نوێنەرانە لە رێگای هەلّبژاردنە خولیەکانەوە دەبێت، ئەگەر نوێنەرەکان بەرژەوەندیەکانی خەلّکیان لەبەرچاو نەگرت، دەکرێ کە پلە و پایەیان لێ بسەنرێتەوە. ئامانج دەستەبەرکردنی یەکسانییە لە نێوان نوێنەران و حکومەتێکی

بەرپرسیار: نوێنەریی بەرژەوەندی، راوبۆچوونەکانی هەموو خەڵك و بەرپرسیار لەو ئەنجامە درێژخایەنانەی کە لە ریگەی کاررایییەکانی حکومەتەوە دێن، بە روحێکی هێمن وگفتوگۆی عەقلانی.
دیموکراسی لیبراڵی هەندێ جار بە دیموکراسی نوێنەرایەتی یا ناراستەوخۆ ناو دەبرێ، لە هەندێ دیموکراسی لیبراڵیدا راپرسیەکان لە کاتی گۆڕانی سروشتی سیستەمی دەستوری ئەنجام دەدرێن، یاخود یاسا بنەڕەتیەکان، ئەوانەی کە گەل بە هۆیانەوە حوکم دەکات.

## حکومەت لە پێناو گەلدا

پرسیاری چوارەم و کۆتایی: چۆن بڕیار دەدەین کە چی بۆ گەلە؟ مۆرۆ چۆن دەتوانێ بەرژەوەندیەکانی گەل دیاری بکات و بزانێت چین ئەو بەرژەوەندیانە؟ پێویستە لە وەرگرتنی بڕیارەکاندا بەرژەوەندیەکانی هەر مرۆڤێك لە بەرچاو بگیرێ، سەرەرای ئەوەی زۆر ئەستەمە کە بەرژەوەندیەکانی هەموو تاکەکان جێبەجێ بکرێن، لەگەل ئەوەشدا مەبەست دەبێ دیاریکردنی ئەو ئامانجانە بێ کە گەل بە هەموو چین و توێژەکانیەوە لە سەریان کۆکە وەك، ئاشتی، ئارامی و خۆشگوزەرانی، نەك ئەو سیاسەتانەی کە تەنیا بۆ بەرژەوەندی چەند گروپێکی تایبەتن لە کۆمەڵگادا.
یەکێ لە کێشە و بابەتەکان، کارکردنی دەستەو گروپەکانە لە پێناو بەرژەوەندیە تایبەتیەکانیاندا، بەراستی هەموو ئەوانە شایانی ئەوەن لەبەر چاوبگیرێن. سەرەڕای ئەوەش سیاسەت دەبێ رەنگدانەوەی

جـەماوەرێکی بـەرفراوان و گشـتگیر بـێ یـا ئـەوەی پێـی دەڵـێن بەرژەوەنـدی گشـتی. دیموکراسـی نوێنەرایـەتی هـەل بـۆ گروپـەکان دەرەخسـێنێ تـا راڤـەی بەرژەوەنـدی و بیروڕاکانیـان بکـەن، بـەڵام بڕیارەکان دەبێ بە شـێوەیەك بـن کـە نـەك تـەنیا رەنگدانـەوەی ئـەو بەرژەوەندیە تایبەتانە بێ.

لایـەنێکی دیکـەی بابەتەکـە ئەوەیـە، چـۆن بەرژەوەندیـەکان دیاریـدەکرێن، کـاتێ بۆچـونەکان لەسـەر بنـەمای سـۆزو هەسـت بـن، پێویستە دیاریکردنێکی ورد بـۆ بەرژەوەنـدی گشـتی بکـرێ، واتـە لـە دیموکراسـی لیبراڵیـدا گـروپ و کۆمەڵـە تایبەتـەکان هانـدەدرێن بـۆ پێشکەشکردنی روونکردنەوە لەسەر بەرژەوەندی و گرنگیدانـەکانیان، بەڵام هەرگیز نابێ ئەوان خاوەنی وەرگرتنـی بڕیـار بـن، بـەڵکو دەبـێ ئـەوە جـێ بهێڵـرێ بـۆ نوێنـەرە تـازە هەڵبـژێردراوەکان ئەوانـەی بەرپرسیارن لە بەرامبەر ئەو خەڵکانەی دەنگیان پێداون.

## دیموکراسی ئازادی دەپارێزی

هەمیشە مەترسی خراپ بەکارهێنان لە دەسە**ڵاتی** سیاسی دەکرێ، لە لایەن ئەوانەی کە بەرێوەی دەبەن. دیموکراسی باشترین و لە بـارترین سیستەمە بۆ بەرگریکردن لـە مافـە سروشـتی و ئازادیـەکانی خـەڵك و رێگە گرتن لە خراپ بەکارهێنانیان.

لـە وەڵامدانـەوە بـۆ داوەتەکـەی ئـەفلاتۆن، ئەرسـتۆ ئـەم پرسـیارەی ئاراسـتە کـرد، دەبـێ دەسـەڵات لـە رێگـای حیکمـەتی فەیلەسـوفە دەسەڵاتدارەکانەوە بێت. (کێ پاسـەوانی لـە پاسـەوانەکان دەکـات؟) چۆن دڵنیا دەبین کە دەسـەڵاتداران، دەسـەڵاتی خۆیـان بـەکارناهێنن

بۆ خزمەتی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانیان، لە جیاتی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی؟ بەهێزترین گەرەنتی دژ بەخراپ بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتە، ئەوەیە کە خەڵکی لە رێگای هەڵبژاردنەکانەوە دەسەڵاتیان هەیە بۆ وەلانانی دەسەڵاتداران.

وەلانان لە دەسەڵات بەهێزترین چاوسورکردنەوەیە دژ بە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، کەچی لەوانەیە خودی خەلك هەڕەشە بن بۆ سەر ئازادی. بیرمەندی فەرەنسی (ئەلکیس دی تۆکفێل) لەو بارەیەوە دەڵێ: گەورەترین مەترسیی دیموکراسی لە (دیکتاتۆریەتی زۆرینەوە) دێ.

دامەزرێنەرانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زۆر بە ئاگابوون لەو مەترسیانەی کە هەڕەشە لە ئازادی دەکەن لەلایەن هەموو ئەو کەسانەی دەسەڵاتدارن. ئەلکساندەر هاملتۆن، لە ساڵی ١٧٨٧ لە نامەکانی فیدراڵیدا نوسیویەتی: پیاوان عاشقی دەسەڵاتن. هەموو دەسەڵات بدە بە زۆرینە، کەمینە دەچەوسێنێتەوە، دەسەڵات بدە کەمینە زۆرینە دەچەوسێنێتەوە.

مێژوونووسی بەریتانی، لۆرد ئەکتۆن، گرفتی لە سیستەمە دیموکراسیەکاندا دیاریکردووە و دەڵێ: (زاڵترین نهێنی لە دیموکراسیدا دیکتاتۆری زۆرینەیە، یان ڕاستتر بڵێین حزبە، کە هەمیشە زۆرینە پێکناهێنێ و بەڵکو بە زۆری هێز یاخود ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکاندا سەردەکەوێ.) کەواتە دیموکراسی سنووردار، دیموکراسی لیبراڵییە کە کوت وبەند دەخاتە سەر دەسەڵاتی حکومەت هەتا ئەگەر بە رەزامەندی زۆرینە کاربکەن، لەو رووەوە پێویستە مافی تاك و کەمینەکان پارێزراو بێت.

# دیموكراسی گەشە بە بەرژەوەندیەكانی گەل دەدات

چۆن گـەرەنتی ئـەوە دەكـریٚ كـە بەرژەوەندیـەكانی گـەل گەشـەیان پێــدەدریٚ و خزمـــەت دەكــرێن ، نـــەك تـــەنیا بەرژەوەندیـــەكانی دەسەلاٌتداران؟ بەهۆی هەلٌبژاردنە خولیەكانەوە، سیاسیەكان دەزانـن ئەگــەر بێــت و بەرژەوەندیـەكانی گــەل پشــتگویٚ بخرێــت، ئــەوا لــە دەسەلاٌت دوور دەخرێنەوە.

جێرمـی بینسـام، كـە خـاوەنی بیرۆكـەی بەرژەوەنـدخوازی بـوو، كـە ئەمرۆ بوەتە بناغەی ئابووری نویٚ، بانگەشەی (خۆشـبەختی هەرچـی زیاتری بـۆ زۆرینـەی خـەلٌك) دەكـرد. ئـەو یـەكێك بـوو لـە لایـەنگرانی دیموكراسی، و لەوباوەرەدا بـوو كـە دیموكراسـی تـەنها هۆكارێكـە بـۆ خزمەتی بەرژەوەندیەكانی گەل.

دیموكراســی رەچـاوی بەرژەوەندیــەكانی گــەل دەكـات و گرنگییــان پێـدەدات، سـەرەڕای ئـەوەی نـاكریٚ و ئەسـتەمە بەرژەوەندیـەكانی گشت جێبەجیٚ بكرێن .هـەموو بەرژەوەندیـەكان لەبەرچـاو دەگیرێـن، چونكە هەر تاكێك بە شـیان و توانـا، خـاوەنی مـافی دەنگدانـە، و لـە ئەنجامــدا ئــەو دەســەلاٌتەی هەیــە بــۆ هێشــتنەوەو ســەركەوتنی كاندیدەكان بۆ پلە گشتیەكان.

هەروەكو چۆن خۆشبەختی خەلٌك ئامـانجی یەكـەمی حكومەتـە، واتـە رەزامەنــدی میللـــەت تـــەنها بناغەیەكـــە بـــۆی، لـــە رووی عـــەقل و رەییكردنی كاروبارەكان بە سروشتی، هـەروەك ئـەوەی جـۆن ئـادەمز یــەكیٚ لــە ســەرۆكە بەرایــەكانی ولاٌتــە یــەكگرتووەكانی ئــەمریكا گوتویەتی.

# بەشداری سیاسی راستەقینە

زۆرینەی هەرە زۆری خەڵكی ئەوەندە سیاسەتیان بەلاوە گرنگ نیە، لە ژیانیاندا شتی زۆر گرنگتر هەیە كە ئەنجامی بدەن: بژێوی ژیان، بەسەربردنی كات لەگەل خۆشەویستەكانیان، رابواردن و بەسەربردنی خوشیەكانی ژیان.

دیموكراسی داوا لە خەڵك ناكات كە پتر لە حەزو ئارەزووەكانیان گرنگی بە سیاسەت بدەن، كەمترین شت پرۆسەی دەنگدانە، دەنگدەران هاندەدرێن كە بەدواداچوون بكەن لەسەر گفتوگۆ سیاسیەكان، ئەوەش شتێكی سەپێنراو نیە بەسەریانەوە بەلاَم سەبارەت بەو كەمینەیەی كە گرنگی بە سیاسەت دەدا، لە نێوان گشت خەڵكی هەل و بواری زۆر بۆ بەشداربوون لە ئارادان.

دیموكراسی بواری بەشداربوون دەرەخسێنیٚ لە رێگای لێكۆڵینەوەو گفتوگۆ گشتیەكان و ئەنجامدانی پرۆسەی دەنگدان و كاندید كردن بۆ پلەوپایەكان. جۆن ستیوارت میل دەڵیٚ: بەشداری سیاسی كارێكی تا ئەو پەڕی باشە، چونكە گەشە بەو كەسانە دەدات كە بەشدار دەبن لە پێشكەوتنی فیكریدا.

ئەو كەسانە سیاسەت دەكەن كە كاتیان بە دەستەوەیە و هەروەها گرنگیدان و چالاكییان هەیە بۆ ئەنجامدانی. كێشەی دیموكراسی راستەوخۆ یا بەشدار، هەر هەمان ئەو كێشەیەیە كە ئۆسكار وایڵد باسی لێوە كردووە سەبارەت بە سوشیالیستی:ئەو بیرۆكەیە گەلێك ئێوارە خوانی دەوێت، لەگەل ئەوەشدا دەنگدەرانی ئاسایی دەتوانن سود لەو گفتوگۆیانە وەربگرن كە ئەنجامدەدرێن لە نێوان ئەوانەی كە

گرنگی بە سیاسەت دەدەن، کاتیٚ کە دەنگدەدەن.
تۆماس جێفرسۆن سەرۆکی ولاٌتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو خاوەنی راگەیینراوی سەربەخۆیی، پەسنی بەهای رۆشنبیرکردنی سیاسی بەم شێوەیە کردووە: من ئەمبارێکی تەواو دلٌنیا بۆ دەسەلاٌتە بالاٌکانی کومەلٌگا پتر لە خودی گەل شك نابەم، ئەگەر وابزانین کە ئەوان تا ئەو رادەیە رۆشن نین بۆ بەکارهینانی دەسەلاٌتیان بە لێهاتوییێکی پێویست، واتە چارەسەر لەوەدا نیە کە لێیان بسەنینەوە. بەلٌکو بۆ بەهێزکردنی حیکمەت و چاك بیرکردنەوەیانە بە فێربوون.

## عەقل نەك سۆز

گومانی گریکی دەربارەی دیموکراسی تا رادەیەك لەو ترسە بوو کە گشت جەماوەری نەخوێندەوار سەبارەت بە گروپەکانی دیکە، کەمترین لێهاتووییان هەبێت لە وەرگرتنی بریارەکاندا، سۆزو خەیال پلاٌوی و حەز و ویست وەك ئیرەیی و بەخیلی پتر خووی جەماوەرن، تاکو عەقل و گفتوگۆی ئامانجدارو هێمنانە.
دیموکراسی نوێنەرایەتی دانراوە بۆ ئەوەی بەر لە وەرگرتنی بریارەکان دلٌنیابین لە توێژینەوەی پێشهات و ئەنجامەکانی هەر بریارێك بە توێژینەوەیەکی تەواو. پێویستە لەسەر جەماوەر کە بە گرنگی لە کێشەکان بروانیٚ، و راو بۆچوونە جیاجیاکانیان لەسەر هەر کێشەیەك بخەنە روو، دەبیٚ کات و فێربوون و حیکمەت بەدەست نوێنەرانی هەلٌبژێردراوەوە هەبێت بۆ گفتوگۆ و توێژینەوەی یاسا و بڕیارەکان بە نوێنەرایەتی گەل.

بەهۆی ئەوەشەوە بە پێویست زانرا کە دیموکراسی نوێنەرایەتی بێ نەك راستەوخۆ، بۆیە بەرپرسی هەڵبژێردراو دەبێ نوێنەر بێ نەك بریکار و پەیوەست بێ بە راوبۆچوونی دەنگدەرەکانی. بیرمەندی بەریتانی ئیدمۆند بێرك لە وتارەکەیدا بۆ دەنگدەران لە شاری بریستل بەو شێوەیە رای خۆی دەربڕی: (نوێنەرتان قەرزاری ئێوەیە نەك تەنیا بە هەوڵ و تێکوشانی خۆی، بەڵکو بە حوکمەکەیشی، خیانەتتان بەرامبەر دەکات لە جیاتی خزمەت ئەگەر قوربانیدا بەوەی کە ئێوە رازی بکات).

پێویستە پەرلەمان وا هەڵسوکەوت نەکا کە کۆنگرێسێکە بۆ بالوێزەکان، کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندی جۆراوجۆر دەکەن، بەڵکو ((ئەنجومەنی گفتوگۆی نەتەوەیەکە کە یەك بەرژەوەندی هەیە ئەویش بەرژەوەندی هەموانە.)) نوێنەران لەوێن بۆ رەچاوکردنی بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگا یاخود هەموو نەتەوە، نەك تەنیا بەرژەوەندیەکانی ئەوانەی کە هەڵیانبژاردووە، یان ئەوانەی هەڵیانبژاردوون

## جێگیربوون و شەرعییەت

سیستەمە سیاسیەکان پێویستییان بە جێگیربوون هەیە، هەروەها توانایی لە وەرگرتنی بڕیارەکان بۆ ماوەیەکی درێژخایەن، باشترین هۆکار بۆ چەسپاندنی جێگیربوون شەرعییەتە، دەسەڵاتی وەرگرتنی بڕیارەکان یاخود ماف لە وەرگرتنی دەسەڵات.

دەوڵەت پێویستی بەوە هەیە کە دەسەڵاتەکەی لە لایەن خەلکەوە

پەسەندکرابێ هەتا ئەگەر بێتو جیاوازی لەگەڵدا هەبوو لەسەر بڕیاری لە بڕیارەکان و بەتایبەتی پەسەندی ئەوانەی لە دەرەوەی دەسەڵاتدان، و خەڵك پێویستی بەوە نیە کە هەموو بڕیارەکان پەسەند بکات، بەڵکو دەربارەی چونیەتی وەرگرتنی بڕیارەکان، واتە پرۆسە نەك ئەنجام.

## تایبەتمەندیەکانی دیموکراسی لیبرالی

دیموکراسی پتر لە تەنیا کەسێك یا دەنگێك دەگرێتەوە. بەڵکو پێویستی بە چەندین تایبەتمەندی دیاریکراو هەیە بۆ ئەوەی ببێتە دیموکراسییەکی کاریگەر. دەبێ هەموو کەسێك مافی دەنگدانی هەبێت، دەنگدانی گشتگیر، ئەگەر مەبەست رەچاو و گەرەنتی کردنی بەرژەوەندیەکانی هەموو مرۆڤەکان بێت ، ئەو کاتە پێویستە مافی دەنگدان بۆ هەر مروڤێك مەیسەر بکرێت، هەر بەدەرکردنێك دەبێ بە بیانووی بەهێزەوە باکانەی بۆ بکرێ، بۆ نموونە، منداڵان.
پێویستە هەڵبژاردنی ئازاد و روون و خولی ئەنجام بدرێن، و هەڵبژاردنەکان ئازاد بن، بۆ ئەوەی دەنگدەران بتوانن مافی دەنگدانیان بەبێ پالەپەستۆی ناڕەوا بەکاربێنن. لەبەر ئەو هۆیەشە کە پرۆسەی دەنگدان هەمیشە بەنهێنی بەرێوە دەچێ، هەروەها دەبێ بە شێوەیەکی ئاشکراش بێت بۆ ئەوەی بوار بە هەموو کەسێك بدرێت کە خۆی بپالێوێ و هەڵمەتی هەڵبژاردنی خۆی پێشکەش بکات بۆ دەنگدان.
هەروەها دەبێ بەشێوەی خولی بێت کە هەر (٣-٥) ساڵ جارێك بێت

بۆ رەخساندنی هاوسەنگی لە نێوان گەرەنتی وەلأمدانەوە و ئەوەندە درێژخایەن نەبێ پتر لەو رادەیەی کە دیاریکراوە لە نێوان هەڵبژاردنەکاندا، تا وەکو بوار بۆ ئەنجامەکانی کاری حکومەت برەخسێنرێ کە بۆ خەلك روون و ئاشکرابێ بەر لەوەی دەنگدەران جارێکی دیکە دەنگەکانیان بدەن و حوکمی خۆیان بدەن لەسەر جێبەجێکردنەکەی.

پێویستە دەرفەتی هەڵبژاردن لە نێوان پارتەکان هەبێت، و سەرەرای بانگەشەی هەندێ لە ولأتان، بە هیچ شێوەیەك نابێ دیموکراسی تاك حزبی هەبێ. ئەگەر ویستمان کە حزبەکان وەلأمگۆی حەزو ئارەزووەکانی گەل بن، و دوور بن لە ستەمکاری و زۆرداری، ئەوسا هەلی لادانی حزبە دەسەلأتدارەکان و گۆرینیان بە حزبی دیکە بە دەست دەنگدەرانەوە دەبێت، هەروەها هەڵبژاردن و دەست نیشانکردن لە نێوان حزبەکان هەست بە لاوازی هەندێ لە حزبەکان لای هاولأتی بکات بە شێوەیەکی دیارو بەرچاو گەرەنتی دەکات، بەر لەوەی کە دەنگدەران دەنگەکانیان بدەن، واتە رۆلێکی سەرەکی ئۆپۆزسیۆنی بونیاتنەر لە ئارادایە.

پێویستە ئازادی رادەربرین و کۆبوونەوە هەبن، پێویستە بوار بە هەموو کەسێك بدرێت کە بیروراکانی بەئازادی دەربرێ،کە چ لە بەرژەوەندی میللەتدایە؟ هەروەها دەبێ بوار بە هەموو کەسێك بدرێت تا تێکەڵ بە کەسانی دیکە ببێ لە پێناو بەرگریکردن لە بیرو راو بەرژەوەندیەکانی، بۆیە پێویستە ئازادی دەستەبەر بکرێ بۆ تێکەڵبوون و بەیەکەوە هەڵکردنی حزب و گروپە سیاسیەکان.

پێویسته مەرجی هاوسەنگ هەبن بۆ نەهێشتنی مەترسی و هەڕەشەی ستەمکاری زۆرینـە یـا کەمینـە، نـابێ بـە هـیچ شـێوەیەك دەسـەڵات بدرێتە دەست هیچ تاکێـك یـا دامودەزگایـەك. لـە سـایەی سیسـتەمی دیموکراسـی لیبراڵیـدا، کـۆت و بەربەسـتی بەرامبەریەکـدی هـەن، بـۆ قەدەغەکردنی بە سەنتراڵیبوونی دەسەڵات، بە تایبەتی لە دەسـەڵاتی جێبەجێکردنـدا، پێویسـتە دەسـەڵاتی جێبـەجێکردن بەرپرسـیار بـێ لەسەر کردەوەکانی لە بەرامبەر دەسەڵاتی یاساییدا.

ئەنجومەنـە یاسـاییەکان زۆرینـەیان لـەدوو ئەنجومـەن پێکـدێن، و بـە چەندین جۆر هەڵدەبژێردرێن، هەروەها دادگا دەبێ سەربەخۆو جیابێ لە دەسـەڵاتی جێبەجێکردنـدا، و دەبـێ حکومـەتی ناوچـەیی بـە هێـز هـەبن، دەبـێ دەسـتورێك هـەبێ کـە دامودەزگاکـان و کارراییـەکانی حکومـەت دیـاری بکـات، ئـەوەش لـە بەڵگەنامەیەکـدا دەبێـت، بـەڵام هـەموو سیسـتەمێك پشـت ئەسـتورە بـە تێکەڵەیـەك لـە سیسـتەمی نوسراو یان عورفی یان بەڵگەنامەکان.

پێویستە دەسەڵاتی یاسـا لـە ئـارادابێ نـەك دەسـەڵاتی تاکـەکان، بـۆ ئەوەی هەر مروڤێك ئـەو سیسـتەمە بناسـێ کـە حـوکمی لێـدەکات، و دیموکراسیەتەکانی لیبراڵی هەمیشە، خۆ بـە دوور دەگـرن لـەوەی کـە دەستورێکی دوور و درێژیان هەبێ کە نەرمییان تێدا نـەبێ، هـەروەها دەسـتورێك کـە وێنـای ئـەو سیاسـەتانە بکـات کـە سـەردەمیان بەسەرچووبێ.

# حكومەتی نوێنەرو بەرپرسیار

دیموکراسیە لیبراڵیەکان کامل نین، بە هۆی ئەوەی هەوڵی ئەنجامدانی هاوسەنگی دەکەن لە نێوان نوێنەرایەتی و بەرپرسیارێتیدا، و ئەگەر وەلأمگوی ئارەزوو و بەرژەوەندیەکانی دەنگدەران بێت، ئەو کاتەی کە گەرەنتی وەرگرتنی بڕیارەکانی باشی تێدا بکات، ئەنجامێکی باشی دەبێت بۆ ماوەیەکی درێژخایەن.

ئەوەی راستی بێ ئەو شێوە هاوسەنگییە مەحاڵە بە تەواوی بێتەدی، لەگەل ئەوەشدا هیچ سیستەمێکی سیاسی دیکە نیە بەشداری لەو دوو ئامانجەدا بکات، بەهای دیموکراسی هەوڵی بەردەوامە بۆ گەرەنتیکردنی بوونی حکومەتێك کە لە هەمان کاتدا نوێنەریش و بەرپرسیاریش بێ.

# یەکسانی

**هەموو مافی یەکسانییان هەیە، بەڵام نەك بۆ شتە یەکسانەکان**
**- ئیدمۆند بێرك –**

## یەکسانی چیە

یەکسانی ئەو پرەنسیپەیە کە دەڵێ دەبێ هەموان وەك یەك مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، سەرەڕای ئەوەی کە خەڵکی بە سروشتی خۆیان لە زۆربەی تایبەتمەندی و ژیری و توانا و شێوە و ئارەزووەکانیاندا یەکسان نین. کەس لەو باروەڕەدا نیە، کەوا هەر مرۆڤێ هاوشێوەی مرۆڤێکی دیکەیە، کەواتە بە چ واتایەك دەبێ بڵێین کە خەڵکی یەکسانن؟ مشتومڕ دەربارەی یەکسانی پەیوەستە بەوەی کە پەیڕەوکردنی یەکسانی لە نێوان خەڵکدا چ کاتێك شیاوە یاخود نەشیاوە؟

دەکرێ لانی کەم پێنج شێوە لە یەکسانی دیاری بکەین: یەکسانی ئەخلاقی، یاخود فەرمی، یەکسانی لە بەرامبەر یاسادا، یەکسانی سیاسی، یەکسانی لە دەرفەتدا و یەکسانی لە ئەنجامەکاندا. سێ شێوازی یەکەمیان پەسەندن ، یەکسانی لەئەنجامدا بە رادەیەکی زۆر ویستراو نیە، بەڵام نرخی یەکسانی لە دەرفەتدا دەوەستێتە سەر چۆنیەتی لێکدانەوەکەی.

بەدرێژایی زۆربەی قۆناغەکانی مێژووی جیهانی، یەکسانی وەکو بنەمایەکی ئەخلاقی ناتەواو بووە، یان بە شێوەیەك لێی دەڕوانرا کە

بابەتێکە ناچێتە عەقڵەوە و لەگەڵ واقیعدا وێك نایەتەوە. ئاسایی بوو، کە خەلکی لەروی پێگەیانەوە لەیەکتری جیابکرێنەوە، وەکو بوونی یاسایەکی تایبەت بەبارۆنەکان لەلایەك و یاسایەکی تری تایبەت بە جوتیارەکان لەلایەکی دیکەوە. ئەرستۆ لەبارەی یەکسانییەوە دەڵێت: نابێ جیاوازی بکرێ لە نێوان ئەوانەی کە یەکسانن لە هەموو ئەو ئەرکانەی کە پەیوەندییان هەیە بەو بابەتەی کەلە ژێر باسوخواسدایە، ئەوەش گوتەیەکە چەندین پرسیار دەوروژێنێ دەربارەی (چیە ئەو ئەرکە پەیوەنددارە).

تۆماس هوبز دەڵێ: هەموو لە هەلۆمەرجی ژینگەی سروشتی بەراییدا یەکسان بوون، بەڵام ئەوسا ژیان (دووره پەرێزی و خراپ وسەخت و کورت بوو). خەڵك ئامادەبوون کە واز لەو یەکسانییە بێنن لە بەرامبەر سیستەمێکی دەسەڵاتداری بەهێزدا، کە لیفیسان ناوینابوو (کیانی سەرپاگیری زەبەلاح). هەروەکو ئەوەی لە زۆر کات و سەردەمدا رویداوە.

لە مێژووی فەلسەفەی نوێدا، کرانەوەیەکی یەکلاکەرەوە لەسەر دەستی جۆن لۆك پەیدا بوو. لۆك پێیوابو لە ژینگەی سروشتیی بەراییدا، خەڵکی مافی یەکسانیان هەبوو، بەڵام لە ژێر سایەی دەسەڵاتی سیاسیدا پارێزگارییان لێکرد، ئەو مافانە پەیوەستبوون بەمافی ژیان و ئازادی و مولکدارێتیەوە کە مولکی هەموو خەڵکن. راگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمریکاش کە هەر لە چوارچێوەی ئەو مافە یەکسانانەدا هاتووە، دەیگوت: (هەموو بە یەکسانی هاتوینەتەبوون). تۆماس جیڤرسۆن داڕێژەری راگەیاندنەکە بوو، رەخنە و لۆمەی

ئاڕاستەی ئەو کەسانە دەکرد کە لەو باوەڕەدابوون مرۆڤەکان بەسروشتی خۆیان پۆلێنکراون لەشێوەی هەرەمێکدا و لەسەریان پێویست دەکات کە پێگە و شوێنی خۆیان بزانن لەناو کۆمەڵگادا. (مرۆڤەکان هەر لە لەدایك بونیانەوە باری ژیانیان لەسەرشان نەبووە، هەروەها کەمینەیەك بۆ ئەوە لەدایك نەبوون تاوەکو بە ئیرادەی خوا دەسڕۆیو بن بەسەریاندا و سواری ملیان بن).
سەدەی نۆزدەهەم، سەردەمی خەبات بوو بۆ هینانەکایەی چەمك و واتاکانی مافە یەکسانەکان، کە خۆی دەبینیەوە لە لەناوبردنی سیستەمی کۆیلایەتی، و داکۆکیکردن لە پرەنسیپی یەکسانی لەبەرامبەر یاسا، یەکسانی سیاسی، واتا گشت هاوڵاتیان مافی ئەوەیان هەیە کە مافی یەکسانییان بۆ مەیسەر بکرێ لە پرۆسەی دەنگدان و هەڵبژاردندا.
لەگەڵ ئەوەشدا ئافرەت تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لە زۆر لە وڵاتاندا مافی دەنگدانیان نەبوو، ئەمە و رەشپێستەکانیش لە باشووری ئەفریقا لەمافی سیاسی و یەکسانی و مافی مولکداری، لەسەردەمی رژێمی رەگەزپەرستی (ئاپارتاید)دا بێبەش کرابوون.
لە هەمان سەدەدا و لەگەڵ سەرکەوتنی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم ئەو مافی یەکسانییە بە شێوەیەکی گشتی پەیوست بوو بە یەکسانی ماددی یاخود (یەکسانی ئەنجامەکان). بنەمای یەکسانی لە دەرفەتدا چەندین دەستکەوتی لەو سەردەمەدا بەدەستهێنا، بەڵام زۆری نەخایاند کە گۆڕا بۆ بنەمایەکی دیکەی جیاواز کە بگونجێ لەگەڵ بنەمای (ئەنجامە یەکسانەکانن).

# یەکسانی ئەخلاقی

هـەموو مرۆڤێـك لـە رووی ئەخلاقییـەوە شـایانی بایـەخ و رێزلێنانـە، سەرەڕای ئەوەی مافی هەیە کە چۆن ژیانی بەسـەربەرێت، ئـەوەش لـە ئادەمیزاد بوونیەوەی سەرچاوە دەگرێ، بە پێی ئـەو بـاوەڕەی هەیـە کـە دەڵـێ: هەنـدێ شـتی دیـاریکراو هـەن، کـە هـەر مرۆڤێـك لەگـەڵ مرۆڤێکی دیکە بەشداری تێدا دەکات (بەتایبـەتی مافـە سروشـتیەکان یان مافەکانی مرۆڤ)، کە وایان لێدەکات جێگای رێزبن.
جیـاوازی ئـاینیی، یـان جێنـدەر یـا نەتـەوەیی، نابنـە بنەمایـەك بـۆ رێزنـەگرتنی مـرۆڤ، هـەر کەسـەو وەك مـرۆڤ مـافی خۆیـەتی ئـەو ژیانـە هەڵبژێری کە خۆی مەبەستیەتی، بە مەرجێك مافەکانی خەڵکی دیکـە پێشێل نەکات. بۆیە ئەو باوەڕە ناکۆك و دژ بە سیستەمی کۆیلایـەتی بوو، چونکە کۆیلە مافی ئەوەی نیە خۆی ژیانی خۆی هەڵبژێرێ.
ئـەمانوێل کانـت، فەیلەسـوفی ئـەڵمانی نـاودار، لەسـەر ئـەو گریمانەیـە سیستەمێکی دارِشت سـەبارەت بـەوەی کـە پەیوەنـدی بـە یەکسـانی فەرمییەوە هەیە و کە هەندێ جار ناودەبرێ بە پێداویستی پێداگیری، کە تیایدا هاتووە: (پێتخۆشە چـۆن خـەڵکی رەفتـارت لەگـەڵ بکـەن، ئاوا رەفتار لەگەڵ خەڵکدا بکە).
ئەوەیان بە سروشتی خۆی، بەو مانایە نیـە کـە هـەموو مرۆڤـەکان لـە رووی ئەخلاقییەوە وەکو یـەك وان لـە رەفتاریانـدا. روون و ئاشـکرایە کە هەندێ کەس بە شێوەیەکی باشتر لە کەسـانی دیکـە هەڵسـوکەوت دەکەن، هەندێکیش تاوان ئەنجام دەدەن، سـەرەڕای ئـەوەش ژیـان و بوونیان نرخی خۆی هەر هەیە.

بە داخەوە هاودەنگییەك دەربارەی ڕاڤەکردنێکی دروست کە بە کاری بێـنین بـۆ ئـەو مانایـەی یەکسـانی لـە ئـارادا نیـە، چـونکە چـەندین ڕاڤەکردنی جیاواز هەن بۆ یەکسانی وەك یەکسانی فـەرمی، یەکسـانی ئەخلاقی، یەکسـانی لـە پلەوپایـە، یەکسـانی لـە ڕێزگرتنـدا، کـە هـیچ کامیان لەم وەسفانە ڕاڤەکردنێکی دروست نادا لەسەر ئەو بنەمایە.

## یەکسانی لە بەرامبەر یاسا

دەکرێـت بڵـێین ئـەنجامی سیاسـی هـەرە گـرنگ لـە پەسـەندکردنی یەکسانی ئەخلاقیدا لە پرەنسیپی یەکسانی یاسایی، یاخود یەکسـانی لە بەرامبەر یاسادا بەرجەستە دەبێت. بە پێی ئەو بنەمایە، پێویسـتە یاسا بـەبێ جیاکـاری هەڵسـوکەوت لەگـەڵ خەڵکیـدا بکـات، جیـا لـەو تایبەتمەندییانەی کـە پەیوەسـت نـین بـە بابەتەکـەوە، وەك نەتـەوە، ئەتنی، سامان، چین و توێژ، ئایین یان ڕەگەز.
لەبەر ئەو هۆیەشە کە دادپەروەری (کۆرەیە) بۆ هەموو ئیعتبارەکـان، جگە لەجەوهەری بابەتەکە. بەو شێوەیە یەکسانی یاسایی پەیوەسـت بوونێکی بە هێزی هەیە لەگەڵ بنەمای سەروەری یاسادا.
یەکسـانی لـە بەرامبـەر یاسـا، بنچـینەی خواسـتە سـەرەتاییەکانی بزووتنـەوەی مافـەکانی ئافرەتـان بـووە، کـە دەڵێـت: ئـافرەت مـافی یاسایی یەکسانی هەیە لەگەڵ پیاودا، وەك مافی خاوەنـدارییێتی و مـافی دەنگدان. سیسرۆ وتاربێژی ڕۆمانی ناودار، جیاکاری ئەخلاقی دەبینی لـە نێـوان شـێوەکانی یەکسـانیدا و دەیـوت: (سـەرەڕای ئـەوەی کـە یەکسانی لە ساماندا شتێکی ویستراو نیە، هەموو کەسـێکیش ناتوانـێ

که بەهرەی یەکسانی هەبێت، بەڵام پێویستە بەلای کەمەوە مافە یاساییەکان لە نێوان هاوڵاتیان یەکسانبن).
لە جاڕنامەی فەرەنسی مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی ١٧٨٩دا هاتووە: (دەبێ یاسا بۆ هەموو کەسێك بێت و هەمووانیش یەکسان بن لە بەرامبەریدا، پلە و پۆست و پاداشتەکانیش بۆ هەموان والابن بەبێ جیاوازی، جگە لە جیاوازی لە بەهرە و تواناو لێهاتوویان).

## یەکسانی سیاسی

خودی یەکسانی ئەخلاقیش سەرچاوەی یەکسانی سیاسییە، بەو واتایەی کە هەر کەسێك مافی دەنگدانی هەیە، ئەگەر هۆیەکی رەوای گونجاو لە ئارادا نەبێ کە رێگای پێنەدا ئەو مافە جێبەجێ بکات، لەبەر ئەوەی بەرژەوەندیەکانی خەڵك دەبێت رەچاوبکرێن لە وەرگرتنی بڕیارە گشتییەکان، بۆیە پێویستە هەموو کەسێك مافی دەنگدانی هەبێت. بۆ دڵنیابوون لەوەی بەرژەوەندییە تایبەتیەکانیان رەچاوکراون لەلایەن ئەو کەسایەتیە سیاسیانەی کە هەڵبژێردراون.
دەکرێت منداڵ و شێت، هەروەها ئەو تاوانبارانەی کە تۆمەتیان خراوەتە پاڵ لە مافی دەنگدان هەلاوێردرێن ، کە لە توانایاندا نیە بەرژەوەندییەکانیان دەستنیشان بکەن یان ئەوەتا ئەو مافەیان لەدەست داوە لە ئەنجامی سەرنەکەوتنیان لە پابەندبوون بە یاساکان. بۆیە گریمانەیەك لە مافی سیاسی یەکسان لە ئارادایە، کە نابێ پێشێلبکرێن.

# یەکسانی لە دەرفەتدا

یەکسانی لە دەرفەتدا، لەسەر ئەو بیرۆکەیە دانراوە، هەموو کەسێك، لە روانگەی خویەوە، بۆ سەرکەوتن لە ژیاندا دەبێ دەرفەتی بۆ برەخسێنرێ، ئەوەش زۆر جار بە بەکارهێنانی دەربڕینە وەرزشیەکان گوزارشتیان لێ دەکرێت، وەکو (دەستپێکی یەکسانی لە ژیاندا) یان (یاریگایەك کە بە یەکسانی یاری تێدا ئەنجام بدرێت).

پێویستە سەرەتایەکی یەکسانی لە رکابەریی ژیاندا هەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەنجامێکی نایەکسان. لەو رووەوە مارگرێت تاتچەر گوتەیەکی هەیە کە دەڵێت: (مافی یەکسان نەبوون "لە ئەنجامدا").

مەبەست و ئامانج ئەوەیە، دەبی کاروانی ژیان بۆ بەهرەداران کراوە بێت، پلە و پایەش بەپێی شیان و تواناکان بێت، نەك بە هۆی ئینتیمای خێزانی، یان رەگەزی یا پەیوەندییە سیاسیەکان. ئاوەها کۆمەڵگایەك، دەبێتە کۆمەڵگای خاوەن تواناکان، یاخود دەسەڵات بەڕێوەبردن لەلایەن ئەوانەی کە توانا و بەهرەیان هەیە و ئەوانەی لە رێگای شیانەکانیانەوە گەیشتوونەتە پلە و پایەی بەرپرسێتی.

پێناسەی شیان بەو شێوەیە کراوە، واتە (توانا + کۆشش) ئەوەش بە توندی گرێدراوە بە بیری فێربوون بۆ هەمووان، واتە بوار بە هەموو کەسێك بدرێت بۆ ئەوەی گشت تواناکانی پێشبخات. یەکسانی دەرفەت، واتە نەهێشتنی کۆسپ و تەگەرە نادادپەروەرەکان لەبەردەم داهێناندا، ئەمە و پێگەی کۆمەڵایەتی دەبێ پشت بە توانا و کۆششی تاك ببەستێ.

لایەنگران و بەرهەڵستکارانی حوکمی شیان و لێهاتوویی، دان بەوەدا

دەنێن کە ئەنجامەکان جیاوازی بنەڕەتی و یا (نا یەکسانی) لە ئەنجامەکاندا پەیدا دەکەن، ئەم روانگەیە لەسەر بیری ئازادییە یەکسانەکان وەستاوە. بەلام لەوانەیە باشتر بێت کە ئەوە بە پرەنسیپی نرخاندنی گرنگی دەرفەت وەسف بکرێت. لە رووی پراکتیکەوە لەوانەیە بە هیچ شێوەیەك نەتوانرێ کە یەکسانی لە دەرفەتدا بهێنرێتەدی، ئەوەش بۆی هەیە شتێك یاخود کارێکی خوازراو نەبێت.

یەکێ لە گەورەترین سەرچاوەکانی نایەکسانی لە (دەرفەتدا) لەناو خێزاندایە، چونکە جیاوازی هەن لە نێوان دایکان و باوکانی میهرەبان، ئەوانەی کە گرنگییەکی زێدە مەزن دەدەنە چاودێری منداڵەکانیان، هەروەها ئەو دایکان و باوکانەی کە زیاتر گرنگی بە حەز و خواستەکانی خۆیان دەدەن. هەرگیز گەرەنتی ئەوە ناکرێت کە هەموو سەروەگرانی خێزان خۆشەویست و میهرەبان بن.

بۆیە جێبەجێکردنی وردی بنەمای یەکسانی لە دەرفەتدا، دەخوازێ کە هەموو منداڵان لە خێزانەکانیان وەربگیرێن و بەیەکەوە بە هاوبەشی پەروەردە بکرێن، ئەوەش شتێکی شیاو و پەسند نیە بۆ هەرکەسێ کە باوەڕی بە بەهای خێزان هەبێت. کەواتە پابەندبوونی تەواو بە نەهێشتنی هەر جیاوازییەك لە دەرفەتدا، کۆمەڵگایێکی شمولی پێویستە، کە تیایدا دەوڵەت دەسەلاتی بەسەر هەموو بوارەکانی ژیانەوە هەبێت، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هیچ کەس بە شێوەیەکی نابەرامبەر ئیمتیازێکی وەرنەگرتووە.

# یەکسانی لە ئەنجامەکاندا

ئەم جۆرەیان لەهەمو جۆرەکانی تری یەکسانی پتر بەکاردەهێنرێت، کە بە (ئیجالیتاری) ناودەبرێ، کە تیایدا پۆستەکان یەکسان بێت لە نێوان هەمووواندا. جیا لە گرنگی دان بەو هەلومەرجانەی کە تیایدا بەشداربوون لە کۆمەڵگادا ئەنجام دەدرێت، ئەو بیرۆکەیە لە کۆتایی کێبڕکێدا لەسەر ئەنجامەکان دەوەستێتەوە، و پێشڤەچوون لەو دەرفەتانەی کە بۆ پاداشتەکان رەخسێنراون.

گشت وەرزشوانان بەیەکەوە و لە هەمان کاتدا کۆتایی بەکێبڕکێیەکە دێنن، یاخود هەمان پادداشت وەردەگرن، ئینجا چ لە سەرەتا یاخود لە دواوەی کێبڕکێیەکەدا بووبن. یەکسانی لە ئەنجامەکاندا گرنگی بە یەکسانی ماددی دەدات، یا یەکسانی لە هەلومەرجی ژیاری. ئەمەش پێویستی بە پێدانەوەی جارێکی دیکەی دابەشکردنەوە هەیە لە باشترین حاڵەت بۆ نالەبارترین حاڵەت، ئامانجیش وەلانان یان نەهێشتنی جیاوازییە.

لایەنگیرانی یەکسانی دەربارەی ئەوەی کە ئایا لە یەکسانیدا، داهات یا بەرهەمیان مەبەستە زۆر جار تەم و مژی دەنێنەوە. بەڵام هەتا ئەگەر بێت و دوو کەس هەمان داهاتیان وەرگرت ئەوا نایەکسانی لە ئەنجامدا بە خێرایی لێدەکەوێتەوە، کاتێک یەکێکیان بەشێك لە داهاتەکەی پاشەکەوت دەکات، یان دەیخاتە سەر هەندێ وەبەرهێنانی درێژ خایەن، بەڵام ئەوەی دیکەیان هەموو پارەکەی دەدات بە هەندێ کەلو پەل کە قازانجەکەیان کاتییە، وەك جگەرەکێشان، هیچ پاشەکەوت ناکات، ئەوەش کاتێکی زۆر ناخایەنێ، ئەوەی یەکەمیان دەبێتە خاوەن سامانێکی زۆر، سەرەڕای

ئەوەی کە هەردووکیان هەمان داهاتییان وەرگرتووە. بە هاوکۆکی لەگەڵ زۆربەی لایەنگیرانی یەکسانی ئەخلاقی، پێویستە یەکسانی ئەنجام وەك ئامانجێکی ویستراو رەتبکرێتەوە.
**یەکەم**: لەبەر ئەوەی پێچەوانەی سروشتە، چونکە هەڵومەرجی سروشتی پیاوان ئەوەیە کە خاوەندارێتی ماددی یەکسانیان نیە، بۆ گۆڕینی ئەوەش پێویستە رێوشوێنی توند و ناسروشتی بەکاربهێنرێ، ئەگەر بوار بە شیانی تاکەکان درا، ئەوا لە داهات و بەرهەم و ئاستی ژیانیان ئەنجامی جیاواز بەدەست دێنن.
**دووەم**: ئەوەیان لەسەر رەتکردنەوەیەکی هەمەلایەنەی ئازادی تاکدا دەوەستێتەوە و دەسەلاتی دەوڵەت دەست لە ژیانی خەڵکی وەردەدات.
**سێیەم**: دەبێتە هۆی کەموکورتی لە دەستکەوتەکاندا، بە هۆی کەموکورتی پاڵنەرەکان بۆ کار و بەرهەم، بۆچی کار دەکەیت ئەگەر دەزانی هەر هەمان ئەو قازانجانە وەردەگری، بەبێ ئەوەی هەوڵ و کۆششەکان لەبەرچاو بگیردرێت؟
**چوارەم**: شتێکی نادادپەروەرانەیە، چونکە خەڵك زیاتر لەبەرهەمی رەنج و کۆششیان وەدەست دەهێنن.
**پێنجەم**: بەرهەم دەبی بەدی بهێنرێت، لایەنگرانی یەکسانبوون پتر لە بابەتی دووبارە دابەشکردنەوەی ساماندا قووڵ بونەتەوە و زۆر بەدەگمەن بایەخ بە پەیوەندی نێوان بەرهەم و دابەشکردن دەدەن. ئەگەر کەسێك بەرهەمێکی بەدەست هێنا و بەبێ رەزامەندی ئەو بەشێك لە بەرهەمەکەی درا بە کەسانی دیکە، ئەوا ئەویش ئاستی بەرهەمهێناکەی کەمدەکاتەوە، ئەنجامەکەشی زەرەر و زیانە لە بەرهەمدا کە هەموو کۆمەڵگا دەگرێتەوە. بەهەڵەدا چووین ئەگەر وا

بیربکەینەوە کە دەکرێ لـە دابەشـکردندا گـۆڕان بکـرێ بـەبێ ئـەوەی کاربکاتە سەر بەرهەمهێنان  لە ئەنجامدا،
**شەشەم**: کێیە ئەو کەسەی کە یەکسانەکان یەکسان دەکـات؟ یـەکێك یاخود لایەنێك دەبێ ئەو دەسەڵاتەی هەبێت، تاکو بڕیار بدات کە کـێ چی وەردەگرێ. ئەندامانی ئەو دەستە بـژێرەی کـە خـاوەنی بڕیـارن، دەسەڵاتێکی زۆر بەرفراوانتریان دەبێت لە هەر گروپ و لایەنێکی دیکە و ئـەو دەسـەڵاتەش بـۆ بەرژەوەندییـەکانیان بـەکاردەهێنن. لەگـەڵ ئەوەی کە داهاتی ئەندامەکانی لیژنە کۆمۆنیستەکان زۆر جار یەکسان بـووە لەگـەڵ داهـاتی کەسـانی دیکـە، کەچـی ئـەوان توانییـان کـە دەسەڵاتی سیاسی خۆیان بۆ باشترکردنی ژیانیان بەکاربهێنن. کەواتە بـۆ هێنانـەدی یەکسـانی لـە ئەنجامەکانـدا، نـەبوونی یەکسـانییەکی بەرفراوانی لە دەسەڵاتی سیاسیدا گەرەکە.

## لەگەڵ یەکبوون و دژ بە یەکسانی

سیسـتەمی سیاسـی دادپـەروەر ڕێزێکـی زۆر دەدا بـە: یەکسـانی بەرامبەر یاسـا، پەرەپێـدانی سیسـتەمێکی یاسـایی کـە بـە یەکسـانی هەڵسـوکەوت لەگـەڵ ئـەو کەسـانەدا بکـات کـە دێنـە بـەردەمی، مـافی سیاسـی یەکسـان، کـە خـەڵکی هـەموو مـافی دەنگـدانیان هـەبێت، هەروەها مافی رادەربڕین بـە شـێوەیەکی ئـازاد و هـەڵی یەکسـان، بـەو مانایەی کە ئاسۆی کار و پێشکەوتن کراوە بێت بۆ ئەو کەسـانەی کـە خاوەن بـەهرەن. بـەڵام کۆمەڵگایـەکی ئـازاد و دادپـەروەر، لایـەنگری پۆزەتیڤ و دابەشکردنەوەی بەرهەم و یەکسانی رەها رەتدەکاتەوە.

# کــاری ئــازاد

**ئەگەر لە کاروباری ئابوریمان کەوتینە ژێر کۆنترۆڵەوە واتە لەهەموو شتێکی تردا لەژێرکۆنترۆڵداین.**

**- فریدریك هایك -**

## کاری ئازاد چیە؟

کاری ئازاد ئەو سیستەمە ئابووریەیە کە لە سەر بنـەمای گۆڕینـەوەی خۆبەخشـی کـەل و پـەل و خزمەتگوزرایـەکان وەسـتاوە، کـە تیایـدا خەڵکی بڕیـار لـە سـەر کاروبـارە ئابووریـە تایبـەکانیان دەدەن، وەك ئەوەی لـە کـوێ کـار بکـەن، یـا وەبـەرهێنان بکـەن، چـۆن بەرهـەمی کوشــش و تواناکانیــان خــەرج و پاشــەکەوت بکــەن، و لەگــەل کــێ بازرگانی بکەن.

خــەڵکی ئــازادن لــە وەرگرتنــی ئــەو بڕیارانــە کــە کۆمــەڵگای کــارە ئازادەکاندا چونکە چوارچێوەیەکی یاسایی هەیە کە بوار بە هاوڵاتیان دەدا لە موڵکدارێتیدا و هەروەها ئاڵوگۆری هەرچیەکی هەیانـە لەگـەل یەکتریدا و بکەونە ناو گرێبەستی یاسایی.

ئەو حوکمە کە پشت ئەستوورە بە یاسـا، بـوار بـە تاکـەکان دەدا کـە هاوکـاری یـەکتری بکـەن لـە پێنـاو بەرژەوەندیـە هاوبەشـەکانیان لـە رێگای دامەزراندنی کۆمەڵـەی یاسـایی بـۆ بـەرێوەبردنی کارەکانیـان، لەوانەش کۆمپانیاو دامودەزگا خێرخـوازی و خۆبەخشـەیەکان. ئەمـەو حکومەت لە پاراستنی سامان وسەرمایەی خەڵك و جێبەجێکردنی ئەو گرێبەسـتانەی کـە ئەنجامـدەدرێن رۆڵ دەبینــی، بــە شــێوەیەك کــە خەڵکی بتوانن بە دڵنیاییەوە بازرگانی لەگەل یەکتریدا ئەنجامبدەن.

له كۆمەڵگای كارە ئازادەكاندا رۆڵی حكومەت بە تەواوی سنووردارە. بەربەستە ئابووریەكان لە بەردەم كارە ئازادەكاندا، وەك باج و سیستەمەكان و خەرجیەكانی حكومەت لە نزمترین ئاستدایە. بازرگانی و پرۆسەی ئاڵوگۆری، هەر لە سەرەتاوە بەشێكی ئۆرگانی بوون لە هەر شارستانیەتێكدا، و دانپێدانانی سنووردار بە بەهای ئەو چالاكیانەدا، توخمێكی بنەرەتی بوو لە چۆنیەتی گەشەسەندنی بەرهەم لە لایەن خەڵكی رۆژئاواوە.

لەو ناوچانەی كە دەسەڵاتی كەنیسەو دەوڵەت تێیدا كزو لاواز بوو، و بوونی هێزی دژبەیەك و ناكۆك لەسەر دەسەڵات، تارادەیەك بواری ئازادی ئابووری رەخساندبوو ئەوەش لە لای خۆیەوە زەمینەی خۆشكرد بۆ پێشكەوتنی خەڵك لە لایەك و زۆر بوونی ژمارەیان لە لایەكی دیكەوە.

له شارەكانی ئیتاڵیای سەردەمی چاخی رێنیسانس و لە كۆماری هۆڵەندای سەدەی هەڤدەهەم، لە سەرووی هەموانیش لە بەریتانیا و كۆڵونیەكانی ئەمریكا، ئازادی ئابووری ئەم نەتەوانەی كردە سەنتەری بازرگانی. تا لەچارەكی كۆتایی سەدەی هەژدە زانای ئابووریناسی سكۆتلەندی ئادەم سمێس بیرۆكەیەكی گشتگیری داهێنا دەربارەی چۆنیەتی كاری سیستەمی ئابوورییە ئازادەكان.

له كتێبێكدا لە ژێر ناونیشانی (**بەرهەمی نەتەوەكان**) ئادەم سمێس هەوڵی راڤەكردنی ئەو خۆشگوزەرانیەی دا كە لە بەریتانیا نەشونمایكردبوو لە سەردەمی بە دیاركەوتنی ئاسۆی پاشایەتی دەستووری لە ساڵی ١٦٨٨، كتێبەكە ساڵی ١٧٧٦ بە چاپ گەیشت كە هەمان ساڵی بەرپابوونی شەڕی سەربەخۆیی ئەمریكایە، بۆیە كاریگەریەكی زۆری لە دامەزرێنەرانی ولاتە یەكگرتووەكان كرد، كە

ئادەم سمێس دانی نا  بەشۆڕشەکەی.
بیرۆکـەی ئابووریـەك کـە تـا رادەیـەکی زۆر و بـەبیٚ دەسـتێوەردانی حکومەت خۆی بەرێوە دەبات، لەگـەڵ تێپـەربوونی کاتـدا گـۆڕانی لـە هزری ئابووری رۆژئاوادا بە ئەنجام گەیاند. بیرۆکە نوێیەکـەی سمـێس تەحـەدای ئـەو شـێوازە ئابووریـە بـاوەی سـەردەمەکەی کـرد کـە سیسـتەمێکی وەسـتاو بـوو، لەسـەر بنـەمای پـارێزراوی، بـەپێی ئـەو سیستەمە پاشاکان و وەزیرەکان بە شـێوەیەکی راسـتەوخۆ کـۆنترۆڵی بەرێوەبردنی ئابوورییان کردبوو.
سیسـتەمی ئـابووری کـۆن لەسـەر بنـەمای بیرۆکەیـەك دانرابـوو، کـە سەرچـاوەی بەرهـەمی نەتـەوەکان بریتـی بـوو لـەو پاشـەکەوتەی کـە پێکدیٚ لە زێر و زیو و کانزا بەنرخەکان.
ئەوسا لەو باوەرەدابوون کە باشترین ئامراز بۆ بـەرێوەبردنی ئـابووری پێدانی ئیمتیازە بە کۆمپانیا زەبەلاح و دامودەزگاکان و چەندین بڕیار دەرکران بۆ راگرتنی کریٚ و هێشتنەوەی نرخەکان بە بـەرزی، ئەمـە و بــاجێکی زۆر ســەپێنرابوو لــە پێنــاو خــەرجکردنی ســەرەرۆیە ســەربازیەکان لەلایـەن حکومەتەکانـەوە بـۆ بـەتالانبردنی بەرهـەمی نەتەوەکانی دیکە و بەکۆیلەکردنی گەلەکانیان.
 ئادەم سمێس هەموو ئەو بیروبۆچوون و تێروانینانەی قلـّپ کـردەوە، بەوەی گەشەسەندنی نەتەوەکان لە دابەشکردنی ئەوکارەوە دێـت کـە بوار بە خەڵك دەدات تایبەتمەندێتی بکەن لـە پێشکەشـکردنی ئـەوەی کە بەکارهێن (مستهلك) حەزدەکات بەدەسـتی بهێنـیٚ. دراو، هـەروەك دەیگوت تەنیا ئەوەندە بەهای هەیـە کـە چـی پێـدەکردرێت، کێبرکـیٚ هێزی کڕین پتر دەکات و لەئەنجامدا خۆشگوزەرانی دەئافرێنیٚ.

# ئابووری ئازاد کرێی کرێکاران بەرز دەکاتەوە

ئـەو هـزر و رامانانـەی کـە ئـادەم سمێسـیان هانـدا کـە داوای ئـازادی بازرگـانی، و حکومـەتی سـنووردار، و بـازاری کـراوە بکـات، تـا رۆژی ئەمرۆمان ئاستی بژێوی کرێکاران بەرز دەکاتەوە. ئەو نەتەوانـەی کـە بەپیر ئەو بیر و باوەڕانەوە چوون یاخود گەیشـتنە ئـەو بـاوەڕە، ئـەو وڵاتانـەی پــەیڕەو لەوبنەمایانــە دەکــەن وەك وڵاتــە یــەکگرتووەکانی ئـەمریکا، کرێـی کرێکـاران تیایـدا بەرزبۆتـەوە بـۆ بـەرزترین ئاسـت لەجیهانـدا. پێچـەوانەی ئـەوە، ئـەو وڵاتانـەی کـە بـەپێی پلانـدانانی حکومەت بەڕێوەدەچن، ئەوانـەن کـە شکسـتیان هێنـا لـە بنبڕکردنـی هەژاری و برسێتی لەنێو دانیشتوانەکەیاندا.

لــە سیســتەمی ئــازاددا کرێــی کرێکــار بــەرز دەبێتــەوە لــە ڕێگــای بــەهێزکردنی حــەز و ویســتی خــەڵکی و توانینیــان لــە بەرهــەمهێنانی ئــەوەی کــە خــەڵکانی دیکــە پێویســتیان پێیــەتی، ئــەوە هۆکــاری سەرەکیە کە شرۆڤەی ئەوەمان بۆ دەکات بۆچـی هـاوڵاتی پێویسـتی بەکاتژمێری کـاری کـەمتر هەیـە، بـۆ بـە دەسـتهێنانی برێـك پـارە بـۆ مەبەستی کڕینی تەلەفزیۆنێك یا ئۆتۆمبێلێك، یا ئامێرێکی کۆمپیوتـەر لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئـەمریکا، لێـرەدا گـرنگ بەرهەمهێنانـە، نـەك کاری قورس.

لەکاتێکـدا خـەلکی لـە وڵاتـانی هـەژاردا چـەندین کاتـژمێر کاردەکـەن کەچی توانای ئەوەیان نیە پێویستیەکانی بەکاربەر بخەنـە بـازارەوە، هەروەها ئەو قازانجەی کە لە بەرامبەردا وەریدەگرن زۆر کەمە بەهۆی دەسـتێوەردانی حکومـەت. سیسـتەمی ئـازاد کرێـی راسـتەقینە بـەرز دەکاتــەوە چــونکە هانــدەری بــەهێز پێکــدێنیێ بۆخزمــەتی ئــەو بەکاربەرانەی کە بە ئاسانی دەتوانن ئەوەی کە مەبەستیانە دەرببڕن.

## سیستەمی ئازاد بەکاربەرەکان رازی دەکات

لە چوارچێوەی ئابووری سیستەمی ئازاددا، بە هۆی باشی سیستەمی نرخەکان، خەڵکی توانای خزمەتکردنی بەکاربەرەکانیان هەیە. ئەو تۆرە مەزنە لە نرخە بەرزو نزمەکان، بەکرێکاران و وەبەرهێنەران دەڵێن لە کوێ داخوازیەکانی بەکاربەر بەرز دەبێتەوەو لە کوێ دادەبەزێ، داخوازی بەرزی بەکاربەر لەسەر کەلوپەلێکی دیاریکراو کێرڤی نرخەکان بەرزدەکاتەوە، کە سوودو قازانجی وەبەرهێنەر لەوێدا پتر دەکات.

ئەو سوودو قازانجە زۆرە، وەبەرهێنانی پتر رادەکێشێ و دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی کرێی کرێکارەکان لەوبوارەدا بۆ راکێشانی کرێکاری پتر لەو بوارەی بەرهەمدا. بەو شێوەیە کۆمەڵگا ئاستی بەرهەمهێنان، لە داخوازی بەکاربەر پترتر دەکات، لەوکاتەشدا بەرهەم لە خواست پترتر دەبێت، هەروەها نرخی بەرهەمێك یان خزمەتگوزاریەکی دیاریکراو بەرزدەبێتەوە، ئەوسا ئەو نرخەی بەکاربەر لەمەودای دووردا دەیدات دادەبەزێت.

ئەو هاندەرانەی لە سیستەمی ئازاددا هەن گەرەنتی ئەو دەکەن کە دەرامەتەکانی کۆمەڵگا دەچێتە ئەو شوێنەی کە بەکاربەرەکان دەیانەوێ و دوور لەو بوارانەی بەرهەمهێنان کە داخوازییان لەسەر کەمە. لە سیستەمێکی بەو شێوەیەدا، بەکاربەر خۆی بڕیاردەرە، ئەو دەرامەتانە چۆن خەرج یان پاشەکەوت بکرێن و بۆ کۆێ بچن. لە لایەن خۆشیەوە داهات پتر لەو ئاستە بەرز دەبێتەوە کە تاك ئەو کەلوپەل و خزمەتگوزاریانەی کە کۆمەڵگا داوای دەکات پێشکەش بکات.

# سیستەمی ئازاد خەرجیەکانی بژێوی کەمدەکاتەوە و کەلوپەلی نوێ دادەهێنێ

سیســـتەمی ئـــازاد، پرۆســـەیەکی دۆزینەوەیـــە بـــوار بـــۆ خـــەلکی دەرەخسێنێ بۆ دۆزینەوەی حەزو خواستەکانی سـەوداکاران، ئـازادی کرین و فرۆشتن بوار دەدا کە کەلوپەل و خزمەتگوزاریـەکان بێنـە نـاو بازارەوە، و بوار بـە خـەلك بـدرێ کـە ئـەو بەرهەمانـە بکڕن یـان نـا. سیستەمی ئازاد بوار بەو بزنسمانانە دەدا کە لە هەوڵی هێنانی هزری، یا کەل و پەلی نوێ یاخود چاکردنی جۆری ئەو کەلوپەلانە دان.
میکانیزمی بازار ئامـاژە بـەکرێکاران و وەبەرهێنـەران دەدا، ئایـا ئـەو بەرهەمە نوێیانە ویستراون یان نا. سەرەتا کەلوپەلە نوێیـەکانی وەك، ریکـۆردەری ڤیدیۆکاسـێت، یـان فرنـەکانی میکروویـف، یـا مۆباییـل، نرخـەکانیان بـەرزەو تـەنیا بـۆ دەوڵەمەنـدەکان دەبێـت، بـەلام گـەر تاقیکرانەوە یا لەسەریان دروسـتکرایەوەو بـە رێژەیـەکی زۆر کەوتنـە بازارەوە نرخەکان دادەبەزێ.
بـــەو شـــێوەیە کەلوپـــەلی خۆشـــگوزەرانی دەوڵەمەنـــدەکان دەبنـــە پێویستی بۆ خەلکانێکی زۆر. کۆمەڵگای ئابووری ئازاد بـە رێژەیـەکی زۆر کەلوپـــەل و خزمەتگوزاریـــەکان بەرهـــەم دێنـــێ، بـــەو شـــێوەیەش نرخـــەکان دادەبـــەزێ بەبـــەراورد بـــە داهـــاتی خـــەلکی، لـــە ئەنجامـــدا کەمکردنەوەی خەرجیەکانی بژێوی بەدوادا دێت.

## سیستەمی ئازاد ئاستی بەرهەم هێنان بەرز دەکاتەوە

ئەو هاندەرانەی کە لە سیستەمی بازاری ئازاد دا هەن، دەبنە هۆی پترکردنی بەرهەم، بە هۆی سود وەرگرتن لە ویست و ئارەزووەکانی خەلك بۆ خزمەتگەیاندن بە کەسانی دیکە، خزمەتێکی باشتر لەهەر سیستەمێکی ئابووری دیکە کە مرۆڤ دایهێنابێ. چونکە خەلکی ئازادن لە پاراستنی ئەو دەستکەوتانەی کە لە ئەنجامی ماندوبوونیانەوە بەدەستیان هێناوە، و لە بە پەسەند وەرگرتنی جەربەزەیی لە سیستەمی ئازاد دا.

کەواتە ئەو دەستکەوتانەی کە بەهۆی خزمەتی بەکاربەرەوە دێن، بەرزترن لەوەی کە لە هەر سیستەمێکی دیکەی ئابوورییەوە دێن. سیستەمی کۆیلایەتی کە تاکی تێدا ناچار دەکرێت کاربکات، یاخود ئابووری پلان بۆ دارێژراو، کە حکومەت تێیدا بەرهەم رێکدەخات، هاندەرەکانی بەرهەم لە ناو دەبەن.

باجەکانیش هەمان ئەرك جێبەجێدەکەن، باجەکان، هەروەك نرخەکان، ئەو نرخە یا ئەو سزایەیە کە دەدرێ بۆ بەشداربوون لە چالاکی ئابووریدا. هەرچەندی ئەو باجانەی کە حکومەت لەسەر بەرهەمهێنان و کار دایدەنێ بەرز بێتەوە، ئەوەندەش قازانجەکەی نزمتر دەبێتەوە، ئەگەر داهاتی وەبەرهێنان وکار نزمبووەوە، ئەنجامەکەی وەبەرهێنان و کرێکاری کەمتر دەبێتەوە.

باجەکان بەربەستی ئابوورین، رادە بۆ ئەو کەسانە دادەنێ کە بەشداری دەکەن لەو چالاکیانەی کە پەیوەستن پێیەوە. کوتوبەندی رێکخستنیش هەر هەمان کاریگەرییان هەیە. لە ئەنجامی

بەرزبوونـــەوەی تێچـــونی بەرهـــەم ، نرخـــەکان بـــە شـــێوەی بەرزبوونەوەیـەکی دەسـتکردی بەرزدەبنـەوە، بـەو شـێوەیە تێچـونی بژێوی بەرزدەکاتەوە، لەوەشەوە هەژار ناتوانێت پێداویستیەکانی دی بهێنێت.

## سیستەمی ئازاد خەلکی لە هەژاری دوور دەخاتەوە

جیا لە دەوڵەمەندبوونی کەمینەی دەوڵەمەند، میکـانیزمی سیسـتەمی ئازاد، لەوانەیە رونتر بەدیاربکەوێت بەو شێوازەی کە هەژاری تیایدا لە نێودەچێ، خێراتر لەهەر سیستەمێکی دیکەی ئابووری.
لەگـەل ئـەوەی کـە لـە ئـابووری ئـازاددا، یەکسـانی لـە داهـات و بەرهـەمی خەلکیـدا لـە ئارادانیـە، واتـە هەوڵـەکان بـۆ هـەنگاونانی دوورتـر و جـارێکی دیکـە دابەشـکردنەوەی بەرهـەم لـە کەسـی دەوڵەمەنـدەوە بـۆ کەسـێکی کـەمتر دەوڵەمەنـد، دەبێتـە هـۆی چوونەوەیەکی ئابووری و رووخاندنی هەلە ئابووریەکان لـە بـەردەم ئەوانەی کە زۆر پێویستییان پێیەتی.
هەوڵـــەکانی بـــەکارهێنانی حکومـــەت بـــۆ دیـــاریکردنی داهـــات و بەرهەمـەکانی خـەڵك، کۆمەڵگەیـەکی هەڕەمـەکی لێدەکەوێتەوە،کـە تیایدا پەیوەندییە سیاسیەکان بڕیـار دەدەن کـێ چـی دەبـاو چۆن و بەچ شێوەیەك. ئەم چەشنە شێوازەی نایەکسانی گـەورەترین زەرەرو زیانی هەیە بۆ هەژاران، تا ئەو نایەکسانیەی کە لە سایەی سیسـتەمی ئازاددا پەیدادەبێت. چونکە سیستەمی ئازاد دەسکەوتی بەرز دەدا بە خـــەلك تـــەنیا ئەگـــەر هـــاتوو خزمـــەتی باشـــیان پێشـــکەش بـــە

سەوداکارەکان کرد پتر لە کەسانی دیکە.
هـەروەها بواریـان پێـدەدرێ تـەنیا بـۆ خزمـەتکردنی بەرژەوەندیـە تایبەتیەکانیان تا ئـەو رادەیـەی کـە سـەرمایەو سـامان و تواناکانیـان بخەنــە گــەر بــۆ خزمــەتی بەرژەوەندیــەکانی کەســانی دیکــە. لــە سیستەمی ئازاد بواری هەل بـۆ هـەژاران دەرەخسـێ کـە هەڵومـەرجی ژیانیان باشتر ببێ و کۆمەلگا دەبێتـە دەبێتـە شـوێنێکی گونجـاو بـۆ ژیان.

## سیستەمی ئازاد دەرفەتی کار دەخولقێنێ

رەخنــەگرانی سیســتەمی ئــازاد زۆر ئامــاژە بــە خولــەکانی ئــابووری رۆژئاوا دەکەن کـە تیایـدا لـەدوای ماوەکـانی گەشەسـەندنی ئـابووری ماوەی چوونەوەیەکی بـەدواداهاتوە و ئاسـتی بێکـاری بـەرز بۆتـەوە، هەڵبەزودابــەزی خولــە ئابووریــەکان رۆڵێکــی گــەورەیان گێــرا لــە پرۆپاگەنـدەی کۆمۆنیسـتەکان لـە سـەردەمی شـەڕی سـاردا، بـەلاَم پێویستە تێبینی ئەوە بکرێت کـە جیهـانی کۆمۆنیسـتی دوورە پـەرێز بوو لـەو خولانـە بـە هـۆی هێشـتنەوەی سسـتی و خـاوی هەمیشـەیی ئابووری، کە لە ئەنجامدا ئاستی بژێوی خەلك تیایـدا زۆر خـراپتر بـوو لە چاو ئەوەی کە لە رۆژئاوادایە.
لـە راسـتیدا، قەیرانـە ئابووریـەکان، لـەو هەلاّوسـانەی هاتۆتەکایـەوە کاتێ کە حکومەت هەڵسا بە بلاّوکردنەوەی بەرفراوانی دراوی مامەڵـەو و قەرز بە شێوەیەکی خێراتر لە گەشەسـەندنی خـودی ئـابووری. زۆر بــوونی قـــەوارەی دارایـــی، پێوانـــە بـــە هێنـــانی کـــەل و پـــەل و

خزمەتگوزاریەکان، خۆرە لە نرخی دراوی بەردەست دروست دەکات و دەبێتە هۆی هێنانەدی هەڵاوسان کە ئەوەش لە لای خۆیەوە بێکاری پتر دەکات، کاتێ کە خەلکی بۆی دەردەکەوێ کە پارەکەیان وردە وردە بەهاکەی لە دەست دەدات.

چارەسەر لە وازهێنان لە سیستەمی ئابووری ئازادا نیە، بەڵکو سەندنەوەی فرێدانە بازاڕی دراوە لە دەست حکومەت. سەرچاوەی هەندێ بێکاری لە هەڵاوساندا نیە، بەڵکو لە باجەکان و ئەو سیستەمانەدایە کە کۆسپ دەخەنە سەر کار کە لە ئەنجامدا تێکچوونێك لە نێوان ئەو کارانەی کە لە ئارادان و خواستەکانی بەکابەرەکاندا دروست دەبێت. لە سیستەمی کاری ئازاددا هەمیشە کار هەیە، چونکە خواستەکانی بەکاربەران بە هیچ شێوەیەك نابڕێنەوە.

# سیستەمی ئازاد ژینگە دەپارێزێ

هـــــەروەکو چـــۆن سیســـــتەمی ئـــــازاد قـــــەوارەی کەلوپـــــەل و خزمەتگوزاریــەکانی بەردەسـتی دوو ئەوەنـدە کـرد و نرخەکانیشـی دابەزاند، بەو شێوەیە ڕێژەی پاشەکەوتی سەرچاوەی سروشـتی زیـاد کرد، و تێچوو و نرخی وزەو بەرهەمـە سروشـتیەکانی تـری دابەزانـد. ئەو ئەنجامە کلیلی تێگەیشتنی بۆچی چۆنایەتی ئاوو هەوا لـە هەنـدێ ئابووریدا، وەك ئابووری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا باشتر دەبێـت، کەچی سیستەمە کۆمۆنیستەکان کۆمەڵگاکانیان هەروا لە ژێر حالـەتی پیسبوون و دارِماندا هێشتەوە. هەروەها ئەوەیان هۆکارێکی گرنگە لە راڤـەکردنی، ئـەو خەڵکانـەی کـە ئـازادی ئـابووری بـەرفراوانیان هەیـە خاوەن ژیان و تەمەنی درێژترن.

سیسـتەمی ئـازاد، ئـەو بەرهەمـەی داهێنـاوە کـە شـیانی دۆزینـەوەی سەرچاوەی نوێی وزەی دا، هەروەها ئـەو بواریشـی رەخسـاند کـە بـە شێوەیەکی لێهاتوانە سەرچاوە سروشتیەکان بەکاربهێنرێن.

خاوەنداریــەتی تایبــەتی سەرچــاوە سروشــتیەکان، ئاسـتی ژینگــەی پاراسـتوەو لـە هەمانکاتـدا بـەرز راگرتـوە. چـونکە خاوەنـەکانی ئـەو سەرچــاوانە بەرژەوەنـدی درێژخایـەنیان هەیـە، لـە پاراسـتنی ئـەو سەرچاوانە و وئینجا لە کاری ژینگە پارێزیشدا لە دەوڵەت باشترن.

سیستەمی ئازاد رێزی لە ئـازادی مرۆڤایـەتی نـا، بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەو کێشانەی کە لە تەکنەلۆژیای نوێوە سەرچاوە دەگرن، بـواری بـە بلیۆنـان مـرۆڤ دا کـە بـە هێـزو شـیانەکانیەوە، ژیـانێکی پـڕ لـە خۆشـی و ئـارامی بەسـەرببەن، هــەروەها زۆربـوون لــە جیهانێکـدا کــە رۆژێ لـە رۆژان ئــەو جیهانە لە توانایدا نەبوو، تەنیا ژمارەیەکی کەمی خەڵکی بژیێنێ.

# بەبێ سیستەمێکی ئازاد دیموکراسیی نابێ

لە کۆتاییدا، سیستەمی ئازاد پێداویستیەکە، هەتا ئەگەر بێتو بەسیش نەبێت بۆ بەرقەرارکردنی دیموکراسی و ئازادییە مەدەنیەکان، ئەوانەی کە بە ئازادی سیاسییەوە پەیوەستیان دەکەین، چونکە بەبێی کۆنترۆلکردنی خەڵکی، ناتوانی کۆنترولی ئابووری بکەیت.

ئەو کاتەی، کە بڕیارە ئابووریەکان لە ملیۆنان کەس وەردەگیرێ، ئەوانەی کە کارو وەبەرهێنان و پاشەکەوت وخەرجی دەکەن، و هەموو بڕیارەکانیش دەکەونە دەست دەسەڵاتی ناوەندی. ئەو کاتە پێویستە تاکەکان ناچار بکرێن بۆ گوێرایەڵی پلانەکانی دەوڵەت. چڕکردنەوەی دەسەڵات لە دەست دەوڵەتدا، ئەو مانایە دەگەینێ، کە رکابەری کردنی پلانەکانی حکومەت کارێکی سەخت و ترسناکە. هەروەکو لیۆن ترۆتسکی روونیکردۆتەوە: ((کاتێ کە تەنها دەوڵەت بڕیاری دامەزراندن لەسەر کار بدات، رکابەرایەتی کردنی واتە مردن بە برسێتی هێواش)).

# ئـــــازادی

**ئازادی بەمانای وشە ئەو ئازادیەیە کە بەهۆیەوە بتوانین بە شێوازی تایبـەتی خۆمـان چـاودێری بەرژەوەندیـەکانمان بکـەین، مادامـەکی هەوڵنادەین کەسانی دیکە لەوە بێبـەش بکـەین و کۆسپ بین لە بەر دەمیاندا.**

**- جۆن ستیوارت میل -**

## ئازادی چیە؟

ئازادی واتە توانینی مرۆڤ لە ئەنجامـدانی ئـەو ئـەرك و کارانـەی کـە خـۆی دەیـەوێت بـەبێ دەسـتێوەردانی خـەڵکانی دیکـە. پێویسـتە مرۆڤ ئەو شیان و بوارەی هەبێ کـە بڕیـار بـدات چـۆن ژیـانی خـۆی بگوزەرێنێ، مەگەر لە حالەتێکدا دەست لـە ژیـانی خـەڵکانی دیکـە وەربدات.

نرخ و بەهای مەعنەویی ئـازادی، ئـەمرۆ بووەتـە یـەکێ لـە کۆڵەکـە سەرەکیەکانی جیهانی نوێ، بەڵام هەمیشـە بـەو شـێوەیە نـەبووە، بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ئەو بۆچـوونەی بـاوبووە، ئـەوەبووە کە ئامانجی حکومەت هەمیشە گرنگی و گەشەدان بووە بە چـاکە و ژیانی باش و کۆمەڵگای باش . لە خەڵکی چاوەڕوان دەکـرا کـە لـە پێنـاو بەرژەوەنـدی گشـتیدا کـار بکـەن بـەگوێرەی ئـەوەی کـە کۆمەڵگا بڕیاری لەسـەر دەدا، و حـەز و بەرژەوەندیـەکانیان بخەنـە پێناو بەرژەوەندی گشتییەوە.

لە بنەڕەتدا ئازادی بـەمافێکی تایبـەتی دەژمێـردرا، یـاخود هەنـدێ

ئیمتیـازی دەگرتـەوە کـە دەدرا بـە هەنـدێ دەسـتە و کۆمـەڵی تایبـەت، یـان تاکـەکان، وەك بارۆنـەکان یـان سـەندیکا بازرگـانی و پیشەسازیەکان. ئەوسا مافێکی گشتی بۆ ئـازادی نـەبوو، بیرۆکـەی ئازادی بە واتای هەموو خـەڵکی بگرێتـەوە تـا سـەدەی هەژدەهـەم پەرەی نەسەند، بەڵکو لـە سـەردەمی هـەردوو بیرمەنـدی بـەریتانی (هۆبز) و (لۆك) دا پەرەی سەندو بڵاوبۆوە.

لـە نووسـینێکدا لـۆك دەڵـێ: ((ئامـانجی یاسـا رەتکردنـەوە و کۆتوبەنـدکردن نیـە، بـەڵکو پاراسـتنی ئـازادی و بـەرفراوان کردنیەتی)) واتە ئامانج لە حکومەت، پاراستنی ئازادی تاکەکانە.

ئـەوەش بـووە یـەکێ لـە ئامانجـەکانی سـەدەی نۆزدەهـەم، بەدیارکـەوتنی ئەسـتێرەی ئـازادی، وەك بەهایـەکی سیاسـی سـەرەکی. لـە سـەدەی بیسـتدا ئـەو بیرۆکـەی ئازادی کەوتـە بـەر هەڕەشەی دوو سەرچاوە:

**یەکـەم:** ئەوانـەی دەیـانگوت ئـازادی بەهایـەکی سـەرەکی نیـەو پێویسـتە بـۆ بـە ئـەنجام گەیانـدنی ئامـانجێکی بـالآ بێـت، وەکـو کۆمۆنیستی، یاخود دەوڵەتێك کە بـاوەری بـە چـەمکی رەگـەزییێتی پاك هەبێت.

**دووەم:** سوسیالستیەکان بوون ئەوانەی کـە هەوڵیانـدەدا بیرۆکـەی ئـازادی بگـۆرن، بـە مەبەسـتی پاسـاو هێنانـەوەی دەسـتێوەردانی هەرچی زیاتری حکومەت لە ژیانی خەلکیدا.

## مافی ئەوەی مرۆڤ بۆ خۆی بژی

زۆرجار بە زمانی یاسا باس لە ئازادی دەکرێ. مافی ئەوەم هەیە بڕیار بدەم لە کوێ بژیم، یان لە کوێ کاربکەم، یا لەگەڵ کێ بژیم. هیچ کەس بۆی نیە لە کارێکدا کە مەبەستمە ناچار یاخود لامدات، بە مەرجێك کە رێز لە مافی خەڵکانی دیکە بگرم. ئەو بیرۆکەیە، لە هزری (لۆك)ەوە سەرچاوە دەگرێ دەربارەی مافە سروشتیەکان. ئازادی بە واتای کارکردنە لە چوارچێوەی مافە کەسیەکانی مرۆڤدا، کەچی پێچەوانەو دژی ئازادی، واتە دەستوەردان لە مافەکانی خەڵکانی دیکە، ئەوەش پێشێلکاری و یاریکردنە بە ئازادی.

ئازادی پەیوەستە بە بیرۆکەی حکومەتی سنووردارکراو و بازاڕی ئازاد، رۆڵی حکومەت هێنانەکایەی سیستەمگەلێك یا چوارچێوەیەکە کە هەموو کەسێك تیایدا ئازاد و پارێزراو بێت لەهەر هەڕەشەیەك کە رووبەرووی ئازادییەکانیان دەبێتەوە لەلایەن کەسانی دیکەوە.

بازاری ئازاد پەیوەستە بە ئازادی ئابووری یاخود ئازادی دەستنیشانکردن: ئازادی بەکاربەر لە کڕین، و ئازادی فرۆشیار لە دیاریکردنی نرخی کەلوپەل و خزمەتگوزاریەکانی، هەروەها (مافی بەکاربەر لە پەسەندکردن یاخود رەتکردنەوەی کڕین) ئازادی کرێکار لە دەستنیشانکردنی کار یا پیشەکەی، و ئازادی خاوەن بەرهەم لەوەی کە چی بەرهەم بێنێ و دامەزراندنی ئەو کەسانەی کە خۆی مەبەستێتی، ئەو جۆرە ئازادییانە تەنیا لە کۆمەڵگای سەرمایەداری هەن.

## تاك باشترين كەسێكە بۆ بڕیاردان لەسەر بەرژەوەندیەكانی

هەركەسەو خۆی باشتر دەزانێ كە حەزو پێویستیە تایبەتیەكان و ئامانج و هەروەها بەرژەوەندیەكانیشی چین لە ژیاندا. ئەوەش بەو واتایەیە كە مرۆڤ ئازادی ئیرادەی هەیە، و دەست نیشانكردنەكانی تەنیا بە هەلومەرج و پێشینەی كۆمەلاًیەتیەكەیەوە پەیوەست نین.
هەركەسەو دەتوانێ لە ڕێگای عەقل و بەها ئەخلاقیەكانیەوە هەنگاوی باش بهاوێ بۆ رەچاوكردنی ئەوەی كە بۆ خۆی پەسەند و باشە. تاك خۆی دەزانێ ئارەزووەكانی چین و چ لە بەرژەوەندی ئەو دایە، لەوانەیە خەڵكانی دیكە بیر و بۆچوونی تایبەتی خۆیان هەبێ، سەبارەت بەوەی كە چی چاكە یاخود لەبارە بۆ كەسێكی دیكە، بەلاًم هیچ كەسێك لە خودی كەسەكە باشتر نازانێ كە چی باشە بۆ خودی خۆی.
ئازادی واتە رەتكردنەوەی سەرپەرشتكاری: كە واتای ئەوە دەگەیەنێت كەسانی دیكە لە هەلومەرجی باشتردان بۆ وەرگرتنی ئەو بڕیارانەی كە كاریگەرییان بەسەر ژیانی خودی مرۆڤێكەوە هەیە.

## ئازادی پاڵپشتە بۆ بەرژەوەندیەكانی هەموان

هیچ ناكۆكیەك لە نێوان ئازادی و سیستەمدا (نظام) نیە، یا لەگەڵ خێری گشتی و بەرژەوەندی گشتی خەڵكانی دیكەدا. ئازادی لەمەودای دوور لە بەرژەوەندی هەمواندایە، لایەنگرانی بیرۆكەی بەرژەوەندخوازی (النفعیون) باشترین لایەنگرانی ئازادی بوون،

چونکه بەهۆیەوە پەرە بە بەرژەوەندیەکانیان دەدرێت. هەروەکو چۆن خاوەنی ئەو بیرۆکەیە (جێرمی بنسام) نووسیویەتی: ((ئەنجامی کۆمەڵگای ئازاد ئەوپەڕی خۆشبەختی بۆ زۆرترین خەڵك)). ئادەم سمیس تیۆری (دەستی شاراوەی) پەرەپێدا کە هەندێ جار بە فەرمانی خێرا (الٲمر الفوری) ناو دەبرێ، دەڵێت "ئەگەر هەر مرۆڤەو وازی لیهێنرا بە شێوازی خۆی کاربکات، ئەوسا دەبینی کە دەستێکی شاراوە راپێژی دەکات بۆ پاڵپشتی کردنی ئامانجێك کە هەرگیز لە هزریدا نەبووە".

ئەگەر ئازادی بۆ تاکەکان دەستەبەرکرا لە بەدواداچوون و چاودێری بەرژەوەندیەکانیاندا، ئەوا هەوڵی هاوکاری خەڵکانی دیکە دەدەن لە پێناو بەرژەوەندیە هاوبەشەکانیاندا، هەروەها لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدا، بەوەش مرۆڤ ئارەزووی خەڵکانی دیکە وەدی دێنێت لە رێگەی بەدیهێنانی ئارەزوەکانیدا.

ئادەم سمێس لە کتێبەکەیدا ((سامانی گەلان)) دەڵێت: (نە خێرو نە رەوشتپاکی گۆشتفرۆش و نانەوایە کە نانی ئێوارەمان پەیدا دەکەین، بەڵکو لە بە پەرۆشبوونیانە بۆ بەرژەوەندیەکانیان) زۆر لەو سوود و قازانجانەی کە کۆمەڵگا بەدەستی دێنیّ لە هەندێ کارەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە پێشدا بە هیچ شێوەیەك لەلایەن هیچ کەسێکەوە نەخشە و پلانی بۆ دانەرێژراوە. (بەڵکو ئەنجامی کاری مرۆییە و نەك پلاندانانی مرۆیی).

# مەعریفە بەهۆی ئازادییەوە گەشە دەكات

جۆن ستیورات میل، بانگەشەی لێبوردەیی و رێپێدان بە هەموان لە بیركردنەوە و ئاخاوتن و هەڵسوكەوت بە هۆكارگەلێك كرد، كە لەوانەیە جێ پەسەندی ئێمە نەبن. لەوانەیە بەرامبەرەكەت بەڕاستی لەسەر هەق بێت، یاخود لەوانەیە بتوانین پەرە بە بیربۆچوون و تێگەیشتنمان بدەین بە رێگەی تێگەیشتن لە بەرامبەرەكانمان، یا بتوانین بەرامبەرەكانمان بگۆڕین، بەوەی كە باوەڕ بەخۆی و كەسانی دیكەش بێنین سەبارەت بەو چەوتی و هەڵانەی كە هەڵوێستەكانی لەسەر بونیات دەنێت.

لەو چوارچێوەیەدا ڤۆڵتێر، فەیلەسوفی فەرەنسی، دەڵێت:"ئەو گوتنەی تۆ پەستم دەكات، بەڵام هەتا مردن بەرگری لە مافی تۆ دەكەم، بەوەی كە دەریدەبڕی". لە كۆمەڵگای ئازاددا لەسەر شانۆی كێبركێی بیروبۆچوونەكاندا دیدو بیروباوەری زۆر دەردەبڕێن و تاقیدەكرێنەوە. هەق بەسەر ناهەقدا زاڵدەبێ.

ئابووریناسی نەمسایی (هایك) یەكێ لە ئەنجامەكانی كۆمەڵگای ئازادی وەسفكردووە بەوەی كە پەرەدان و بەرفراوانكردنی مەعریفەیە. ئەو مەعریفەیەی كە ناكرێ لە پێگەیەك و كەسێكدا قەتیس بكرێ، بەڵكو بە شێوەیەكی بەرفراوان لە عەقلی هەر تاكێكدا دابەشكراوە. ئازادی بوار دەرەخسێنێ بۆ هاتنەكایەی ئەو شتەی كە نەبینراو و چاوەروان نەكراوە، بەڵام پلاندانانی ناوەندی و ناچاركردنی تاكەكان بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ دوایین ئامانجی دیاریكراو، دەبنە بەربەست لە هەمبەر سەرهەڵدان و هاتنەكایەی دیدو هزر و تاقیكردنەوەی نوێ.

# ئازادی بە ئەنقەست ئازادی نیە

زۆر کەس چەمکی ئـازادی بـە مانـای جیـاواز بـەکاردێنن، نـەك بـەمانا کلاسیکیەکەی کە دەڵێ: ئایا کەسـێك بووەتـە بەربەسـت لـە هەمبـەر ئـەوەی کـە کارێـك ئەنجامبـدەم، یـاخود توانـایی هەڵسـوکەوت، یـا توانایی لە بەجێهێنانی ئارەزوەکانم . ئەوە جیاوازە لە تیۆری مارکس بـە نـاوی ((هۆشـیاری درۆیـین)): خـەڵکی نـازانن کـە چ شـتێك لـە بەرژەوەندی راستەقینەیاندایە.

تـەنیا مارکسـیەکان و حزبـی کۆمۆنیسـت دەزانـن کـە بەرژەوەنـدی راستەقینە چیە، بۆیە بۆ ئەنجامـدانی ئـەو ئەرکـە دەبـێ دەسـەڵاتیان پێبـدرێت! ئـەوە کێشـەیەك لەگـەڵ ئـەو دەربڕینـە دروسـت دەکات: دەسـەڵاتداران ئـەم گوتەیـە خـراپ بـەکاردەهێنن، کـە دەڵـێن ئێمـە دەزانین کە بەرژەوەنـدی راسـتەقینەی خـەڵك چـیە و لـە چـیدایە، لـە جیاتی ئەوەی لەو رووەوە پرسیار ئاراستەی خودی خەڵکەکە بکـەن.

جـان جـاك رۆسـۆ، دەسـتەواژەی ئـازادی بـەکارهێناوە بـە مانـای گوێرایەڵی ئیرادەی گشتی یا بەرژەوەندی گشتی، واتە هەموو لادەران دەبێ ((ناچار بکرێن کە ئازاد ببن)).

ئەو چـەمکە گشـتییە بـۆ ئـازادی تـەنیا قسـەی پووچـە، فەیلەسـوفی ئۆکسفۆرد (ئیزایا بەرلین) بیرۆکەی یەکەمی بـە ((ئـازادی نـەرێنی)) و دووەمـی بـە ((ئـازادی یـەقینی)) وەسـفکردووە، لـە یـەکێك لـە نامـە بەناوبانگـەکانی لـەژێر ناونیشـانی ((دوو تیـۆر لـە مانـای ئازادیـدا)).

تیۆری یەکەمی بە شێوەیەك وەسـفکرد کـە ((بوارێکـە مـرۆڤ دەتـوانێ تیایدا بەبێ بەربەست هەڵسوکەوت بکات)) واتە ئازادی وڵاتی کارە بێ

بەربەستەکانە، ئەمە و هایك بە ((لە ئارادانەبوونی ناچارکردن)) وەسفیکردووە.
هەروەها ئیزایا بەرلین ئازادی یەقینی بە شێوەیەك وەسفکردووە، کە مرۆڤ خۆی ئاغای خۆی بێت، هەروەها دەڵێ، ئازادی دووەم، ئازادی نیە بەڵکو ((دەسەڵاتە)) مەبەست لە بێبەشکردنی ئازادی واتە قەدەغەکردنی ئەنجامدانی کارێك. تیۆری قەڵب بۆ ئازادی، دەربڕینێکی دیکەیە لە نەمانی دەسەڵات. واتە جیاوازیەکە لێرەدایە، کە تۆ توانای کڕینی کتێبێکت نەبێ، چونکە دەوڵەت قەدەغەی کردووە، یان ناتوانی بیکڕی چونکە کتێبەکە لە کتێبخانەدا نیە. بیرۆکەی یەکەم، بێبەشبوونە لە ئازادی، بەڵام دووەم بەوشێوەیە نیە.
ئازادی یەقینی، واتە تاك دەبێ ئاراستەی خۆی بۆ ئامانجی دیاریکراو دابنێت، بەو شێوەیە وەك دەردەکەوێت (تاك) بۆ خودی خۆی نیە، بەڵکو بۆ بەجێهێنانی ئارەزوو و ئامانجەکانی کۆمەڵەکانە، وەك چینەکان، یا نەتەوەکان یا رەگەزەکان.
ئێمە هەین بۆ خزمەتی ئامانجێکی بەرزتر، کە کەسانی تر دەستنیشانی دەکەن، لە جیاتی ئامانج و مەبەستەکانمان. مارگرێت تاتچەر لەو رووەوە دەڵێت: مافی دەست نیشانکردن و دیاریکردن کرۆکی رەوشتە، ئەگەر دیاریکردن نەبوو، رەوشتیش نابێ، و ئەگەر چاکە لە ئارادا نەبوو خراپەش نابێ، واتە چاکە و خراپە یەك مانایان هەیە، مادامەکی مرۆڤ ئازادە لە دیاریکردندا.

# پرەنسیپی زەرەر و زیان

یاسا بە سروشتی خۆی كوت و بەند دەخاتە سەر تاكەكان لە پەیڕەوكردنی ئازادیەكانیاندا لە ڕێگەی هەڕەشەی بەسزادانەوە ئەگەر هاتوو بە شێوەیەك لە شێوەكان هەڵسوكەوتیان كرد. وا لە خەڵكی چاوەڕوان دەكرێ كە خۆیان بگونجێنن و گوێڕایەڵ بن، بەلاَم چ كاتێك گونجاوە كە یاسا بەكاربهێنرێت بۆ قەدەغەكردنی ئازادی؟

جۆن ستیوارت میل لە كتێبەكەیدا بەناوی ((دەربارەی ئازادی)) شێوازێكی كلاسیكی لەوبارەیەوە خستۆتەروو: بنەمای زیان، ((تەنیا ئامانجێك كە پاساو بۆ مرۆڤایەتی دێنێتەوە.... تاكەكان و كۆمەڵەكان، دەستێوەردان لە ئازادی خەڵكانی دیكە، ئەوە پاراستنی خودە)) تەنیا مەبەستێك كە دەكرێ بە هۆیەوە پاساو بۆ بەكارهێنانی هێز، بە شێوەیەكی ڕەوا، بێنێتەوە دژی هەر مرۆڤێكی دیكە لە كۆمەڵگایەكی پێشكەوتوودا، بریتیە لە ڕێگری لە زەرەر و زیاندان لە خەڵكی دیكە، یا بەرژەوەندیە خودیەكەی، چ جەستەیی بێت یاخود مەعنەوی پاساوێكی تەواو نادا.

بە واتایەكی دیكە نابێ بوار بە خەڵكی بدرێ كە بەپێی ویست و خواستی خۆیان هەڵسوكەوت بكەن بە تایبەتی كاتێك كە كردارەكانیان زیانی بۆ كەسانی دیكە هەبێ. بە شێوەیەكی ئاسایی دۆستەكان، یاخود خێزان و هەتا خەڵكانی دیكەش دەتوانن وا لە كەسێك بكەن یاخود باوەڕی پێبێنن كە شێوەی هەڵسوكەوتی بگۆرێ: واتە شوێنی ژیانی خۆی بگۆرێ، یاخود هاوسەرگیری لەگەڵ كەسێكی دیكەدا بكات، یا شوێنی كاركردنی بگۆڕێ، بەلاَم لە حالەتێكی بەو شێوەیەدا لەژێر هێز و ڕەواڵی یاسادا دەمێنێتەوە.

# ئەجێندای ئازادی

ئـازادی مـافی دیـاریکردن و هەڵبژاردنـە لەهـەر بوارێـك لـە بوارەکـانی ژیانتدا، بە مەرجێك بە شێوەیەکی یەکسان ئەوە بۆ خەڵکانی دیکەش لەبەر چاو بگری. ئەسـتەمە بـاس لـە هـەموو ئازادیـەك بکـریّ، بـەلاّم هەندێ ئازادی هەن کە شایانی ئەوەن گرنگیەکی تایبەتیان پێبدرێت.

- **ئازادی ویژدان و هزر و رادەربڕین:** پێویسـتە لێبـوردەیی هـەبیّ لەگەڵ راو بۆچوونی جوداو جۆراوجۆردا. دەبـێ بـوار بـە هـەموو کەسـێك بـدرێت کـە دیـدو بۆچـوونەکانی دەربـبڕێ بـەبێ هـیچ سزایەك، مافی خەڵکە کە رەخنە لـە دیـدو روانینـەکانی یـەکتری بگــرن، بــەبێ رێگــری لــەدەربڕینیان، راســتی لــە کێبرکێــی راوبۆچوون و بیر و باوەرەکانەوە بەدیار دەکەوێ.
- **ئازادی گرێبەست:** هەرکەسەو دەبێ بۆی هەبێ بازرگانی لەگـەڵ ئـەو کەسـەدا بکـات کـە خـۆی هەڵیدەبـژێرێ، هـەروەها دەبـێ ئازادی کرین و فرۆشتنی هەبێ لەگەڵ ئـەوەی کـە خـۆی دەسـت نیشانیدەکات، بەو نرخەی کـە هـەردوولا لەسـەری رێکدەکـەون. هەروەها ئەوەش بەو مانایەیە کە ئازادی هەیە بۆ خـاوەن کـار و کرێکـار لەسـەر ڕێککـەوتنی مەرجـەکانی بەیەکـەوەکارکردنیان. پێویســتە دەوڵــەت دەربــارەی ئــەو ڕێککەوتنانــەی کــە بــە شێوەیەکی تەوعی لەسـەری ڕێککـەوتوون رۆڵـی خـۆی ببینـێ و دڵنییابێ لەهـەر جـۆرە سەرپێچـی و سـاختە کردنێـك، هـەروەها ئەرکی دەوڵەتە کە دڵنیـابێ لـە رێزگـرتن لـە گرێبەسـتەکان، بـە هۆی ئەو دادگایانەی کە رۆڵی یەکلایی کردنەوەی ئەو کێشـانەی

که دێنە ئاراوە دەبینن بە ڕێگای ئاشتی.

- **ئــازادی کۆبوونــەوە:** پێویســتە مــرۆڤ بــۆی هــەبێ هاوکــاری و پەیوەندی بکات لەگەڵ هەر کەسێك کە خۆی دەیەوێ بۆ هەرکار و مەبەستێك، بە مەرجێك دژی ئازادیەکانی خەڵکانی دیکە نەبێ. دەبێ ئازادی هاوسەرگیری و بەسـتنی پەیوەنـدی هـەبێ لەگـەڵ ئـەو کەسـەی کـە هەڵیدەبـژێری، بـە مـەرجێك بـە ڕەزامەنـدی هەردوولا بێت. هەروەها دەبێ بوار بە تاکەکان بدرێ کـە لەگـەڵ خەڵکانی دیکەدا بۆ پاراستنی بەرژەوەنـدی هاوبـەش بەیەکـەوە لە کۆمەڵەکاندا کاربکەن، چ سیاسی بێت لە لایەنی دانانی حـزب و گروپی سیاسی، یان ئـابووری لـە لایـەن کەسـانی بزنسـمان، و سەندیکاکان و یانە کۆمەڵایەتیەکان.

ئازادی بەنرخترین بەهایە، چونکە بنەمای هەموو بـەهاکانی دیکەیـە و مانایـان پێدەبەخشـێ، ئـەو بوارەمـان بـۆ دەرەخسـێنێ کـە ژیـانی تایبـەتی خـودی خۆمـان بـەپێی ویسـت و خواسـتی خۆمـان بـەڕێوە ببەین. لە هەمانکاتدا داوامان لێدەکات کە دەست نەخەینە نـاو ژیـانی خەڵکانی دیکەوە، هەموو تاکێـك، هـەموو کۆمەڵگایـەك و بـە تایبـەتی هەموو دەوڵەتێك بۆ جێبەجێکردنی ئەوە سەختی دەبینێ.

# مافەكانی مرۆڤـ

**ئێمە بروامان بە نەگۆڕی ئەو راستیانە هەیە ،كە هەموو بە یەكسانی خولقاون ، پەروەردگاریان كۆمەلە مافێكی جێگیری پێبەخشیون كە دەستبەرداری لێناكرێت . لە نێوانیاندا ، ژیان ، ئازادی ، و بەدەستهێنانی بەختەوەری .**

**-تۆماس جیفرسۆن-**

## مافەكانی مرۆڤـ چین ؟

ماف شتێكە بە پێویست زانراوە كە هەموو مرۆڤێك دەستەبەری بكات، ئەوە رەواییبوونێكی رەوشتییە، زۆر لەوە زیاترە كە تەنیا داوایەك یا حەزێك بێت. جیاوازی هەیە لە نێوان مافەكانی مرۆڤ و ئەو مافانەی كە دەولەت دانیان پێدادەنێ، كە بە مافە ئەرێنی یا یاساییەكان ناسراون، ئەوانەی كە بۆی هەیە مافی رەوشتی بن یا نەبن.

یەكێ لە گرنگترین ئامانجەكانی بزاڤی مافەكانی مرۆڤ هەولدانە تاكو ئەو مافانە بخەنە خانەیەكەوە كە لە رووی یاساییەوە دانپێنراوبن، ئەوانە مافی سەرجەم مرۆڤایەتین بەبێ لەبەر چاوگرتنی نەتەوە، ئایین، رەگەز، جێندەر، ئینتمای ئەتنی یاهەستی رەگەزی. مافەكانی مرۆڤ ئەوانەی كە بە شێوەیەكی بەرفراوان دانیان پێدانراوە ، بریتین لە مافی ژیان ، (نابێ بكوژرێ، ئەشكەنجە بدرێ، یا ئەندامێكی لەشی لەكاربخرێ.) هەروەها ئازادی رادەربرین، و ئازادی مولكداری بە شێوەیەكی راست و رەوا، و ئازادی هاتووچۆ و ئازادی ئایین.

کۆیلایەتی، ئەشکەنجەدان، گرتنی هەرەمەکی، هەموویان دژ بە مافەکانی مرۆڤن ، باشترین هۆکار بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو مافانە، ئەوەیە کە وەکو کۆتوبەند دابنرێن بەسەر دەوڵەتەوە. دەوڵەت لە سنووری قەڵەمرۆی خۆیدا دەست لە مافی تاکەکان وەرنادات، و ڕۆڵی دەوڵەت دڵنیابوونە کە ئەو مافانە لە ناو یاساکانیدا پارێزراو دەبن، تاوەکو ببنە مافی یاسایی. بیرۆکەی مافەکانی مرۆڤ پابەندبوونێکیش دروست دەکات لە لایەن هەمووانەوە، کە دەست لە مافی خەلکانی دیکە وەرنەدرێ، ئەوەشیان بنەمای وەکیەك ڕەفتارکردنە لەگەل یەکتردا.

هەر مافی مرۆڤ دەبێ سێ مەرجی تێدابێت، یەکەم، دەبێت جیهانی بێت، و مافێکە بۆ هەر مرۆڤێك لەهەر کات و سەردەمێکدا، هەروەها نابێ مافی تایبەت تەنیا بۆ کەسانێك هەبێت. دووەم، دەبێ ڕەهابێت و نابێ لەسەر هەندێ بایەخ و بەها کە پەیوەستن بە بەرژەوەندی گشتی، بە یاساوە سنووربەند بکرێن، تەنیا ئەو کاتە نەبێ کە هەندێ لە مافەکانی مرۆڤ لە هەمبەر یەکتردا ناکۆك و نا تەبا دەبن. لەوانەیە ئەو مافانە کوت و بەند بکرێن، بۆ نموونە ئەو تاوانبارەی کە کەسێك دەکوژێ و لە ژیان بێبەشی دەکات، دەکرێت ئازادییەکەی لێ بسەنرێتەوە، بەوەی چەند ساڵێك لە زینداندا ژیان بەسەر ببات. سێ یەم، قابیلی مامەڵەپێکردن نیە، بە هیچ شێوەیەك نابێ ئەو مافانە دەستەبەرداری ببین، بۆ نموونە، ناکرێ مرۆڤێك خۆی بە دەست کۆیلایەتییەوە بدات.

# مافە سروشتیەکان

دیاریکردنێکی زووی هەبوونی ئەو مافانە لە رۆمانی (ئەنتیجۆن)ی رۆمان نووسی گریکی (سوفۆکلین)، پەیدابوو، کە تیایدا هاتووە ، ئەنتیجۆن برا مردووەکەی دژ بە فەرمانەکانی کریۆن پاشا بەخاك سپارد، و پاساویشی بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەی ئەوە بوو کە یاساکانی خوا گەورەترو بەرزترن لە یاسای پاشاکان. ئەو بیرۆکەیە لە لایەن فەیلەسوفە خواناسەکانی یۆنانییەوە بانگەشەی بۆ دەکرا، ئەوانەی باوەریان وابوو کە ئەو یاسایانە لە سروشتدا هەن بەهۆی بەکارهێنانی عەقل.

وتاربێژی ناوداری رۆمانی سیسرۆ لەو رووەوە باسی لەسەر کردووە و دەڵێ: یاسایەکی راست و دروست و عەقلێکی راست و دروست هەن کە هەماهەنگ و لەجولەدان لەگەل سروشتدا، یاساکە قابیلی گۆران نیە. شتێکی ئاشکرایە، کە ئایینەکان یاسای خوا بە بەرزتر دادەنێن لەو یاسایانەی کە دەسەلأتدارە دنیایەکان دایدەنێن. لەوانەیە ئەو مافە مەدەنیانە بدۆزرێنەوە، چ وەکو سروشتی خوایی لە رێگای عەقلەوە. (یاساکانی سروشت و یاساکانی خوا.)

فەیلەسوفی ئینگلیزی جۆن لۆك لەو بوارەدا گەورەترین کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی نوێدا هەبوو. وەکو یاسایەکی بنچینەیی لە یاساکانی سروشت راگەیێنرا:((هیچ کەس بۆی نیە، لە رووی ژیان و تەندروستی و مومتەلەکاتەوە ئازار بە کەسێکی دیکە بگەیەنێ.)) ئەو مافانە لە ژیان و ئازادی و موڵکداریدا، واتە ئازار نەگەیاندن بە ژیان و ئازادی مومتەلەکاتی خەڵکانی دیکە.

ئەو ماف و ئەرکانە لە منداڵدانی سروشتدان هەن و بەخشین نین لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە، حکومەت لە پێناو پاراستنی ئەو مافانەدا دروست بووە، هەر سیستەم و رژێمێك ئەگەر لەو ئەرکەدا سەرکەوتوو نەبوو، لەوانەیە بەلاوەبنرێت و یا بگۆردرێتەوە بە لایەنێك کە توانای ئەنجامدانی ئەو ئەرکەی هەبێت، هەروەها سیسرۆ دەیگوت: (مافی گەلانە کە شۆرش بەرپاکەن دژی رژێمە دیکتاتۆرەکان.)) ئەو بیروڕایانە کاریگەریەکی مەزنیان هەبوو لە خەباتی ئەمریکیەکاندا لە پێناو سەربەخۆبوونیان لە دەست بەریتانیای گەورە.
تۆماس جیفرسۆن دانەری ناوەرۆکی جاڕنامەی سەربەخۆیی، راستەوخۆ لە جۆن لۆك دەگێرێتەوە کە دەیگوت: هەموان لەگەل مافەکانیان خەڵق کراون، ئەو مافانە بریتین لە مافی ژیان و ئازادی و ژیانی بەختەوەر. ئەمەو خیانەتی پاشا جۆرجی سێیەم، لە هەمبەر ئەم بەهایانە زەمینە سازبوون بۆ بەرپاکردنی شۆرش و سەربەخۆبوون لە بەریتانیا.
هەروەها جاڕنامەی فەرەنسی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە سەردەمی شۆرشی فەرەنسادا هاتووە : ((ئامانج لە هەموو رێکخستنە سیاسیەکان پاراستنی مافە سروشتیەکانی مرۆڤە، ئەو مافانەی کە قابیلی دەستێوەردان نین، ئەو راوبۆچوونانە، بریتین لە ئازادی و ئاسایش و بەرهەڵستی کردنی ستەمکاران.))

## له مافه سروشتیه‌كانه‌وه بۆ مافه‌كانی مرۆڤ

له سه‌ده‌ی بیسته‌مدا، ئه‌و راوبۆچوونانه وه‌ك مافی مرۆڤ ناسران، هێشتا هه‌وڵه‌كان به‌رده‌وامن بۆ ده‌سته‌به‌ركردنی ئالیه‌تێكی نێوده‌وڵه‌تی بۆ دانانان به‌و مافانه و دڵنیابوون له‌وه‌ی كه رێزیان لێده‌گیرێ له لایه‌ن گشت رژێمه‌كانه‌وه.

ساڵی ١٩٤٨، له جاڕنامه‌ی جیهانی بۆ مافه‌كانی مرۆڤ ئه‌و مافانه دانیان پێدانرا، كه به هۆیه‌وه هاوڵاتیان بۆیان هه‌بوو داوا دژی ده‌وڵه‌ته‌كه‌یان به‌رزبكه‌نه‌وه له به‌رده‌م دادگای ئه‌وروپی بۆ مافه‌كانی مرۆڤ له ستراسبۆرگ، له حاڵێكدا ئه‌گه‌ر هه‌ستیان كرد مافه‌كانیان له لایه‌ن حكومه‌ته‌كانیانه‌وه پیشێلده‌كرێت.

له هه‌ولێكداو به‌پێی ئه‌و پشتگیریه به‌رفراوانه‌ی مافه‌كانی مرۆڤ، چه‌ندین كۆمه‌ڵه هه‌وڵیاندا، ئه‌و چوارچێوه‌یه به‌رفراوانتر بكه‌ن، كه مافه ئابووری و كۆمه‌ڵایه‌تی و مافی كۆمه‌ڵه‌كان بگرێته‌وه، ئه‌و به‌رفراوانكردنه بووه جێی مشتومڕو جیاوازیه‌كی به‌هێز، كه له ئه‌نجامدا به‌دواداچوون و پاڵپشتی كردنی مافه سروشتیه‌كانی به‌ده‌ستهێنا.

## دژایه‌تی ماركسیه‌كان بۆ مافه‌كانی مرۆڤ

مافه‌كانی مرۆڤ به‌رده‌وام له لایه‌ن ماركسیه‌كانه‌وه رووبه‌رووی ره‌تكردنه‌وه و به‌رپه‌رچدانه‌وه ده‌بووه‌وه، كارل ماركس هه‌میشه ئه‌و چه‌مكه‌ی به ((مافی بورجوازیه‌كان)) وه‌سفده‌كرد و لێی ده‌دوا و ده‌یگوت، په‌نا بردنه به‌ر مافه‌كانی مرۆڤ ئامرازێكی دیكه‌ی پاراستن و

پالپشتی کردنی مافی دەرەبەگەکانە.
هەروەها لەو باوەڕە دابوو ئەو مافانە شتێك نین، تەنیا بەردەوامی دانە بەجیاوازیە چینایەتیەکان و پشتگیری کردنی زیاتری دەوڵەمەندەکان و چینی بورجوازی ناوەند، ئەمەو رژێمە کۆمۆنستیەکان پەسەندکردنی هەر جۆرە لە پێوانە جیهانیەکانیان بەسەر رژێمەکانیانەوە رەتدەکردەوە.
بۆ ئەم مەبەستەش ئەو دەوڵەتانە بۆ رەتکردنەوەی ئەو داوایە، پشتیان دەبەست بە بانگەشەی (دەستێوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی ولاَتانی دیکە)، و بە شێوەیەك باسیان لێدەکرد، کە نابێ رەخنە ئاراستەی هیچ رژێمێکی کۆموٚنیستی بکرێت، ئەمەو یەکێتی سۆڤیەت ئیمزاکردنی لەسەر جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ ساڵی١٩٤٨ رەتکردەوە. کۆمۆنیستەکان ناهەقیان نەبوو کە دوو دڵبن لە پەسەند کردنی بنەماکانی مافەکانی مرۆڤ، چونکە کاتێ جارنامەی هێلسنکی ساڵی (١٩٧٥) یان ئیمزاکرد، زۆر بەتوندی ، لە لایەن چالاکڤانانی مافەکانی مرۆڤەوە لەوانە ئۆرلۆف، لە دژیان بەکارهێنرا!

## مافی ژیان

هەموو مرۆڤێك مافی ژیانی هەیە، ئەوەیان لە سەرووی گشت شتێکەوەیە. نابێ مرۆڤ بە دەستی مرۆڤێکی دیکە یاخود لە لایەن دەوڵەتەوە بکوژرێ. لە راستیدا بەرپرسیارێتی سەرەکی دەوڵەت بریتیە لە پاراستنی هاولاَتیان لە تاوانباران و داگیرکارانی بیانی. هەندێ کەس لە مافی ژیاندا پشت بە بنەمای مولکدارێتی خود

دەبەستن، هەموو کەسێك خاوەنی جەستەی خۆیەتی، بۆ هیچ کەس نیە بەبێ ویست ومۆڵەت دەستی بۆ درێژ بکات.
مافی ژیان تەنیا ئەوە نیە کەسێك ناکوژرێ، بەڵکو درێژدەبێتەوە بۆ مەودای دوورتر لە نەکوشتن، واتە دەبێ ئەو مافەی هەبێ کە رووبەرووی ئەشکەنجە نەبێتەوە، ئەوە لە راگەیاندنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ دانیپێدانراوە.
لە مادەی (٣)دا هاتووە: ((هەموومرۆڤێك مافی ژیان و ئازادی و ئاسایشی هەیە.)) و لە مادەی (٥)دا هاتووە: ((نابێ هیچ کەسێك ئەشکەنجە بدرێ و هەڵسوکەوتێکی توندو نامرۆڤانەی لە گەڵدا بکرێ، یان ئیهانەو تۆڵەی لێ بسەندرێتەوە .)) هەروەها مولکدارێتی خود ناتەبایە لەگەل کۆیلایەتی ومولکدارێتی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤێکی دیکەوە، مادەی (٤).

## مافی ئازادی

مافی ئازادی، واتە دەبێ مرۆڤ ئەو بوارەی هەبێ کە بەپێی حەزو ویستی خۆی ژیانی بەسەربەرێت، بە مەرجێك رێز لە ماف خەلکانی دیکە بگرێ. لە جاڕنامەی فەرەنسی بۆ مافەکانی مرۆڤ ساڵی ١٧٨٩دا هاتووە: ((مافی سیاسی واتە ئەو تواناو شیانەی کە کەسێك دەیەوێ ئەنجامی بدات، بەبێی ئەوەی کەسانی دیکە ئازار بدات.))
بۆ هەر مرۆڤێك کە سوود لە مافە سروشتیەکان وەربگرێ هیچ کوت و بەندێك لە ئارادانیە، جیا لەوەی دەبێ هەموو کەسێکی دیکە سوود لەو ئازادیە وەربگرێ لە مومارسەکردنی خودی ئەو مافانەدا. ئازادی

واته هەر کارێك کە مرۆڤ بیەوێ ئەنجامی بدات بە مەرجێك رەچاوی ئازادی خەلکانی دیکە بکات. مەحال و ئەستەمە ژماردنی هەموو ئەو مافانەی کە لە بووندا هەن.
جاڕنامەی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ لەو رووەوە هەندێ مافی گرنگ دیاری دەکات. وەکو ئازادی هاتوچووی خەلك لە ناوەوەو دەرەوەی ولآت (م١٣)، مافی هاوسەرگیری و پێکەوەنانی خێزان (م١٦)، مافی ئازادی بیرکردنەوەو ویژدان و ئایین (م١٨)، مافی ئازادی رادەربڕین (م١٩) هەروەها مافی کۆبەندی ئاشتی و دامەزراندنی کۆمەڵەکان (م٢٠).

## مافی مولکدارێتی

مرۆڤ بۆ ئەوەی بتوانێ کە ژیانی خودی خۆی بە ئازادی و خۆشبەختی بەرێوە ببات بەو شێوەیەی کە مەبەستیەتی، پێویستی بەمولکدارێتی هەیە.
هەروەك (دێڤید باوز) لە پەیمانگای **کیتۆ لیبرتاری** لە واشنتۆنی پایتەخت روونیکردەوە: ((مولکدارێتی واتە هەر شتێك کە مرۆڤ لە توانایدابێ بەکاری بهێنێ، یابیخاتە ژێردەستی خۆیەوە یاخود وازی لێبهێنێ، مافی مولکدارێتی واتە ئازادی بەکارهێنان و بەدەست هێنان و وازهێنان لە هەر مەبەست وکیانێك.))
بەبێی ئەو مافانە، مەحاڵە ژیان یاخود بەدەستخستنی پارچە زەویەك، یا بەرهەم هێنانی کەلوپەل و خزمەتگوزاری و بازرگانیکردن لەگەل کەسانی دیکەدا .
هەوڵی سوسیالیستەکان لە هەلوەشاندنەوەی مولکدارێتی، واتە

گواستنەوەی دەسەڵات لەو کەسەی بە شێوەیەکی یاسایی و وەکو مافێك ئەو سامانەی بەدەست هێناوە، بۆ فەرمانبەرێکی حکومەت، کە خۆی بڕیار بدات ئەو سامانانە بەکێ بدات.

مادەی (١٧)ی جاڕنامەی جیهانی، دان بە ((مافی هەر مرۆڤێك دادەنێ کە بە تەنیایی مولکدارێتی بکات یاخود بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ خەڵکانی دیکەدا رێکبکەوێت، و نابێ هیچ مرۆڤێك بە شێوەیەکی هەڕەمەکی لەو مولکدارێتیە بێبەش بکرێت.)) لەگەڵ ئەوەشدا هیچ دەقێك بۆ پاراستنی ئەو مافە دیارینەکراوە، بڕیارەکە لە بەرژەوەندی ئەوانە رێکخرا کە سامان بۆ دەسەڵاتداران دەبەن بەپێی خواستەکانیان.

یاسای مافەکانی ئەمریکا بەندێکی تیایە پەیوەستە بە وەرگرتن (هەموارکردنی پێنجەم): مولکدارێتی نابێ لە لایەن حکومەتەوە وەربگیرێتەوە، مەگەر بە شێوەیەکی دادپەروەرانە، لەگەڵ پێشکەش کردنی بژاردنێکی تەواو. ئەو بەندە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش پشتگوێ خراوە.

## پاراستنی مافەکان

زۆر لەوانەی بە مافەکانی مرۆڤ ناو دەبرێن، لە راستیدا ئامرازێکن بۆ پاراستنی مافەکان، نەك خودی مافەکانی مرۆڤ. راگەیینراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەقێکی تیایە دەربارەی دانپێدانانی یاسایی بە مافەکانی مرۆڤ (م٦). و خۆبە دوورگرتن لە بەندکردن و دەستبەسەری هەڕەمەکی (م٩). هەروەها چارەسەریە کاریگەرەکان

کاتیَ کە ئەو مافانە پیشێل دەکرێن، و دادگایی کردنی دادپەروەرانـە، و گریمانەکردنی بێتاوانی تا وەکو پێچەوانەکەی پشتراسـت دەبێتـەوە (م١١). و مافی پەنابەری (م١٤) و مافی رەگەزنامە (م١٥).

مـافێکی سیاسـیش هەیـە، کـە زۆر جـار وەك مافێـك لـە مافـەکانی مـرۆڤ دەدریَ، ئەویش مـافی دەنگدانـە. هـەروەها (م٢١) بـاس لـە ((هەڵبژاردنـە خـولی و راسـتەقینەکان دەکـات لـە رێگـای مـاڤی دەنگـدانی یەکسـانی بـۆ هــەمووان.)) واتــە دەبــیَ وا لــە دیموکراسـیەت بروانــریَ کــە یەکێکــە لــە هۆکارەکـانی پاراسـتنی ئـەو مافانـە، بـەڵام لـە راسـتیدا شـتێکی وانیـە، گەوجیە ئەگەر باس لە دیموکراسیەتی مرۆڤی بەر لە مێژوودا بکریَ.

مەسەلەی دیموکراسیەتی نوێنەرایەتی ئیستناد دەکاتە سـەر شـێوازی ئەزموونی نەك رەوشتی: بەپێی بەڵگەنامـە مێژوویـەکان، دیموکراسـی لیبرالی توانی ئەو مافانە لە دیکتاتۆرەکـان بپـارێزی، لەگـەل ئەوەشـدا خودی دیموکراسـیەتەکانیش پێشـێلکاری گـەورە بـوون بـۆ سـەر ئـەو مافانە، بە تایبەتی کاتیَ کە دەبێتە (ستەمکاری زۆرینە). بـۆی هەیـە دیموکراسیەتی نالیبرالی هەبێت کە مافەکانی مرۆڤ لەبەرچـاو نـەگریَ و رەتیان بکاتەوە، چ وەك تاکەکان یان کۆمەڵەکان بەیەك ئاست.

## مافە ئابووری و کۆمەلآیەتیەکان مافی مرۆڤ نین

مادەکانی ٢١ تا ٣٠ مـافی ئـابووری و کۆمەلآیـەتی و رۆشـنبیرین، کـە چەندین بنەمای هەیە جیاوازە لەگەل مافـە ئازادیـەکان، ئەوانـەی کـە بەباس و شێوازە سروشـتیەکەی ناسـراون. خـراپترین نموونـە مـادەی (٢٤) ((مـافی سـرەوتن و پشـوودان، لەگـەڵ مۆلەتـە خولیـەکانی بـە

مووچە، و هەندێکی دیکە کە پێیان دەگوترێ مافـەکان، ئـەم لایەنانـە دەگرێتەوە، دابینکردنی کۆمەلآیەتی، کار، هەلومـەرجی دادپەروەرانـە و گونجـاو لـە پیشـەدا، کـرێ و کـاری یەکسـان، بـژاردن و بەخششـی دادوەرانە و دادمەندانـە، ئاسـتێکی بـژێوی گونجـاو، نیشـتەجێبوون و چاودێری تەندروستی، فێربوون و مافی چێژوەرگرتن لە هونەرەکان.

هـــەروەها ئەوانـــە رەوایـــەتییان هەیـــە لـــە بەڵگەنامـــەی نەتـــەوە یـــەکگرتووەکان بـــۆ ســـاڵی ١٩٦٦، دەربـــارەی مافـــە ئـــابووری و کۆمەلآیـــەتی و رۆشـــنبیریەکان. هـــەروەها ئەوانـــە لـــەناو بنـــەمای بەڵگەنامەکانی مافە بنچینەیەکانی کۆمەڵەی ئەورووپادان.

ئەو مافانە بۆی هەیە ویستراوبن، یاخود بەپیچەوانەوە، بـەلآم ئەوانـە مافی مرۆڤ نین، بـەڵکو بانگەشـەن بـۆ (مافـە خۆشـگوزەرانیەکان) لـە جیاتی (مافەکانی ئازادی) ئەوانە خراونەتە ناو جاڕنامەی جیهـانی بـۆ مافەکانی مرۆڤ لەسەر پێداگیری و جەختکردنی یەکێتی سۆڤیەت، کـە مەبەسـتی بـوو لـە پاڵیـەوە دژ بـەرۆژئاوا بـەکاریانبێنێ، رۆژئـاواش پەسەندی کرد بەو هیوایەی کە یەکێتی سـۆڤیەت جاڕنامـەی جیهـانی مافەکانی مـرۆڤ ئیمـزا بکـات، لەگـەڵ ئەوەشـدا یـەکێتی سـۆڤیەت لـە کۆتاییدا دەنگی بۆنەدا. نـارەزایی ((مافـەکانی خۆشـگوزەرانی)) وەك بەشێك لە مافەکانی مرۆڤ.

**یەکەم،** ئەوەیە کە شتێکی جیهانی گشتگیر نیە لە جێبەجێکردندا، بۆ نموونە ئەو مۆلەتانەی بە مووچـەن، نـاکرێ رێکبخـرێن مەگـەر بەسـەر فەرمانبـەرە کارمەندەکانـدا. وە ئەوانـە ریزپـەڕ دەکـات کـە کـار بـۆ خۆیان دەکەن جودا لە خەڵکانی دیکە، و ئەوانەی بێکارن و هـەروەها

ئەوانەی لەماڵەکانیاندا کاردەکەن.
**دووەم**، ئەو مافانە رەها نین، چونکە پشت بەرێژەیی دەبەستێت. وەکو ئەو جیاوازیە زۆرانەی کە لە ئارادان سەبارەت بە ئاستەکانی بژێوێیکی پەسەند، ئەوەشیان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازی هەیە، هەروەها لە مەودایەکی مێژوویی بۆ مەودایەکی مێژوویی دیکە.
جیاوازیەکی گەورە لە ئارادایە بۆ توانایی بەجێهێنانی ئەو مافانە، لە نێوان حکومەتێك بۆ حکومەتێکی دیکە، ئەوەشیان لە مادەی (٢٢) دا دانی پێدانراوە. ئەوەی پەیوەستە بەمافی دابینکردنی کۆمەڵایەتی، ئەوەی کە ئەم هەموارکردنەی تێداکراوە: بەپێی رێکخستن و مەواردی هەموو دەولەتێك.
**سێیەم**، وە نەبێ بواری دەستکاریکردنی تێدا نەبێ، بۆ نموونە لەوانەیە کەسێك لە پێناو زیادکردنی داهاتەکەی کاتی سرەوتن و پشوودان پشتگوێ بخات و کار بکات. خەڵکی گۆڕینی ئامانجێکی پەسەند بە ئامانجێکی دیکەی پەسەند بە باش دەزانن، ئەگەر هاتوو ناکۆك بوون، بۆیە ئەو بانگەشانە لە بەجێهێنانی سێ مەرجە پێویستەکە سەرکەوتوو نابن.
**چوارەم**، ئەوەی، ((پێویست دەکا)) دەبێ ئەوەی ((دەبێت)) بگرێتەوە. بەڵام ئەو مافانەی کە پەیوەستن بەخۆشگوزەرانییەوە، لەسەر هەبوونی کەرەستەی پێویست دەوەستێتەوە، ئەو کەرەستانەی کە لە بواریانەوە هەژارین و بە درێژایی مێژووش زۆربەی کۆمەڵگاکان بەو شێوەیە بوون.

**پێنجەم**،: مافەکانی مرۆڤ حەتمیاتی رەوشتن دەبێ ڕێزیان لێبگیرێ، نەك روانینی کۆمەڵایەتی و ئابوورین کە بۆی هەیە لە داهاتوودا دەستەبەربکرێن.
**شەشەم**: مافە ئابووریەکان، هێرشن بۆ سەر مافە ئازادیەکان، لە پێناو بەجێهێنانی ئەو مافە خۆشگوزەرانیانە. مافێکی واتاداری چاودێریی تەندروستی، کە دەکرێ و بۆی هەیە پابەندبوونێك لەسەر پیشەی پزیشکی بێنێتە دی بۆ بەرەوپێشەوە بردنی ئەو چاودێریە. پێچەوانەی حەزەکانی پزیشك و پەرستارەکان، و لە ئەنجامدا بێبەشکردنیان لە ئازادیەکانیان. کەواتە داواکانی خۆشگوزەرانی، مافی مرۆڤ نین.

## مافەکانی کۆمەڵ و گروپەکان مافی مرۆڤ نین

ناوهێنانی مافی کۆمەڵ و گروپەکان لە بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە مادەی (١) دا باسکراوە کە تیایدا هاتووە: ((هەموو نەتەوەکان مافی چارەنووسیان هەیە)) هەروەها لە مادەی (٢٥) دا هاتووە: ((مافی هەموو میللەتان لە بەرهەم و سەرچاوە سروشتیەکان)) ئەوەش لە بەڵگەنامەی ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریقادا رەنگی داوەتەوە، دەربارەی مافەکانی مرۆڤ و گەلان لە ساڵی ١٩٨١، کە تیایدا هاتووە، ((هەموو گەلان مافی یەکسانیان هەیە)) ، ڕێکخراوی یۆنسکۆ رایگەیاندووە: ((هەموو گەلان مافی پاراستنی کەلتوری خۆیان هەیە)) هەروەها بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ساڵی ١٩٧٥، راگەیێنرا دەربارەی مافی هۆزەکان و دانیشتوانانی

ڕەسەن.

دەبێ ئیجرائاتی تایبەت وەربگیرێن بۆ پاراستنی دامو دەزگا و کەسەکان و مومتەلەکاتی ئەو گەلانە ، گومانی تێدانیە کە کۆنفرانس و کۆنگرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ هەمیشە تژین لە داکوکیکردن لەسەر مافەکانی ئەو کۆمەڵانە. لە ئەنجامی دەستەبەرنەکردن یا جێبەجێ نەکردنی سێ مەرجە زەروریەکە، نارەزایی مافەکانی کۆمەڵەکان دەست پێدەکات.

**یەکەم،** بە شێوەیەکی گشتگیر نیە، چونکە داواکاری چەندین کۆمەڵەی تایبەتن، وەك ئافرەتان، یان دانیشتووانانی ڕەسەن، ئەوەشیان بەو واتایەیە کە هەموو خەڵکی ناگرێتەوە. **دووەم**، وە نەبێ بواری دەستکاری کردنی تێدانەبێ، هەروەکو کە ئاوارەکان لە زۆر ڕووەوە تۆمار دەکرێن، کاتێ کە بەدڵخواز واز لە ناسنامەی پێشووی خۆیان دەهێنن لە پێناو وەرگرتنی ناسنامەیەکی دیکە، هەروەکو ئەوەی کە هاوڵاتیانی نوێی ئەمریکا هەموو ڕۆژێك ئەنجامی دەدەن، یاخود بەریتانیە ڕەش پێستەکان و ئەو جولەکانەی کە لە کۆمەڵگەی ئەوروپیدا تواونەتەوە.

**سێیەم**، بەپێی مافە سروشتییەکان، مافەکانی مرۆڤ دەبێ مولکی تاکەکان بێت، و نابێ هی کۆمەڵەکان بێت، ڕۆشنبیری، زمان، هۆز و نەتەوەکان کیانی بکەر نین بۆ مافەکان.

**چوارەم،** مافە ڕۆشنبیریەکان، مافەکانی یەکسانی بۆ هەمووان ڕەتدەکاتەوە، بەڵکو دەبێ ئامرازێك بن بۆ چارەسەرێیکی تایبەت بۆ دەستەو گروپی تایبەت، بۆ نموونە جیاکاری بە ئەنقەست.

گرنگـه کـه دان بـەوە بنـرێ چـەندین کۆمەڵـەی دیـار و بەرچـاو لـەناو کۆمەڵگادا وەك کەمایەتیـە رەگـەزی و ئـەتنی و ئافرەتـان و ئەوانـەی ناوازەیی سیکسییان هەیە لە مافە مرۆییـەکانیان بێبەشـکراون، بـەڵام ئامانج دڵنیابوونە کە هەر مرۆڤێك مافی هەژی و یەکسانی هەیـە، نـەك لەبەرئەوەی کە هەندێ کۆمەڵەی دیاریکراو شایانی مـافی تایبـەتن بـە هۆی ئەوەی کـە بـە درێـژایی مێـژوو خـراپ هەڵسوکەوتیان لـە تەکـدا کراوە.

## مافە راستەقینەیەکانی مرۆڤ

دەبێ باوەرمان بە پاڵپشتی و پشتیوانیکردنی مافەکانی مرۆڤ هەبێت، بەڵام دەبێ دڵەراوکێشـمان هـەبێ سـەبارەت خـراپ بـەکارهێنانی ئـەو بیرۆکەیــە و لەدەســتدانی هەســتی پێویســت لــە ئەنجامدانیــدا لــە هەلومەرجی جیاوازدا.

**یەکەم،** نابێ بیرۆکەکـە هـەموو حـەز و داوایـەك بگرێتـەوە. مافـەکانی مرۆڤ تا ئەو رادەیە بەنرخن شایانی ئەوەن کە چارەسەرێکی تایبەت و ئەولەویەتیان پێبدرێ.

**دووەم،** پاڵپشتی کردنی مافەکانی مرۆڤ دەبێ هەندێ رێـز دابنێـت بـۆ کـەلتورە جیاجیاکـان و مێـژوو و هەلومـەرجی جیاجیـا. ئـەو رێگـا و شـێوازەی کـە پێویسـتە تیایـدا رێـز لـەو مافانـە بگـرێ، لەوانەیـە لـە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە جیاوازبێ. بۆیە نابێ کـەس بـە مەرج دابنـێ، ئەوەی کە بۆ ئـەمریکا یـا سـوید یـا ئـەڵمانیا گونجـاوە، دەبێ هەمان شت لە بیلاروس و ستۆنیا، یا ئـەرژەنتین، یـا نێجیریـا و

سودان ئەنجام بدرێ.

تێگەیشتنی روون بۆ بیرۆکەی مافەکانی مرۆڤ ، مەسەلەیەکی گرنگە بۆ پشتیوانی و پاڵپشتیکردنی، بە تایبەتی بۆ هەموو ئەوانەی کە رۆژانە لێی بێبەشن. هەر شتێکی ویستراو لەخۆیدا ماف نیە، و هەموو مافەکانیش، مافی مرۆڤ نین. زێدەرۆییە ئەگەر بڵێین ئەشکەنجەدان، بەهۆی تەزووی کارەباوەو نەدانی مۆڵەتێکی بە مووچە ، دوو شتی وەکیەك وان، دەبێ هەموو حکومەتێك بەرپرسیار دابنرێ لە ئەنجامی سەرنەکەوتنیدا لە پاڵپشتیکردنی مافە راستەقینەکانی مرۆڤدا.

# داد پەروەری

**دادپەروەری واتە ژیان بەراستگۆیی، کەس ئازار نەدەی، هەروەها هەر کەس بەمافی خۆی بگات!**

**- فەیلەسوفی یونانی ئەلبیان -**

## داد پەروەری چیە؟

دادپەروەری لە بازنەی ئەو یاسایانەدا دەسوڕێتەوە کە پاداشت و سزاکان دابەش دەکەن، ئامانجیشی ئەوەیە هەر کەسەو مافی خۆی پێبدرێ. ئەوەش نەك تەنیا کەرەستە مادیەکان، بەڵکو هەر شتێ کە قابلی دابەشکردن بێت دەگرێتەوە، وەك ئازادی و مافەکان. نابێت لە نێوان دادپەروەری و ئەوەی کە لە خوڕەوشتدا دروست و باشە تێکەڵی بکەین، وەك ئەوەی زۆر جار دەکرێت.

لەوانەیە کەسێك هەڵسوکەوتێك بکات کە خەڵکانێك بە ناپەسەندو بەدڕەوشتی لەقەلەم بدەن، بەڵام بە هەڵسوکەوتێکی نادادپەروەر ناژمێردرێت، چونکە دادپەروەری بە شێوەیەکی بنەڕەتی پەیوەندارە بە یاساو سیستەمەکان و چۆنیەتی جێبەجێکردنیان.

دوو پرسیار لە بیرۆکەی دادپەروەریدا سەرهەڵدەدەن : بەشی هەموو مرۆڤێك چەندە ؟ یان ئەو پاداشت و سزا گونجاوانە چین بۆ خودی ئەو مرۆڤە. هەروەها بنەماکانی دابەشکردن چین؟ کامانەن ئەو بنەما لەبارو گونجاوانە بۆ هەر کارێکی خێرخوازی؟ لەوانەیە سیستەمەکان زۆر جیاواز بن، ئەگەر باس لە دابەشکردنی بەرهەم بکەین ، یا

دەربــارەی خۆشەویســتی، یــا ســزا، بــە شــێوەیەکی کلاســیکی دادپــەروەری ئیجرایــی بــوو: ســەبارەت بــە ئــازادی مــرۆڤ و ســزادانی ئەوانەی ڕێز لە ئازادی خەڵکانی دیکە ناگرن.

دادپەروەری بە چەمکە مێژوویەکەیەوە ئێستا لە دوو ئاراستەوە لەژێر هەڕەشەدایە، هەڕەشەی یەکەم، لە چالاکیە (داد)یەکانەوەیە، کاتێ کە بڕیارەکانی دادوەرەکان تەنیا کاردانەوەی ویست و خواستی دادوەرەکانە، سەبارەت بەوەی کە چی ڕاستەو چی هەڵەیە. ئەوەیان حوکمی تاکەکانەو نەك حوکمی یاسا.

هەڕەشەی دووەم، لە هەوڵی دابەشکردنەوەی داهات و بەرهەم دادێت لەســەر بنەمایــەکی نادیــار، بــەڵام ســەرنج ڕاکــێش بــە شــێوەیەکی سەرسەرەکی ، ئەویش بنــەمای دادپــەروەری کۆمەڵایەتییــە، بــەمانای ((کێ خاوەنی چیە)) نەك ئەوەی کە هەیەتی چۆن بەدەستی هێنــاوە ، لەگەڵ ئەوەی کە دادپەروەری گرنگی بە هەندێ مەسەلەی وەکو ئــازادی و سیستەم و یاساکان دەدا واتــە ڕوانینــی نوێ، ئــەوەی کــە گرنگی دەدا بە دابەشکردنەوەی کەرەستە مادییــەکان، چ ئــەوەی کــە مرۆڤ داهات و بەرهەمەکــەی بــە شــێوەیەکی عادیلانــە کۆکردبێتــەوە ، وەکــو کــاری ســەخت و قــورس، ئــەوە بابەتێکــە پەیوەنــدی بــە دادپەروەری کۆمەڵایەتییەوە نیە.

## گوتەی فەیلەسوفەکان دەربارەی داد پەروەری

ئەفلاتۆن و ئەرستۆ گرنگی زۆریان دەدا بە مەسەلەی دادپەروەری و بە بناغەی مانەوەی کۆمەڵگای چاکیان لەقەلەم دەدا. ئەفلاتۆن بەم شێوەیە وەسفی دادپەروەری دەکرد: ((هەر کەسەو مافی خۆی بدرێتیێ)) بەلای ئەوانەوە دادپەروەری پەیوەست بوو بە نرخ و بەهای مرۆڤەوە. سەیر نەبوو کە بیرمەندێکی وەکو ئەفلاتۆن لەو باوەڕەدا بێت کە نرخ و بەها پەیوەستە بە عەقلەوە، هەر ئەوەش هانی دەدا داوا بکات کە حوکم بۆ فەیلەسوفە زاناکان بێت .

لەوساوە ناڕەزایی بیرمەندەکان ئەوە بوو کە رێزیان لێناگیرێ و ئەودەسەلاّتەیان پێنادرێ کە مافی خۆیانە. چالاّکی دادوەری تەنها رواڵەتی هاوچەرخە بۆ بانگەشە کردن بەوەی کە عەقل باشترین بنەمای دەسەلاّتی دادپەروەرانە دەستەبەر دەکات.

بوونی سیستەم و یاساکان بە جەوهەری دادپەروەری ، لەوەدا بەرجەستەبو کە سوکرات لە کۆڕبەندی ئەسینا دەنگدانی ڕەتکردەوە لەسەر لە سێدارەدانی ئەو جەنەراڵانەی کە سەرکەوتوو نەبوون لە ڕزگارکردنی قوربانیانی ئەو کەشتیانەی کە لەدەریا نقوم دەبوون. سوکرات رای وابوو کە نابێت هیچ کەسێك حوکمی بەسەردا بسەپێنرێت بەبێی دادگاییکردنێکی دادپەروەرانە. تەنیا دوای ئەوەی هەلی بەرگریکردنی تەواوی بۆ دەڕخسێنرێت، بۆی هەیە حوکمەکان بسەپێنرێن. لەسەدەکانی ناوەڕاستدا بە شێوەیەك لە دادپەروەری دەڕوانرا کە باشترین فەزیلەی سیاسییە، بە شێوەیەك ئەگەر هاتوو دەسەلاّتداران کەسانی دادپەروەر بوون ئەوا کۆمەڵگاکان لە ژیانێکی

ئاشتی و خۆشگوزەرانیدا دەژین.
چاخی ڕێنیسانسی سکۆتلەندی جەختی کردبووە سەر دۆزینەوەو دارشتنی یاسا دادپەروەرەکان، لەسەر ئەو بنەمایەی کە ڕێزنانە لە مافەکانی مرۆڤ. جۆن لۆك، دادپەروەری بە هاوتای پاراستنی ژیان و ئازادی و مافی موڵکدارێتی دادەنا، هەروەها هیۆم لەو باوەڕە دابوو کە مرۆڤ ناتوانێ ئاسایش و خۆشگوزەرانی خۆی دابین بکات مەگەر بەهاوکاریکردن لەگەڵ خەڵکانی دیکەدا.
ئەوەش بووە هۆی پێویستبوونی دامەزراندنی سیستەم گەلێکی دیارو ڕێکو پێك ، کە گشت ملکەچیانبن و هەست بکەن کە سیستەمگەلێکی دادپەروەرانەن. یاساکانی هیۆم دەربارەی دادپەروەری مولکایەتی بەم شێوەیە بوو: خاوەنداریەتێکی دروستی مولکایەتی، گواستنەوەی مولکایەتی بە ڕەزامەندی و جێبەجێ کردنی بەڵێنەکان. دادپەروەری لە ڕێگای نیشاندانی ڕێزگرتن لە ئازادی و سامانی خەڵکانی دیکەوە بەدیاردەکەوێت، ئادەم سمیس لەم بوارەوە بەم شێوەیە ڕای خۆی دەردەبڕێ :
((تەنیا دادپەروەرییە لەزۆربەی حاڵەتەکاندا ، باشیەکی نەگەتیڤە ، ڕیگا نادات کە زەرەرو زیان بە دراوسێکانمان بگەیەنین.
ئازارو ئەزیەتنەدانی خەلك، ڕەفتارێکی دادپەروەرانەیە، رێز لە خەلك نەگرتن لە رێگای ئەنجامدانی کردەوەی وەك: توندوتیژی، دزی و پەلاماردانی چەکداری، بۆی هەیە پاساوی بەکارهێنانی هێز بەرێگای یاساوە بداتەوە وەك ، زیندان، یان سزای ماڵی لەلایەن حکومەتەوە لە پێناو ئەنجامدانی دادپەروەریدا.

# داد پەروەری لە یاساکاندا

دادپـــەروەری لـــە چوارچـــێوەی سیســـتەمی یاســـایی تایبـــەت بـــە دابەشکردنی سزا و پاداشتەکان و لەئەنجامی کارە هەڵەو چـەوتەکاندا بـەکاردەهێنرێت، ئەوانـەی کـە بـە پێشـێلکاری دەژمێـردرێن بـۆی، و هەروەها دەستەبەرکردنی قەرەبوو بۆ زەرەرو زیانەکان.

دەستە دادوەریەکان بە جێبەجێکاری دادپەروەری دادەنـرێن. خـودی یاسا مەرج نیە دادوپەروەرانە بێت، بۆیە دەشـێ ڕەخنـە لـە یاسـاکان بگـیرێ لەسـەر ئـەو بنەمایـەی کـە دادمەنـدنین، لەبـەر ئـەوەی کـە مامەڵەیەکی یەکسـان لەگـەڵ خەڵکدا ناکـەن. سیسـتەمی دادوەریـش بەرپرســە لەدەســت نیشــانکردن و جێبــەجێکردنی ئــەو سیســتەمە ئیجرائیانەی کە بـە شـێوەیەکی فـراوان پەسـەندن ، ئـەو سیسـتەمانە دەکەونە چوارچێوەی دەسەڵاتی یاسا.

سیستەمی قەزایی دەسەڵاتی رەفتارکردنی لەگەڵ خەڵکدا بـە چـەند شـێوازێك هەیـە کـە دەکرێـت دادپەروەرانـە نـەبێت، و بـەهۆی ئـەو مەترسـیانەی کـە لـەناو ئـەو جـۆرە دەسـەڵاتانەدا هەیـە، پێویسـتە سیستەمی توند پەیڕەو بکرێت، لەوانەش بێلایەنی دادوەرییە، یـاخود نابێت دادوەرەکان لایەنگیری بکـەن ، یـان رەچـاوی لایـەنێك بکـەن و لایەنێکی دیکە پشت گوێ بخەن.

دادپەروەری ئیجرایی پەیوەستە بە ڕێزگرتنی یاساکان و پەیوەندی بە چـۆنیەتی دەرکردنـی بڕیارەکانـەوە هەیـە، نـەك بـە نـاوەڕۆکی ئـەو بڕیارانەوە ، ئەنجامەکانی دروست لەگەڵ ویژداندا ئەو ئەنجامانەن کـە لە پابەند بـوون بـە سیسـتەمەکانەوە دێ، لـە چوارچـێوەی وەرزشـدا

ئەنجام مونسفانە دەبێت، ئەگەر یاسای دیاریکراو پەیڕەوکران، وەك ئەوەی دووکەس یەك مەودا ڕابکەن، کاتی راکردنەکەش وەك یەك بدرێت ، و دادوەرەکانیش بێلایەن بن ، یەکێ لە وەرزشوانەکان پێشبڕکێیەکە ئەم هەفتەیە بباتەوە وەرزشوانەکەی دیکە هەفتەی دواتر، یاخود هەمان وەرزشوان هەموو هەفتەیەك بباتەوە، ئەوە بناغەیەك بۆ بانگەشەی نادادپەروەری پێکناهێنێ.

یەکێ لەگەورەترین هەڕەشەکان بۆسەر دادپەروەری، ئەو کاتەیە کە دادوەرەکان لە گۆشە نیگای بۆچونی تایبەتیانەوە لێی دەڕوانن، لە جیاتی ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ئەو رێسایانەی لە دەستوورو یاساکاندا نووسراون، یان بۆ ئەو یاسایانەی کە بە شێوەیەکی بەرفراوان جێی پەسەندن و لە دادپەروەری سرووشتییەوە سەرچاوەیان گرتووە، لەم حاڵەتەدا دادوەرەکان بەپێی ئەنجامەکان حوکم دەدەن، لە جیاتی ئەو هۆکارانەی کە بەهۆیانەوە ، بڕیار وەردەگرن.

دڵەڕاوکێیەك لە ئارادایە سەبارەت ئەو دادوەرانەی کە ئەو شێوازە پەیڕەو دەکەن، هەڕەشەیەك بۆ دادپەروەری دروست دەکەن ، چونکە ئەو شێواز رەفتارەیان زەرەر لە سیستەمەکە دەدات ، وەکو ئەوەی کە زانراوە بە شێوەیەکی گشتی. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە پێشبینیەکانی دەربارەی چۆنیەتی ئەو ئالیەتەی کە دادگاکان حوکمی پێدەکەن لەهەر کێشەیەکدا کەمبن، چونکە دادوەرەکان بەها تایبەتی و حەزو خواستەکانیان دەسەپێنن، بە شێوەیەك کە دەسەلاتیان بە جۆرێکی خراپ بەکاردەهێنن و لێپێچنەوەیان لێناکرێت ، بەم شێوەیە باوەڕی خەڵکی بە دادگاکان لەق دەبێت.

# بیرۆکەی مافداری لە داد پەروەریدا

زۆربەی هەرەزۆری هەوڵەکانی جێبەجێکردنی بنەماکانی دادپـەروەری دەربارەی دابەشکردنی داهات و بەرهەم لە دوتـوێی کتێبێکـدان ، کـە مامۆستای فەلسەفە لە زانکۆی هارفـارد (رۆبـێرت نۆزیـل) دانەریـەتی بەناونیشانی ((دەوڵەت و یۆتۆبیا)) کە تیایدا ڕەخنـەی کەمەرشـکێنی ئاراستەی بیرۆکەکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی کردووە.

لە کتێبەکەیدا شێوازێکی نوێی بۆ بیرۆکە تەقلیدیەکان خستۆتە ڕوو بەناوی، بیرۆکەی مافداری لە دادپەروەریدا، تیایدا ڕوونیکردۆتەوە کـە دابەشــکردنی موڵکایــەتی دادمەندانــە دەبــێ ، ئەگــەر هــاتوو لــە خاوەنداریــەتی و گواســتنەوەی دادمەندانــەی موڵکایــەتی بــوو ، ناچــارکردن و قــەڵپی تیانــەبوو، ئەگــەر مافێــك لــە مافــەکان ئینکارنەکرابێت، ئەوا دادپەروەری جێبەجێکراوە.

بۆیـە هـیچ بیانویـەکی ئـەخلاقی لـە ئـارادا نیـە بـۆ دابەشـکردنەوەی بەرهــەم و داهاتــەکان بــە شــێوەیەکی بــەرفراوان، بــە مــەرجێك کــە موڵکدارییێتی بە شێوەیەکی دروست و دادمەندانەوە ئەنجامدرابێت.

مافی خاوەنداریەتی ئەو کەلوپەلانـەت هەیـە کـە بەرهـەمیان دەهێنـی یـاخود بەدەسـتی دەهێنـی بـە شـێوەیەکی خۆبەخشـانە، کۆمـەڵگای ((دادمەنــد)) بــەمانا ڕاســتەقینەکەی لەوانەیــە چــەندین شــێوازی جیاجیای دابەشکردنی بەرهەم لـەخۆبگرێ ، چونکە پرسـیاری گـرنگ ئەوەیە ، دابەشکردن چۆن دەستی پێکرد، ئایا ڕێز لـە مافـەکان گـیرا یــان نــا، ئــەوە بیرۆکەیــەکی ئیجرائییــە، پابەنــدە بــە تێگەیەشــتنی مێژوویمان بۆ دادپەروەری .

كۆمەڵگايەك كە كەلێنی گەورەی تێدا دروست دەبێ لە نێوان زۆر دەوڵەمەندو زۆر هەژاردا مەرج نیە كۆمەڵگایەكی نادادپەروەربێت، واتا زانیاریەكان دەربارەی دابەشكردنی بەرهەم و داهات شتێكمان پێنالێن سەبارەت دادپەروەری ئەو كۆمەڵگایە، بەڵكو دەمانەوێ بزانین ئەو دابەشكردنە چۆن پەیدابوو ، ئەو كۆمەڵگایەی كە كەلێنی گەورەی تێدایە، لەوانەیە كۆمەڵگایەكی دادمەندانە بێت، ئەگەر دەوڵەمەندەكان داهاتەكەیان لە رێگەی ئەو كەرەستانەوە بەدەست هێنابی كە هەژارەكان بە شێوەیەكی خۆبەخشانە كڕیاری بووبن، هەروەها لەوانەیە دادمەندانە نەبێت ئەگەر یەكسانی ئەنجامدرا لە رێگەی دزیكردن هەندێك لە هەندێكی دیكە.

نۆزێك دوو بڕگەی دیكە بۆ بنەمای بوونی خۆبەخشانەی روون و ئاسان دیاریدەكات، یەكەم بنەمای چاكسازی ، چاكسازی زۆرداریەكانی پێشوو ، بۆ نموونە ، پێویستە ماڵ و موڵكی ئەو كەسانەی كە لێیان دزراوە بۆیان بگەڕێندرێتەوە ، و ئەوانەی كە زەرەرو زیانیان بە خەڵكی گەیاندووە پێویستە قەرەبوی ئەوانە بكەنەوە كە زەرەرمەندبوونە.

ئامانج گەڕاندنەوەی هەلومەرجەكەیە بۆ ئەو سەردەمەی كە زەرەرو زیان بەر مومتەلەكاتەكان نەكەوتبوو، یاخود ئەو بارودۆخەی پێشوو، دووەم ئەو بنەمایە پەسەند كرابوو كە لۆك داینابوو كە دەڵێ: مافی موڵكداری ، نابێ هیچ كەسێك لە پێداویستیە ژیاریەكانی بێبەش بكات وەكو ئاو لەبیاباندا ، بەدەر لەوەی كە باسمان كرد ، هەردابەشكردنێك لە قابلییەتدا جێبەجێكردنێكی دادمەندانەیە.

# دادپەروەری كۆمەڵایەتی چییە؟

هـــەروەك تۆمـــاس ســـویل دیـــاریكردووە ، دادپـــەروەری هـــەمووی (كۆمەڵایەتی) یە بەو واتایەی كە پەیوەندی بەكارلێكی نێوان چـەندین كەســەوە هەیــە. لەگــەڵ ئەوەشــدا، داواكــردن لەســەر دادپــەروەری كۆمەڵایـەتی بابەتێكـە زۆر لـەوە بـەهێزترە ، لـە ڕاسـتیدا سـیویل بـە شێوەیەك وەسفی دەكات كە دادپـەروەرێتی ناكۆمەڵایەتیـە ، چـونكە ئەو نرخ و بەهایەی كە كۆمـەڵگا دەیـدا بەرامبـەر وەڵامگـۆیی بـۆ ئـەو بابەتانە پشتگوێ دەخات.

دادپــەروەری كۆمەڵایــەتی یــان دابەشــكاری هــەروەكو لــە سیاســەتدا بــەكاردەهێنرێ ، ئامــاژە بــەوە دەكــات كــە تــەنها یــەك شــێوازی دابەشكردن هەیە كە دەكرێ بەجۆرێكی ئەخلاقی پاساو بكرێـت، ئـەم شێوازە لە كۆمەڵگادا بوونی نیە، بۆیە ئەوەش پاساو دەداتە دەوڵـەت ، داهــات و بەرهەمــەكان دابەشـبكاتەوە، واتــە لەوانــە وەربگرێتــەوەو بیداتە ئەو دەستەو كۆمەڵانـەی كـە پێویسـتیانە لـەپێناو ئەنجامـدانی دابەشكردنێكی ئەخلاقی .

گوتنێك هەیە كە دەڵێ : ئەو دابەشكردنەی لە بازاڕو گۆڕینەوەی ئازاد دایــە ئــەخلاقی نیــە، ئــەوەش پێچــەوانەی بیرۆكــەی مافداریــە لــە دادپەروەریدا ، دادپەروەری كۆمەڵایەتی ئێستا دروشمێكی براوەیە لە سیاسەتدا چـونكە دەسـەڵات دەدات بـە دەوڵـەت و ئەوانـەی دەوڵـەت بەڕێوە دەبەن بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی كـێ چـی وەردەگـرێ ، ئـەو بنــەما ئەلتەرناتیڤانــەی كــە لەســەر بنچــینەی دابەشــكردن ئــەنجام دەدرێن ، زۆر كەم باسیان دەكـرێ ، دادپـەروەری كۆمەڵایـەتی زیـاتر

لەوەی کە دروشمێك بێت بۆ زیاتر کردنی ناڕەزایی و گرتنە دەستی دەسەڵات، وەکو ئەوەی هەڵسەنگاندنێك بێت دەربارەی چۆنیەتی توانای جێبەجێ کردنی .

## داد پەروەری کۆمەڵایەتی وەك سەراب

فریدریك هایك لە گوتارێکیدا دەڵێ: دادپەروەری کۆمەڵایەتی ، تەنیا سەرابێکەو بەس، بە نەخشەسازی داڕێژراوە بۆ مەبەستی فێڵ و گومڕایی، هایك گەیشتبووە ئەو باوەڕەی، کە لە کۆمەڵگا ئازادەکاندا بیرۆکەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بە هیچ شێوەیەك مانایەکی نیە ، کاتێك کە ڕێگا بە خەڵکی دەدرێت کە کەلو پەل و خزمەتگوزاریەکانیان بە ئازادانە ئالوگۆڕ بکەن ، هەروەها کە دابەشکردن ئەنجامدەدرێت وەکو ئەنجامی پرۆسەیەکی ئازاد نەك وەك ئەنجامی نیازو مەبەستی هەرکەسێك بێ.

مەسەلەی یەکەم لەگەڵ ئەو بیروبۆچوونە ، ئەوەیە کە دادپەروەری لەگەڵ ڕەفتاری ئادەمیزاد دایە ، ڕەفتاری ئادەمیزاد ناکرێ بە دادپەروەر یان نا دادپەروەر دابنرێ ، لەگەڵ ئەوەشدا دابەشکردنی پاداشتەکان لە کۆمەڵگایەکی ئازاد دا ئەنجامی ویست و ئارەزو و روانینەکانی هیچ مرۆڤێك نیە، بەڵکو ئەنجامی ملیۆنان بڕیارن کە ڕۆژانە ملیۆنەها مرۆڤ دەیدەن ، کێیە ئەو کەسەی کە بەشێوەیەکی دادمەندانە ڕەفتاری کردبێ بۆ ئەنجامدانی ئەو گوتنەی کە دابەشکردن نا دادمەندانەیە ؟.

دووەم، هیچ ڕێکەوتنێك لە ئارادانیە دەربارەی ئەوەی کە

دابەشـکردنی دادمەندانـە کامەیـە، ئەنجامـدانی بنـەمای دادپـەروەری کۆمەڵایەتی پێویستی بـە هەماهـەنگی و هاوکـاری هـەموو تاکێکـە لـە دابەشکردنەوەی بەرهەمدا، تا بەهای مرۆڤێکـی دیکـە بنوێنێت ، ئـەو شـتەی کـە لەگـەڵ ئازادیـدا ناکۆکـە ، بـۆ جێبـەجێکردنی بـیرورای کەسێکی دیاریکراو دەربارەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی ، واتـە دانـانی جۆرە دابەشکردنێك کە لەوانەیە لەلایەن خەڵکانێك نادادمەندانە بێـت، زۆربـەی هـەرە زۆری خـەڵك نـاڕازی دەبـن سـەبارەت هـەر جـۆرە دابەشکردنێکی سەپێنراو.

کێشەی سێیەم، کۆمەڵگا ئاڵۆزەو لە حالەتی گـۆڕانی بـەردەوام دایـە، بە شێوەیەك کە ئەستەمە کارێك ئەدا بکرێت کە ئەنجامەکـەی پێشـتر بڕیـاری لەسـەر درابـێ، چـوارەم ، دابەشـکردنەوە زیـان بـە خۆشـگوزەرانی دەگـەیێنێ، چـونکە هەرکەسـەو هەوڵـدەدات ، داهاتەکەی زۆر بکات لە ڕێگای وەلامگۆیی بـۆ هـەر پێداویسـتیەك کـە دەبنە هۆی زیادکردنی داهات، لەجیاتی هەوڵدان بۆ ڕازیکردنـی حـەزو پێداویستیەکانی بەکاربەران .

پێنجەم، دابەشکردنەوە، دەسەلاتی سیاسی و بەرژەوەندیـەکانی ئـەو گروپە ولایەنانە دەسەلمێنێت کە توانای ئەوەیان هەیە کاربکەنە سەر بڕیـار بەدەسـتەکان و ڕازیکردنیـان بـەوەی کـە شایسـتەی ئیمیتـازی زیـاترن، هێـزی سیاسـی خـاوەنی بڕیـارو گوتـەی کۆتـایی و یەکلاکەرەوەیە و حکومەت دەبێتە سەرچاوەی سامان.

## داد پەروەری کۆمەڵایەتی شمولییە

نۆزیک دادپەروەری کۆمەڵایەتی وەك بنەمایەکی شمولی سەرکۆنە دەکات، لەبەر ئەوەی سامان بە مولکداریێتی هاوبەش دادەنیٚ و حکومەت بۆی هەیە بەپێی ئارەزووی خۆی دابەشی بکات، بۆیە بەو شێوەیە هیچ داننانێك لە ئارادا نیە سەبارەت ئەوەی کە خەڵك مافی هەیە بەسەر ئەو کەلوپەل وکەرەستانەی کە بەرهەمی دێنیٚ، مولکداریێتی بە کۆمەڵ پرۆسەی بەرهەمهێنان ، لەدابەشکردن بەباشتر دەزانیٚ .
چ شتێك ئەو مافە بە دەوڵەت دەدا کە دەست بەسەر بەرهەمی تاکە ئازادەکاندا بگرێت ؟ دەوڵەت وەکوە ئامێری کۆمەڵایەتی کە هەبووبن بۆ جێبەجێکردنی ئارەزوەکانی ڕەفتارمان لەگەڵدا دەکات، ئەوەش پێچەوانەی بۆچوونەکانی فەیلەسوفی ئەڵمانی (کانت)ە کە بە حەتمی تەواو ناسراوە : پێویستە بە شێوەیەك رەفتار لەگەڵ خەڵکیدا بکریٚ بە ڕادەی خۆیان نەك تەنیا وەکو هۆکارێك بۆ جێبەجێکردنی مەبەستی خەڵکانی دیکە ، ئەوە ئەو بنەمایەیە کە کۆیلایەتی قەدەغە دەکات، بۆیە دادپەروەری کۆمەڵایەتی ئەنجامی شمولی هەیە ، چونکە ئەو مانایە دەبەخشیٚ کە هەموومان کۆیلەی دەوڵەت بین.

## بنەما هاودژەکان

لایەنگرانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی زۆر تەمومژاوی دەردەکەون دەربارەی ئەوەی مەبەستیانە، وا هەست دەکەن ئەو کەسانەی کە گوێبیستی ئەوانەن بە شێوەیەك لێکدەدەنەوە کە ئەوە بۆچوونی تایبەت بە خۆیانە ، دەربارەی ئەوەی پەیوەستە بە (کیٚ دەبیٚ چ

وەربگـریٚ) سـەرەڕای ئـەوەی بـۆی هەیـە پێچـەوانە بـیٚ لەگـەڵ ڕاو بۆچـوونی بیسـەرانی دیکـە — کـاتیٚ کـە ناچـار بـە شـیکردنەوەو شـرۆڤەکردنی بنەماکـە دەبـن، ئەوانـەی کـە بـەرگری لێدەکـەن سـیٚ بنـەمای هـاودژو پێچـەوانەی یـەکتر بەهەنـد وەردەگـرن :یەکسـانی و پێداویستی و جیاوکەکان ، کە هەموویان نادادپەروەرن.

## داد پەروەری کۆمەڵایەتی وەك یەکسانی

لایەنگرانی یەکسانی لەو باوەڕەدان کە تەنها دابەشکردنی ئـەخلاقی ، لە یەکسانی بەرهەم و داهاتەکاندایە ، سەرەڕای ئەوەش لەو بـوارەوە روونکردنـەوەکانیان وەکـو پێویسـت نیـە، گوتنـەکانیان دەربـارەی دابەشکردنی نـا یەکسـانی، وەکـو هۆکارێـك لەسـەر لـە ئارادانـەبوونی دادپـەروەری، واتە بەڕوونی ئەو مانایە دەبەخشیٚ کە هـەر جیاوازیـەك لە داهاتەکاندا ، ئەنجامی نەبوونی دادپـەروەرییـە ، ئـەوان وا دادەنـێن کە یەکسانی هەلومەرجێکی سروشـتییە، هـەر دەرچـونێکیش لێیـەوە پێویستە ڕوونکردنەوەو پاساوی خۆی هـەبێت ، لـە ڕاسـتیدا نـەبوونی دادپــەروەری خــۆی شــتێکی سروشــتییە ، و بــزاو رووەو خــودی ئاراستەی یەکسانی دەبیٚ پاساو بکریٚ .
بەڵگـە دژ بـە ئەنجامـە یەکسـانەکان لـە ژێـر ناونیشـانی یەکسـاندا باسدەکرێن ، بەلاٚم دەبێت تێبینی ئەوە بکرێت کـە حاڵـەتی ئەنجامـە یەکسـانەکان بێگومـان نادادپەروەرانـەن ، چـونکە رەچـاوی هـەوڵ و بەرهەم و بەجێهێنانی داواکانی خەڵکانی دیکە ناکـات ، واتـا پاداشـتە یەکسانەکان بـۆ هـەر کەسـێك رەچـاو دەکـات بـەبیٚ ئـەوەی بڕوانێتـە

تەمبەڵی یاخود نابەرپرستێتی ئەو کەسە لە هەڵسوکەوتیدا.
زۆر لە لایەنگیرانی یەکسانی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە مەبەستیان یەکسانی رەچاوکراو نیە ، بەڵکو مەبەستیان یەکسانی زیاترە، بەلآم قەبارەی ئەو یەکسانیە پێویستەیە چەندە بۆ جێبەجێکردنی ڕاوبۆچونەکانیان دەربارەی دادپەروەری ؟ چۆن بەو ئەنجامە گەیشتن کە تەنها پلەی ئەو یەکسانیەی کە داوای دەکەن ئاستی دادپەروەری جێبەجێدەکات کەچی هەندێ لەلایەنگرانی دیکە باس لە ئاستێکی دیکەی زۆر جیاوازتر لەو ئاستە دەکەن.

## داد پەروەری کۆمەلآیەتی وەك پێداویستی

قوتابخانەیەکی دیکە پێیوایە، دەبێ سامان لەسەر بنچینەی پێویستی دابنرێت، پێداویستی پێویستیە، کەس بەبێی ناژی، و زۆر زیاترە لە پێداویستی و ئارەزووەکان، مرۆڤ بۆ مانەوە پێویستی بە هەندێ شتی سەرەکی هەیە وەکو خواردن، جل و بەرگ و خانووبەرە ، ئەمانە بە گرنگ دادەنرێن وەکو مافداری نەك تەنیا ئارەزوو ، بەو شێوەیە پێداویستیەکان لەپێشترن وەك لە ئارەزووەکان.
یەکەم جار دەبێ پێداویستیە سەرەکیەکان بۆ هەر مرۆڤێك دەستەبەر بکرێن، ئینجا ئارەزووەکان لۆژیکی فەلسەفەی پێداویستیەکان دابەشکردنەوەی بەرهەمە لەسەر ئاستی جیهانیدا، پێویستە بەزەبری زۆر بەرهەم لە گەلانی خۆشگوزەران لە ولآتە دەوڵەمەندەکان وەربگیرێتەوەو بدرێ بە خەلکی هەژار لە ولآتە هەژارەکاندا ، بنەمای پێداویستیەکان وا دەخوازێ کە لە زۆرینەی هەرە زۆری خەڵکی لە

ولآتـانی دەوڵەمەنـد بسـەنریٚ ، هـەتا ئەوانـەی کـە خۆیـان بـە هـەژار دادەنێن ، بەلآم لە پێداویستیە سەرەکیەکان بێبەش نین ، هەروەها ڕێگا نادریٚ کە کەس ئالْوگۆڕی و گۆڕانکـاری نـەوعی لـەناو ماڵەکەیـدا بکات یاخود جل و بەرگی لۆکس و سـەردەم بکـڕیٚ ، یـاخود بچـێتە سینەما ، یان کاسێتی ڕیکۆرد بکڕیٚ مادامـەکی خـەڵکانێك هـەبن بـە دەست برسێتیەوە بناڵێنن .

بەپێی ئەو لۆژیکە نابیٚ ڕێگا بەو کەسانە بدریٚ کە ئەو کتێبانـە بکـڕن کـە لایـەنگیرانی بنـەمای پێداویسـتیەکان دایاننـاون ، بـەڵکو دەبـیٚ پارەکەیان بۆ ئەو کەسانە بنێـرن کـە هـەژارن، پێویسـتە لەسـەر ئـەو لایەنگیرانـە ئـەو داوەتنامانـە ڕەتبکەنـەوە کـە بـە هۆیانـەوە گەشـتی ولآتــان دەکــەن بــۆ بــرەودان بــە هــزرو بۆچــونەکانیان مادامــەکی پێداویستیەکانی خەڵکانی دیکە بەجێنەهێنراون ، ئـەوەی ڕاسـتی بـیٚ بنەمای خۆیـان جێبـەجێ ناکـەن ، ئـەوەش نیشـانەو ئامـانجی خـۆی هەیە لەسەر کەم و کورتی لەو بنەمایەدا .

گیرگرفتی زۆر لە ئارادان سەبارەت بە ئاستی پێداویستیەکان یەکـەم، پێداویسـتیەکان بـە بـەردەوامی دەگـۆڕدرێن ، بۆیـە قـەت و بـە هـیچ جۆرێـك بـە تـەواوی جێبـەجێناکرێن، دووەم، خـودی پێداویسـتیەکان چوارچـێوەی مێـژوویی پشـتگویٚ دەخـەن ، ئـەوەی بـە خواسـت دادەنرێت لەناو کۆمەڵگاکانـدا جیاوازیـەکی بـەرفراوانی هەیـە و لـەنێو کۆمەڵگاکانـدا لـە چوارچـێوەی مێـژووی جیـاوازدا ، سـێیەم، بـوونی پێداویستی لە خودی خۆیدا بـەو مانایـە نیـە کـە پابەنـدبونێك بەسـەر خەڵکانێکـدا دروسـت بکـات بـۆ بـەدیهێنانی ئـەو پێداویسـتییە ، یـا

پێداویستی مرۆڤێك بەگورچیلە بۆ بەردەوامیدان بە ژیان بە نموونە وەربگرین کەچی لەوانەیە کەسێك ئامادەبێت کە گورچیلەکەی خۆی بە مەرامی خۆی ببەخشێ بۆ ڕزگارکردنی ژیانی کەسێکی دیکە، بەلاّم پێچەوانەو دژی دادمەندییە ئەگەر کەسێك ناچاربکرێ و بەزۆر گورچیلەکەی خۆی بداتە کەسێکی دیکە.

پابەندبوونمان سەبارەت کەسانی دیکە، جیاوازیەکی زۆری هەیە لەبەر رۆشنایی ئەوەی ئەگەر هاتوو (ئەوەی دیکە) لە خێزان ، دۆست ، دراوسێ ، هاولاّتی یاخود بێگانە بێت بە گشتی .

## داد پەروەری کۆمەلاّیەتی وەك تایبەتمەندیەتی

ئەوەیان پشت بەو بیرۆکەیە دەبەستێ کە دەڵێ : ئەوەی شایستە بە خەڵکە دەبێ بۆیان دەستەبەر بکرێ ، لێکچونێکی ئاسایی سەبارەت بەو بیرۆکەیە هەیە کە دەڵێ : خەڵکی دەبێ ئەوەی شایستەیانە خۆیان بە دەستی بێنن ، ئەوەش پشت بەستوە بەو باوەڕەی کە، کارو هەوڵ و لێهاتوویی و دەسکەوت و ئەنجامەکان و بەهای ئابووری مرۆڤ تەبریر دەکەن.

لەوانەیە دوچاری بێئومێدی ببین کە دەبینین کەسێکی خاوەن هەوڵ وتەقەلاّ لە کارەکەیدا سەرکەوتوو نابێ ، یان کەسێك ببینین کە ڕقمان لێیەتی و سەرکەوتوو دەبێ ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بیرۆکەیەی کە دەبێ هەوڵ و تەقەلاّ لە جیاتی بەرهەم پاداشت بکرێ ، هزرێکی دوور لە ژیری و ڕەواییە، ئەوە بەو مانایەیە کە تۆ بڕە پارەیەك دەدەیتە کەسێك لە بری هەڵکەندنی چاڵێك و دیسان پڕکردنەوەی خودی

چاڵەکە بـە هـەوڵ و تەقەلاّیـەکی زۆرەوە ، زیـاتر لـەو کەسـەی کـە کەرەستەیەکی بەنرخ بەرهەمدێنیٚ بە هەوڵ و تەقەلاّیەکی کەم.
بەرهەم هێنانی کەرەستەیەك بە کـەمترین هـەوڵ و تێچـوو ، لـە کـارە ویسـتراوو پەسـەندەکانە ، ئـەوە کوالیّتیـەکی بـەرزە کـە داهـات زۆر دەکـات، بۆیــە بنــەمای تایبەتمەندیــەتی بنەمایــەکی مەترســیدارەو هەڕەشەیە بۆسەر خۆشگوزەرانی، ئەوە نزیکـە لـە بنـەما چـەوتەکەی مارکس، ئەوەی کە پەیوەندی بە بیرۆکەی بەهای کارەوە هەیە.
فریـدریك هایـك لەڕوونکردنەوەکەیـدا دەڵێـت: ((بـەها بـۆ کۆمـەڵگا)) بناغەی دادپـەروەری نیـە. یەکـەم، ئاراسـتەیەکی وا دەخاتـە ڕوو کـە ئامانجێکی هاوبەش بۆ کۆمەڵگا هەیە، و دەکریٚ هەر مرۆڤێك بە پلەی بەشـداری کردنەکـەی بـۆ ئەنجامـدانی ئـەو ئامانجـە هاوبەشـە پێوانـە بکرێت ، لەکاتێکدا کۆمەڵگا لە کۆمەڵە تاکێك پێکدێت ، کە هەریەکـەو خاوەنی چەندین گرنگیدانی جیاجیان لەگشت ئاستەکاندا،.
دووەم، هیچ ڕێکەوتنێك لەئارادانیە دەربارەی ئەوەی کە بەهاو نرخـی کۆمەڵگا بۆ هەر وەزیفەو پیشەیەك چیە. ئایە پێویسـتە کـە مووچـەی پەرسـتارێك لـە سـەربازێك زیـاتر بێـت یـاخود ئاسـنگەرێك زیـاتر لـە مامۆستایەك ؟ تاکەکانی کۆمەڵگا بـە شـێوەیەکی جیاجیـا ئـەو کـارە یاخود ئەو خزمەتە دەنـرخێنن ، هـیچ جـۆرە پێوانەیـەکی بابـەتی بـۆ بـەها لـە ئـارادا نیـە ، چـونکە بـەها بـە شـێوەیەکی گشـتی کـارێکی میزاجی یا عەقلییە ، خزمەت بە هیچ شێویەك بەهاییێکی ئـەوتۆی نیـە مەگەر بۆ کەسێکی دیاریکراو .سێیەم، زۆر لەوانـەی کـە ویسـتراو و پەســەندن ئــەنجامی هێــزە سروشــتیەکان یــان تایبەتمەندییــە

خودیەکانن، نەك ئەنجامی هەوڵ یان بەهایەکی ڕەوشتی.
لەوانەیە کەسێك لە دایك ببێ دەنگێکی ناسك یان ڕوخسارێکی جوانی هەبێت کە خەڵکی پێی سەرسام بن ، ئەوە شتێك یا ئەنجامێك ناخاتەروو دەربارەی سیفاتی ڕەوشتی گۆرانیبێژێك یا هونەرمەندێك.کۆمەڵگایەك ئەگەر لەسەر بنچینەی تایبەتمەندیەتی بنیاتنرابێ ، بواری داواکاری خزمەتەکانیان ناڕەخسێنێ ، هەروەك چۆن نرخی کاڵا پەیوەست نیە بە سیفاتی ئەو کەسەی کە دەستەبەری دەکات چوارەم، دەسەڵاتی گەورە دەدا بەو کەسانەی کە بڕیار دەدەن، کێ شایەنی چیە، کە دەگەنە ئەو باوەڕەی کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە باشە پاداشتەکە ڕەتدەکرێتەوە، کەچی بیروبۆچوونەکانی دیکە پشت گوێ دەخرێن.
بەپێی ڕاوبۆچونی هایك: شتێکی پەسەندو کردەکی نیە کە بە شێوەیەکی گشتی بڕیار لەسەر پاداشتەکان بدرێت بە هاوتەریبی ئەوەی کە خەڵك باوەڕی پێی هەیە کە ئەمە باشییە. لە تایبەتمەندیە بنچینەکانی کۆمەڵگای ئازاد ، ئەوەیە کە پێگەی مرۆڤ پەیوەست بەو بیرو باوەڕانەی کە هاوتاکانی لەسەری هەیانە ، دەربارەی ئەو باشیانەی کە وەری گرتوون .
باشی توخمێکی گرنگە لە دیاریکردنی بەهادا ، و بۆی هەیە گرنگترین توخم بێت ، ئەوانەی کە بە جیدی کار دەکەن بۆ دەستەبەرکردنی فێربوونی باش، زۆرجار پاداشت دەکرێن ، بەڵام ژیری و ڕوخسارو دەرفەت (هیچ پەیوەندیەکیان بە بەهاکانی ڕەوشتەوە) نیەو ئەوانیش توخمن ، و ئەستەمە ڕۆڵیان پێوانە بکرێ . هەروەك هێبرت سبێسەر،

یەکێ لە دامەزرێنەرانی زانستی کۆمەڵایەتی تێبینی کرد کە ((داخوازی و خستنەڕوو))ن کە نرخ و بەها لە کۆمەڵگای ئازاد دا دیاری دەکەن ، نەك تاکێك یاخود کۆمەڵێك ، بازاڕ لە ڕێگای چەندین ملیۆن بڕیار کە بەکارهێنەران و کرێکاران و فەرمانبەران ڕۆژانە دەیدەن بەو ڕۆڵە هەڵدەستێ .

## داد پەروەری کۆمەڵایەتی وەك ماف

ئەگەر شتێك لە ئارادابوو بە ناوی دادپەروەری کۆمەڵایەتی ، پێویستە پشت بەستووبێ بە مافەکان ، هەروەك نۆزیك دەڵێ: دادپەروەری شتێکی مێژووییە ، پشت بە چۆنیەتی ئەو شێوازە دەبەستێ کە تاکەکان بە هۆیەوە بەرهەمەکانیان دەستەبەر کردووە ، ناکرێ کە دادپەروەری گرێدراوبێ بە ئەنجام یاخود ئەو دابەشکردنە بەرنامە ڕێژکراوەی کە ئامانجە لەدادپەروەری کۆمەڵایەتیدا.

بەو شێوەیە بیرۆکەی دادپەروەری کە بەسەر دابەشکردنی مادیدا جێبەجێ دەکرێ پشت بە هەمان ئەو بنەمایانە دەبەستێ کە لەهەندێ باری دیکەدا حوکمی دادپەروەری دەکەن، هەروەها پەیوەندی بە جێبەجێ کردنی سیستەمگەلێکی دادمەند هەیە ، بیرۆکەیەکی ئیجرایی دادپەروەریە کە بوار بە تاکەکان دەدات تا بەدواداچوون لەسەر خواست و پێداویستیەکانیاندا بکەن ، بەو شێوەیەی کە تێیدەگەن ، بە مەرجێك کە هەمان ڕێز لە مافەکانی خەڵکی دیکە بگرن.

فەیلەسوفە گریکیەکان ناهەقیان نەبوو کە دەیانگووت، دادپەروەری

بنچینەی کۆمەڵگایەکی چاکە بۆیە شتێکی زانراوە کە دەستەو کۆمەڵەکانی گشت تیرەکان هەوڵبدەن کە زمانی دادپەروەری بە کاربێنن بۆ برەودان بە ئارەزوەکانیان، بۆ وەرگرتنی دەسەڵات و دابەشکردنی بەرهەم .

خواستەتایبەتەکان بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی هەڕەشەیکی ترسناک پێکدێنن بۆ سەر دادپەروەری ڕاستەقینەو خودی کۆمەڵگای ئازاد، بۆیە پێویستە بە توندی خۆڕاگرییان لە هەمبەر بکرێ. پابەند بوون بە دادپەروەری ڕەتکردنەوەی ئەو بیرۆکەیە دەخوازێ.

# ئاشـتی

**ئەگەر شمەکەکان لـە سنوور ڕەتنـەبوون، ئـەوا سـەربازەکان ئاودیوی دەکەن.**

**- فریدریك باستیا -**

## ئاشتی چیە ؟

ئاشـتیش وەکـو ئـازادی و یەکسـانی، یەکێکـە لـە سـێ بـەها گـرنگ ومەزنەکەی شارستانیەتی لیـبرالی، دەکـرێ بـەم شـێوەیە راڤـەی ئـەو سێ چەمکە بکرێ، ئازادی واتە لە ئارادانەبوونی فشـار و ناچـارکردن، دادوەری نەبوونی جەور و ستەم، هەروەها ئاشتی نەبوونی شەڕ.

ناکرێ تێکەلبوون بکرێ لە نێـوان ئاشـتی و بەدەسـتەوەدان ، ئاشـتی بە هەمان شێوەی ئازادی و دادوەری بە بەرز دادەنێین و دەنـرخێنین، چونکە بواری ژیانی بـەردەوامـمان بـۆ دەرەخسـێنێ، نـەك تـەنیا وەك ئامانجێك. ئەو هیوایە، هـەموو خـەلکی لـە سـەرتاپای جیهانـدا تیایـدا بەشدارن، لەگەلّ ئەوەشدا بە درێژایی مێژووی مرۆڤایـەتی شـەڕ بـاری ئاسایی بووەو ئاشتیش ریزپەر بووە.

ئەو کەسانەی کە لەناو هەلۆمەرجی شەڕدا نەژیاون، ئاشتی بەلایانەوە شتێکی ئاساییە و جێی سەرنج و تێـروانین نیـە. بـەلاّم مێـژوو ئـەوەی نیشانداوە کە هێنانەدیی ئاشتی سـەختتر بـووە لـە هێنانـەدیی شـەڕ. ئەو توند و تیژیە خوێناوییەی کە لـە شـەڕدا ئـەنجام دەدرێ، بووەتـە هۆی ئەوەی کە ئاشتی ببێتە یـەکی لـە هـەرە گـەورەترین و باشـترین روانینەکانی مرۆڤ.

لــه جیهــانی کۆنــدا، شــەڕ بەشــێك بــوو لــە ژیــانی ڕۆژانــە، وای لــە بیرمەندانی گریك و ڕۆمان کرد، کە بە سیستەمی سروشتی کۆمـەڵگای مرۆڤایــەتی بــزانن. ژەنەراڵــەکانی وەك ئەســکەندەری مــەزن، بــۆ هێرشـکردنە سـەر گـەلانی بێگانـە سـەرکردایەتی لەشـکریان دەکـرد و شەڕیان پـێ لـە ئاشـتی گـرنگتر بـوو لـە هـەموو ڕوویێکـەوە و کـۆك و هاورابوون لەگەڵ فەیلەسوفی یۆنانی ئەوەی کە دەیگوت شـەڕ بـاوکی هەموو شتەکانە.

خــەلکی ســپارتە و دوای ئــەوانیش بــە تایبــەتی ڕۆمانــەکان ، لــەو بـــاوەرەدابوون کـــە شـــەڕ بنـــەمای پێشـــکەوتنی کۆمـــەڵگا و خۆشگوزانیەکەیەتی، زۆر لە بیرمەندان بە (ئەفلاتۆن و ئەرستۆ)شەوە بـە نـەبوونی شـەڕ لـە داهـاتووی مرۆڤایـەتی دەترسـان، چـونکە لـەو بـاوەرە دابـوون کـاتێ شـەڕ لـە ئـارادا نـەبێ کۆمـەڵگاکان گەنـدەڵ و گیرۆدەی سستی و خاوی دەبـن، دەیـانگوت چـاکیەکانی شـەڕ، وەك: لــەخۆبوردەیی و قوربانیــدان بــەبێ ئــەو ســەربازیبوونەی کــە شــەڕ دەیــەوێ و ئامــادەیی بــۆ وەردەگــرێ نــامێنن، بــەڵام ڕەگوریشــەی بیرۆکــەی ئاشــتی دەگەڕێتــەوە بــۆ چــەندین دابونــەریتی جــودا، لــە نێوانیاندا کەلەپووری یەهودی و کریستیانی و ئیسلامی، و تـا چـاخی ڕۆشنگەری لە سەدەی هەژدەهەمدا.

هێــزی بیرۆکــەی ئاشــتی لــە نــاواخنی ســوودە مــاددی و (ڕوحــی) و کەلتوریەکاندایە، ئەوانەی کـە دەکـرێ مـرۆڤ بـە دەسـتیان بێنێـت لـە نەبوونی شەڕی نێوان نەتەوەکاندا. بـە درێـژایی مێـژووی مرۆڤایـەتی، گەلان لە هەوڵ و کۆششدا بوونە کە دەسەلات و بەرهەمـەکانیان ، لـە

ناوەندەکانی وەرگرتنی بڕیاردا، بە هۆی سیاسەتی ئیمپریالیستی پاوانخوازییەوە بەرفراوان و پەرەپێبدەن.
هێزەکانی ئەوروپای مەزن، ئەوانیش وەکو فارس و ڕۆمانەکان ، سەردەمێکی دیکەی دۆزینەوە و بەرفراوانکردنی سنوورەکانی جیهانیان لە سەدەی شازدەوە دەستپێکرد، ئەوەش سەرەتا پورتوگال و ئیسپانیا، و دوای ئەوەش ئینگلیز و هۆلەندییەکان، دوای سەردەمێکی دیکە ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و رووس و ژاپۆنیەکان. هەموویان لە هەوڵی ئەوە دابوون کە بە هۆی پاوانخوازی ئیمپرپالیستییەوە سەروەت و هێزی سەربازی دەستەبەر بکەن.
بیرمەندانی چاخی ڕۆشنگەری گەیشتنە ئەو باوەرەی کە بە شێوەیەکی پراکتیك ناکرێ ئەوە لە زلهێزەکان چاوەروان بکرێ وا بە ئاسانی و لە خۆیانەوە، دەسبەرداری دەسکەوتەکانیان ببن بۆیە بنەما و شێوازێکیان پەیداکرد کە تا دەهات بەهێز و جێگیر دەبوو، ئەویش، پێکەوە ژیانی ئاشتی و بازرگانی ئازادبوو کە بە هۆیەوە بەرهەمی نەتەوەیی دووئەوەندە بکات و پەرەپێدات ، بازرگانی و ئالوگوڕ ئەو هێزەیان هەیە کە دوژمن بگۆڕن بۆ دۆست، بەو شێوەیە دنیای نوێ هاتە کایەوە. کە چی ئەو بیرۆکە نوێیەی کە لەسەر بنەمای سوودەکانی ئاشتییە، وەکو گومراییەك بوو بۆ دەستەبژێر لە سیستەمی کۆندا.
دێڤید هیۆم، یەکێ لە گەورە بیرمەندانی ڕۆشنگەری رەخنەی لەو بیرۆکە باوە گرت کە دەڵێت: پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان ئەنجامێکی نەرێنیەو، سوود و دەسکەوتی وڵاتێك لە وڵاتان زیان گەیاندنە

بەولاّتانی دیکە، لە یەکیَ لە نووسینەکانیدا دەلّیَت: ((نـەك تـەنیا وەك کەسـیّك بـەلّکو وەك هاولاّتیـەکی بـەریتانی، نویّژدەکـەم لـە پیّنـاو بووژانەوەی بازرگانی لە ئەلّمانیا و ئیسپانیا و ئیتالیـا و هـەتا خـودی فەرەنسـاش.)) بـەو شـیّوەیە سیاسـەتەکەی ئامۆژگـاری دەدا کـە بازرگـانی هـەبیَ هـەتا لەگـەلَ دوژمنــە دیّرینـەکانی بـەریتانیا. ئـەو بیرۆبۆچوونانە بەرز نرخیّندران لـە لایـەن هەریـەك لـە جـۆن سـتیورات میل لە بەریتانیا، و فریدریك باستیا لە فەرەنسـا و، ڤولّهـام هامبۆلـت لە ئەلّمانیا.

بەریتانیا لە سالّی ١٨٤٦ سیاسەتی بازرگانی ئازادی پەیرەوکرد کـاتیَ کە حکومەتی (رۆبیّرت بیّل)ی پاریّزگار، یاساکانی گەنمی رەتکـردەوە و بەپیّی ئەو یاسایە کەسایەتیە بەهیّزەکانی پاریّزگاران لە پەرلەمانـدا هەسـتان بـە قەدەغـەکردنی نـانی هـەرزان لـە شـارەکاندا، بـە هـۆی سەپاندنی بـاج لەسـەر گـەنمی هـاوردە، ئەمـە و هـەردوو پەرلـەمانتار (ریچارد کۆبدن و جۆن برایت) کۆمەلّەیەکی دژ بە یاسـاکانی گـەنمیان لــە سـالّی ١٨٣٨ دامەزرانـد، بـۆ رەواجـدان بـە بازرگـانی ئـازاد و بانگەشـەی ئـەوەیان دەکـرد کـە ئـەو بازرگانییـە سـەردەمیّکی نـویّی ئاشتی بۆ جیهان دیّنیّتەکایـەوە، بەرادەیـەك وای لـە کۆبـدن کـرد کـە ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا بە سیستەمی مەزن بۆ هاوکاری دەرەکـی بـۆ خزمەتی چینی ئەروستوکراتی ناوبنیّت.

# بازرگانی ئازاد و ئازادی هزر گواستنەوە

کەلتووری ئەو بیروبۆچوونانە خۆی لەو ماوە دوور و درێژەی ئاشتیدا دەنواند کە لە رۆژئاوای ئەوروپادا بوو، لە دەسپێکی شەڕەکانی ناپلیۆن و تا هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهانی. دوای سەدەیەك کلیلی ئەو ئاشتییە، ئەو پێشکەوتنە بەردەوامەی بازرگانی ئازادبوو، نەك تەنیا لە بەریتانیا، بەڵکو لە فەرەنسا و هەتا ئیتالیاش، و تا رادەیەکیش لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا.

بازرگانی ئازاد، بووە هۆی ئەوەی کە ئاشتی باشتر بچەسپێ بە هۆی پشت بەستنی وڵاتانی زلهێز بەیەکترییەوە. لێرەدا بازرگانی نێودەوڵەتی گەشەی سەند، ئەوەش زەمینە سازبوو کە نەتەوەکان تایبەتمەندی لە بوارەکانی بەرهەم هێناندا دەستەبەر بکەن، کە شێوازێکی رکابەری رێژەیی بەخۆوە دەگرت، بەبێ ئەوەی داهات و دەسکەوتەکان لە بەرهەمهێنانی کەلوپەلی ناوخۆدا پەرش و بڵاو بکرێن، کە دەکرێ لە دەرەوە بە نرخێکی هەرزان هاوردە بکرێن.

بازرگانی ئازاد پەیوەندی نوێی لەگەڵ چەندین کەلتووری نەناسراودا دروستکرد، هەروەها رامان وبیروباوەری تەسکی بەلاوەنا ، لە ئەنجامدا چەندین هەڵومەرجی نێو نەتەوەیی هێنایەکایەوە کە تیایدا ئاشتی زیاتر سەقامگیربوو تا لە کێبرکێیەکانی سەردەمی بەر لە سەرمایەداری.

## ئازادی هزر گواستنەوە

ئەندێشگەرا چەپەکان هەندێ جار وا دادەنێن کە کلیلی ئاشتی، حکومەتی رۆشنگەر و دیبلوماسە ، کە چی ئەو بیرکردنەوەیە پشت بەتێگەیشتنێکی چەوت دەبەستێ بۆ پاڵنەرە ئابووریەکان ئەوانەی کە پشتگیری ئاشتی دەکەن.
ئازادی، نەك تەنیا نەتەوەکان ناخاتە سەر ئەو رێرەوەی کە پشت بە یەکدییەوە ببەستن، بەڵکو هۆکارگەلێکی پڕ بەهاش دەستەبەر دەکات بۆ گۆرینەوەی هزرەکان، هەروەها روانین و سەرنجێك سەبارەت بە جۆر و چۆنیەتی ژیان لە کۆمەڵگایەکی ئازاد دەدا بەو گەلانەی لەژێر چەپۆکی رژێمە دیکتاتۆریەکاندا دەژین. هەڵقولاویی ئازاد و سەرچاوەکانی هێز، کە زۆر ئەستەمە حکومەتێکی دیکتاتۆری لەبەرچاویان نەگرێ، هیوا و ئاوات و چاوەروانیەکانی جەماوەری لە چەندین وڵاتدا بەرز راگرتووە.

## ئاشتی لە رێگای هێزەوە

ئەم روانینە دەربارەی ئاشتی، نابێ بەلاوازی بەرووی دوژمنایەتیدا راڤە بکرێ. سیاسەتە دوژمنکاریەکانی رژێمە دیکتاتۆر و ئیمپریالیستەکان، گەورەترین هەڕەشە و مەترسییان بۆ سەر ئاشتی دروست کردووە بە درێژایی سەدەی بیستەم تا رۆژی ئەمرۆمان. لە یەکێتی سۆڤیەت (١٩١٧– ١٩٩١)، ئەڵمانیای نازی (١٩٣٣– ١٩٤٥)، دیکتاتۆریەتەکانی ئەمرۆ لە ئێران و شوێنەکانی دیکە، تا دەگاتە

سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەمریکا.

لایەنگرانی ئاشتی زۆرجار هاوهزر نەبوونە دەربارەی چۆنیەتی رووبەرووبوونەوەی ئەو هەڕەشانە، و زۆرجار ولاّتان هەولّیانداوە بگەنە رێککەوتن لەگەلّ دراوسێ هەڕەشەلێکراوەکانیان. کە چی مێژوو دیاریکردووە کە ئەوە هەڵەیەک بووە، بەپشت بەستن و داکوکیکردن بەگوتەیەکی سەرۆک ریگان کە گوتبووی: ((گەورەترین گەرەنتی ئاشتی هێزە، نەک لاوازی.))

رۆژئاوا هەڵەی کرد کاتێ کە قایل بوو بەوەی نازیەکان لە سیەکانی سەدەی بیستەمدا، نەمسایان خستە سەر ئەڵمانیا و ولاّتانی پۆلەندا، چیکۆسلۆڤاکیا، دانیمارك، فەرەنسا، هەنگاریا، نەرویج و روسیایان داگیرکرد و شەڕی دووەمی جیهانیان بەرپاکرد.

رۆژئاوا هەمان هەڵەی لەگەلّ یەکێتی سۆڤیەت دووبارە کردەوە کاتێ کە رێگای پێدان بە داگیرکردنی ئەوروپای رۆژهەلاّت، کە بۆ ماوەی چل سالّ تیایدا مانەوە. هەروەها ئەو هەڵەیە جارێکی دیکە لە سالّی ١٩٧٠ ئەنجامدرایەوە کاتێ کە رۆژئاوا کەوتە گفتوگۆ لەگەلّ یەکێتی سۆڤیەت دەربارەی کەمکردنەوەی چەکەکان، کە پڕچەککردنی سۆڤیەتی بە دواداهات و ئینجا داگیرکردنی ئەفغانستان.

ئەو نەتەوانەی کە هەولّدەدەن لە رێگای هێزی سەربازییەوە دەسەلاّتیان بەرفراوان بکەن، لاوازی سەربازی دەقۆزنەوە، ئەوسا سیاسەت لە رێگای گوللەوە بڕیاری خۆی دەدات، نەک لە رێگای سەندوقەکانی دەنگدانەوە. واتە ئەو چاودێریەی کە سیستەمە دیموکراتەکان بەسەر سیاسەتی دەرەوەدا دەسەپێنن، لە ئارادا نیە.

کـەمی و نـەبوونی تواناکـان رادەیـەك بـۆ دەسـەڵاتی دیکتاتۆرەکـان دادەنێ لەسەر گرتنە بەری سیاسەتی دوژمنکارانە، وەلـی رای گشـتی ناتوانێ ئەوە ئەنجامبدات، چونکە خەڵکی توانای گۆرینی حکومەتیان نیە !

## رێگای شەڕ

ئەو کۆمەڵگایانەی کە لەسەر بنەمای پلاندانانی دەوڵەت رێکـدەخرێن، سیاسەتی دەرەوەی دوژمنکارانە پـەیرەو دەکـەن. چـونکە دەسـەلاّت لە دەست دەوڵەتدا چڕ دەکەنەوە، ئەوەش دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـە سەرکردایەتی بەهێز دروست بـبن، چـونکە حکومـەت نـاتوانێ ئـاو لـە کانی سەرچاوەی ئەو زانیاریە زۆرانە کـە رەورەوەی ئـابووری بـازاری ئازاد هەڵدەسورێنن بخواتـەوە، بیروکراتـەکان هەوڵـدەدەن حکومـەت ئاراسـتە بکـەن بـە هـەموو لایەکدا.جێی وەبـیر هێنانەوەیـە، کـە لـەو کۆمەڵگایانەدا بەرهەم هێنان دەکەوێتە ژێـر چـاودێرییێکی چـروپڕەوە، بۆیە تەنها و تەنها دەسەلاّتە کە دەستی پێدەگات.
لە مێژوودا هەمیشە زۆر بوونە ئەوانـەی بـە هەلّپەبوونـە بـۆ دەسـەلاّت گرتنـە دەسـت، لـە راسـتیدا لـە نێـوان ئێمـەدا ئەوانـەی کـە لـەرووی ئەخلاقییـەوە لاوازن پـتر دەخزێنـە نـاو ناوەنـدەکانی دەسـەلاّت لـە کۆمەڵگا شمولیەکاندا، تا هاولاّتیانی ئاسایی، بۆیە هەرئەوەندە تا بـە دیاردەکەون ئیتر راگرتن و کۆنترۆلکردنیان زۆر ئەسـتەم دەبێـت. لـەو قۆناغـەدا هـەتا ئـەو سـەرکردانەی کـە گەیشـتوونەتە دەسـەلاّت و بانگەشـەی سوسـیالیزمی نێـو نەتـەوەیی دەکـەن، دەبنـە کەسـی

ستەمکار، چونکە بە هیچ شێوەیەك رێگا نادەن ئەوەی کە چنگیان کەوتووە بچێت بۆ ئەو نەتەوانەی کە لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتیاندان.

ڕەوتە سەربازیەکانی دەستە و کۆمەڵەکان، ئەنجامی ئەو نرخ و بەهایەیە کە ئەو کۆمەڵگایانە لەسەر تاك و ئازادیەکەی دادەنێن. ئەگەر چالاکی و خەیاراتی تاکەکان بەزەرورەت لە ناوەندەوە ئاراستە بکرێت، ئەو کاتە بەکارهێنانی توندوتیژی بۆ ناچارکردنی خەلك بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ پلانەکانی حکومەت دەبێتە زەرورەتێك. ئەو کاتە بەرهەڵستکارو ئۆپۆزسیۆن بێ بەزەییانە سەرکوت دەکرێن. سروشتی کۆمەڵگایەکی بەو چەشنە بە جۆرێکە هەر ئەوە دەخاتەوە کە داوادەکرێ لەو کەسانەی کە لە چوارچێوەکەیدا کاردەکەن، کە دەستبەرداری بوونە لە هەموو بەربەستێکی ئەخلاقی کە ئەو کۆمەڵگایە باوەری پێیەتی.

لە ساڵی ١٩٤٥ لێنین لە راگەیینراوە ناودارەکەیدا رایگەیاند کە گشت بایەخە ئەخلاقیەکان پێویستە لە دواوەی پێداویستیەکانی شۆرشی جیهانییەوە بن. کاتێ نموونەی ئەو کەسانە بە تەواوەتی لوتکەی دەسەلآت دەگرنە دەست لە کۆمەڵگاکاندا، ئەو کاتە ئەنجامەکە کردەوە ناپەسەندەکانی وەك: چارەسەری کۆتایی کە نازیەکان دایاننا، و گۆلاك (زیندانەکان) ی سۆڤیەت و، شۆرشی رۆشنبیری ماو، و کێڵگەکانی کوشتن لە کەمبودیا دەبێت.

زانیاریەکان دەربارەی کۆمەڵگا ئازادەکان دەکەونە ژێر پەنهانی، هۆکارە دیموکراسیەکان بۆ گۆرینی حکومەت لە دەستوورەکاندا

لادەبردرێ و هیچ بوارێکی گفتوگۆی تێدا ناهێلرێتەوە و دەوڵەت دەستکراوە دەبێت لە بەرێوەبردنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەدا بەپێی خواست و ویستی خۆی.

## وەهمی بیرۆکەی حکومەتی جیهانی

زۆر کەس وا دادەنێن کە مەسەلەی ئاشتی و یەکێتی جیهانی، بە هۆی دامودەزگا نێودەوڵەتیە سنوربەزێنەکان بە شێوەیەکی زۆرباش خزمەت دەکرێن، کە توانای ئەوەیان هەیە نەتەوەکان بەیەکەوە لە چەندین پەیماننامەی مولەزمدا پەیوەست بکەن و بنکەی کار و سەکۆیەك دابنێن کە بە هۆیەوە نەتەوەکان کێشە هەڵواسراوەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن. بە درێژایی سەدەی بیستەم کە گیرۆدەی چەندین شەڕ بوو، زور دامودەزگا دامەزران کە ئامانجیان دڵنیابوون بوو لەوەی کە جارێکی دیکە شەڕ لە نێوان نەتەوەکاندا روونادات.
کۆمەڵەی نەتەوەکان، نەتەوە یەکگرتوەکان و یەکێتی ئەوروپا هەموویان دامەزران، کە لە کارنامەی خۆیاندا ئامانجی چاك و باشیان هەڵگرتبوو.لە راستیدا حکومەتەکان نین کە تۆرەکانی پەیوەندییە ئابووری و کەلتووری و روحییەکان دادەنێن، ئەوانەی کە پێویستن بۆ پاراستنی ئاشتی، بەڵکو ئەوانەی بەو کارانە هەڵدەستن خودی گەلەکانیانن.
وڵاتانی دیموکراسی و رای گشتیش بۆ ماوەیەکی درێژ ئۆقرە ناگرێ لەسەر بەرپابوونی شەرێك کە پشت نابەستێ بە پێداویستیەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و یاخود بۆ کێشەیەکی دادوەریانە، بە

شـێوەیەکی ئاسـایی لـە هەمبـەر ئـەو تۆڕانـە دەوەسـتێتەوە ئەگـەر دەوڵەت دایمەزراندن. لە ڕێگای تەعریفـەی گـومرگی و چـەندین کـۆتی راستەقینە، هەروەها لە ڕێگای پێدانی هاوکاری دەرەکی بـۆ دەوڵەتـە گەندەڵەکان، کە خۆیان زۆر بە خراپی ئابوورییەکەیان بەڕێوەدەبەن.
حکومەتەکان وەکو کۆسپ لەهەمبەر هاتنە ناوەوەی ئـازادیی ئـامێر و خزمەتگوزاریـەکان، و نموونـەیی و ئـەو باوەڕانـەی کـە بەرژەوەنـدی هاوبـەش دەئـافرێنن لـە ئاشـتیدا دەوەسـتنەوە. دیکتاتۆریەتـەکان کۆسـپ و تەگـەرەی تونـد دەخەنـە بـەردەم وەبەرهێنانـە دەرەکـی و هزرەکان، کە لە ئەنجامدا پرۆسەی پێشکەوتن پەکدەخـەن. دەوڵەتـە سـنوربڕەکان، کـۆپیی حکومەتـەکانیانن، هـەروەك دیکتـاتۆر و ئۆتۆکراتـەکان چـێژ لەزۆرینـە وەردەگـرن، وەك ئـەوەی لـە نەتـەوە یەکگرتووەکاندا هەیە، واتە لە توانایدایە زەرەر لە ئاشتی بدات.

## ئەجێندای ئاشتی

ئەو کوشت و بڕو کاولکاریەی کە هەردوو شەڕی جیهانی هێنایەکایەوە و هەروەها شەڕی دژ بـە عێـراق بـە بیرمـان دێننـەوە کـە لـە مێـژوودا یاسایەك نیە بلێت کە هەلومـەرجی مرۆیـی پێشقەچوونێك بەخۆیـەوە دەبینێ.
باشـترین هۆکـار بـۆ جێبـەجێکردنی ئاشـتی پاڵپشـتی کردنـی سـێ بنەمایـە: بازرگـانی ئـازاد، دیموکراسـی لیـبرالی و هێـزی سـەربازی. گەورەترین هۆکارەکانی شەڕ لە ڕژێمە ئۆتۆکراتەکاندایە، ئەوانەی لـەو باوەڕەدان کە دەتوانن، هێزو بەرهەمـەکانیان بـەرفراوان و پـتر بکـەن

لەسەر حسابی خەڵکانی دیکە. بازرگانی ئازاد، هەلومەرجێك دەرەخسێنێ کە گشت تیایدا سوودمەندبن.

شەڕ بەرهەمی دوژمنەکانت لەناو دەبات، و لە ئەنجامدا زەرەر و زیان بەبەرهەمەکانیشت دەگەیێنێ. بازرگانی ئازاد پێویستییەکە، بەلاّم بنەمایەکی تەواویش نیە بۆ بەستنی پەیوەندیەکانی ئاشتی لە نێوان ولاّتان. **گریمانە مێژووییەکان پێمان دەڵێن دیموکراسییە لیبرالەکان شەڕی یەکدی ناکەن.**

لە مێژوودا نموونەیەك نیە لەسەر بەرپابوونی شەڕ لە نێوان دیموکراسی لیبراڵیدا، پێویستە لەسەر کۆمەڵگا لیبراڵەکان هێزە سەربازیەکانیان بپارێزن چ بە تەنیایی بێ یاخود بەیەکەوە. ئامانج ئاگادارکردنەوەی هەر دوژمنێکە، کەوا هیچ دەسکەوتێکی نابێ لە شەڕدا.

# موڵکدارێتی تایبەت

**موڵکدارێتی تایبەت ژینگەیەك بۆ تاك پێکدێنێ کە تیایدا ئازاد دەبێت لە دەوڵەت. رادەیەك بۆ دەستێوەردانی ستەمکارانە دادەنێ. هەروەها بواری هاتنەکایەی هێزی دیکە دەرەخسێنێ شان بە شانی دەسەڵاتی سیاسی، بەو شێوەیە دەبێتە بنەمایەك بۆ هەموو ئەو چالاکییانەی کە دووردەبن لە دەستێوەردانی توندی دەوڵەت.**

**-لۆدفیگ فۆن مێزس-**

## موڵکدارێتی تایبەت چیە؟

هەمیشە سیستەمی یاسایی موڵکداری شتەکان دابەشدەکات بۆ دوو جۆر: یەکەم، ئەو شتانەی دەکرێت ببنە موڵکی تەواوی تاك یان گروپ.(کۆمپانیا، رێکخراوەکان، پشکداری خێزان.) دووەم، ئەو شتانەی وەك (ئاوو هەوا، دەریا)کە ناکرێت ببنە کەلوپەلی تایبەت، بەڵام جیێ ئامارەیە ، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا هەلی ئەوەی رەخساندووە و بواری ئەو شتانەی کە دەکرێت ببنە جێگەی خاوەندارێتی تایبەت فراوان کردووە.

ئەو مافانەی کە خاوەن مولکەکان لەسەر مولکەکانیان جێبەجیێ دەکەن تەنیا لەسەر شتە بەرجەستەکان رێکناخرێن، مافی فرۆشتنی تەقەلای کاری خود، و بەرهەمی ئەو کارە کە کەمتر نیە لە مافی ئەوەی کە مولکدارێتییە، لە هەبوونی پارچە زەوییەکەوە بێت یاخود کارگەیەك، مافی مولکدارێتی، قابیلی دەستێوەردان نیە. چونکە کات و شوێنی مولکدارێتی خەلکانی دیکە دەبەزێنێ.

خاوەنی موڵکدارێتی وەك خاوەن دەمێنێتەوە سەرەرای هەبوونی موڵکدارێتیەکەی لەناو موڵکدارێتی کەسێکی دیکەدا. لە کۆمەڵگا ئازادەکاندا مافی موڵکدارێتی رێگا دەدا بە تاك کە بە ئازادی خاوەنداریێتی، یاخود واز لە موڵکدارێتی خۆی بێنێ.
موڵکدارێتی تایبەت هێندەی شارستانیەتی مرۆڤایەتی کۆنە، دەزگای موڵکدارێتی رەگەزی ئادەمیزاد لە گیانەوەرانی دیکەی سەرگۆی زەوی جیادەکاتەوە، لەو رووەوە، ئادەم سمێس دەڵێ: تا ئێستا رۆژێ لە رۆژان کەس نەیبینیووە، کە گیانەوەرێك بە جولە سروشتیەکانیەوە بەسەر گیانەوەرێکی دیکە هاوار بکات و بڵێت، ئەمیان هی منە و، ئەویان هی تۆ، و من ئامادەم ئەوە بدەم بەرامبەر ئەوەیان، ئەو هەڵسوکەوتەی مرۆڤ توخمێکی بنەڕەتی بووە لە شارستانیەتەکەی: هەردووکیان بەیەکەوە پێگەیشتوون.
زانیارییە سەرەتاییەکان لە بواری پەسەندکردنی مافی مرۆڤ لە موڵکدارێتی و دەستەبەرداربوون لێی لە ناوچەی دەریای سپی ناوەراستدا سەرچاوە دەگرێ. ئەوەش مافێك بوو هەلومەرجی دانانی تۆری بەرفراوانی بازرگانی لە نێوان چەندین بەندەر و کۆمەڵە و گروپەکانی نیشتەجێی کەنار دەریای رەخساند. بازرگانی دەریایی لە دەرەوەی قەلەمرۆی دەسەلأتدارانی ناوچەییدا بوژایەوە، یەکەمین دانپیانان لە پەیوەندی نێوان موڵکدارێتی و ئازادیدا لە یۆنان بوو لە چاخەکانی کۆندا، گەورەترین شت کە دەوڵەت خاوەنیەتی ئازادییە ئەوە لە لایەن دارێژەرانی دەستووری (کریت) ەوە وەکو راستیەك کە هیچ بوارێکی مشتومری تێدانیە هاتووە. تەنیا ئەو هۆکارەشە کە

موڵکدارێتی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو کەسانەی کە خاوەنـدارێتی دەکـەن و لە دەستیاندایە، بـەلاّم لـەو کۆمەڵگایانـەی کـە کویلـەداری تێدایـە، هەموو شتێك مولکی دەسەلاّتدارانە.
ریشەکانی هزری موڵکـدارێتی تایبـەت بـە شـێوەیەکی بنـبڕ لـە لایـەن سپارتە کۆنەکانەوە دانیپیانەنراوە، ئەوانـەی کـە بـۆ ماوەیـەکی درێـژ دژی بووژانەوەی بازرگانی بوون لە ناوچەی دەریای سپی ناوەراسـتدا ، و دانیان بەموڵکدارێتی تاکدا نەنا، بوار و بگرە هانی کاری رێگـری و جەردەییان دەدا. ئـەفلاّتۆن و ئەرسـتۆ بـە تامەزرۆییـەوە باسـیان لـە گەڕانەوەی کار و کردەوەکـانی سـپارتا دەکـرد. ماوەیـەك دوای ئـەوە هێـزی رۆمـای ئیمپریالیسـتی، بنکـە گەشـەکردوەکانی موڵکـدارێتی تایبەتیان بەداگیرکردنی کورنت و قرتاجە لەناوبرد.
جیهـانی کـۆن پـڕە لـە نموونـەی هاتنەکایـەی سـەخت و دژواری شارسـتانیەتی بونیـاتنراو لەسـەر موڵکـدارێتی تایبـەت. یاسـاناس و مێژووناس ئیبن خەلدون هۆکاری ئەوەی دەگەڕاندەوە بۆ پەیدابوون و رووخـانی شارسـتانیەتی میسـری: لـە سـەرەتادا، باجـەکان داهـاتی گـەورەیان لـە خەملاّنـدە بچـووکەکان بەدیـدێنا، بـەلاّم لـە کۆتـایی سەردەمی پاشانشـینیدا، باجـەکان داهـاتی بچووکیان لـە خەملاّندنـە گەورەکان وەدیدێنا.
بنـەماکانی بازرگـانی نـوێ و ئـالوێری تـەنیا کـاتێ دانـران کـە حکومەتـەکان لـە بـواری بەرهـەمهێنانی موڵکدارێتیـدا گوێزرانـەوە بـۆ بواری پاڵپشتی کردنی موڵکدارێتی تایبەت. جۆن لۆك یەکەمین کـەس بـوو کـە پاڵپشـتی لـە موڵکـدارێتی تـاك کـرد، کـاتێ رایگەیانـد ((کـە

موڵکدارێتی لە ئارادا نەبوو، دادوەریش نابێت)) چونکە مافەکانی موڵکدارێتی بنەمای گشت مافەکانی دیکەیە. ستەمکاری ئەنجامی پێشێلکارییە لەسەر مافەکانی موڵکدارێتی تایبەتدا. لەو رووەوە جۆن لۆك دەڵێ: ((هەر کەسەو خۆی موڵکدارێتییە لە کەسێتی خۆیدا، ئەو مرۆڤە نەناسراوە هیچ مافێکی نیە جگە بۆ خودی خۆی. کاری دەستی و کاری جەستەیی خۆی، مولکی خۆیەتی)).

ئەوە تەنیا بیرۆکەیەکی سیاسی نیەو بەس، بەڵکو هەولێکە بۆ وەسف و ناساندنی بەریتانیا و هۆڵەندای سەدەی هەژدەهەم، ئەو نەتەوانەی کە رێزیان بۆ موڵکدارێتی داناوە لە وڵاتەکانیاندا زیاتر لەهەر وڵاتێکی دیکە. دێڤد هیوّم دوای سەدەیەك دوورتر لەوە دەروانێ و لە کتێبەکەیدا: ((مێژووی بەریتانیا)) پەسنی گەورەیی ئەو وڵاتە دەکات بۆ ئەو رێزەی کە بۆ مافەکانی موڵکدارێتی داینـاوە، هەروەها تێبینیەکی بەناوبانگی دا کە تیایدا شرۆڤەی نەبوونی موڵکدارێتی دەکا کە چۆن دەبێتە هۆی لەبەر رۆیشتنی دەرامەتەکانی کۆمەڵگا.

لە نامەکەیدا لەژێر ناونیشانی ((کارەساتی هەمووان)) هیوّم باس لە بیرۆکە ناودارەکەی دەکات، کە مولکدارێتی هاوبەش، لە ئەنجامی بەکارهێنانی ستەمکارانەدا زەوی لەناوبرد ، بەوەی کە هیچ بەرژەوەندیەکی بازرگانی بۆ مرۆڤ لە ئارادا نەبوو، بۆ پارێزگاری کردنی هەر لەکۆنەوە.

# مافەکانی مرۆڤ بەبێ مافی موڵکدارێتی لە ئارادانین

ئامانجــە تایبەتیــەکانی تــاك، لــە رێگــای بــە ئــازادی بــەکارهێنانی لێهاتوویی و زانیاریـەکانی خـود، جیـاوازن لـە ئامانجـەکانی خـەلکانی دیکە. ئەو ئازادیەش پەیوەستە بە بیرۆکـەی موڵکدارێتی تایبەتـەوە، بەبێ موڵکـدارێتی تایبـەت، ئامانجـەکانی هـەر تاکێـك لـەژێر ویسـت و ئیرادەی دەوڵەتدا دەبێت، هەندێ کەس لەو باوەرەدان کـە مافـەکانی مـرۆڤ لــە پێشــترن تــاوەکو مافــەکانی موڵکــدارێتی، بــەلاّم لێــرەدا تێکنەگەیشــتنێك لــە ئارادایــە. مافــەکانی موڵکــدارێتی مــاف نــین لــە مولکدارێتیدا، بەڵکو مافەکانی مرۆڤن لە موڵکدارێتیدا.

لــە ڕاســتیدا مادامــەکی ســەرکیترین مافــەکانی مــرۆڤ، مافیــەتی لــە خــاوەنێتی جەســتەیدا، واتــە مافــەکانی موڵکــدارێتی سەرچــاوەی مافەکانی مرۆڤە. هەر تاکێك، مافی مەعنـەوی لـە سـوود وەرگـرتن لـە بەرهەمی هەوڵ و کۆششی لەکاردا هەیە. مافەکانی، وەك مافی ژیان و ئـازادی و خۆشـبەختی، هـەموویان پشـت بـە مافـەکانی موڵکـدارێتی دەبەسـتن، هــەتا بــەخاوەن بــوونی مــرۆڤ بــۆ خــودی خــۆی، مــافی خاوەنداریێتی لە مادەی (١٧) دا جارنامەی جیهانی بۆ مافەکانی مـرۆڤ دانیپیدانراوە.

## ئازادی ڕادەربڕین موڵکداریێتی تایبەتی دەوێ

ئەگەر موڵکداریێتی تایبەت لە ئارادا نەبێ، مەحاڵە ئازادی ڕادەربڕین هەبێ. بۆ نموونە بەبێ بوونی مافی بەکرێگرتنی هۆڵێکی کۆبوونەوە یان ڕادەربڕین لە چاپەمەنیەکاندا یا لە ئەنتەرنێتدا، ئازادی ڕادەربڕین بوونی نیە. ئازادیمان لە قسەکردندا پەیوەستە بە موڵکداریێتی تاك و موڵکداریێتی خود و موڵکداریێتی دەرامەتە ماددیەکان لە کۆمەڵگادا.

لە ساڵەکانی ١٩٣٠ ڕادیۆ، لە بەریتانیا موڵکی حکومەت بوو، بەڕێوەبەرایەتی ڕادیۆی (BBC) لەو وڵاتەدا، بڕیارێکی لەلایەن حکومەتەوە پێگەیشت، کە نابێ بە هیچ شێوەیەك بیروبۆچوونەکانی وینستۆن چێرچڵ دەربارەی مەترسیەکانی ئەڵمانیای نازی بڵاوبکاتەوە.

سەرکوتکردنی موڵکداریێتی تاك لە لایەن حکومەتەوە بەردەوامە و لەهەر شوێنێکدا سەرکوتکردنی ئازادی ڕادەربڕینی بە دوادادێت. موڵکداریێتی تایبەت داکۆکی لەسەر مافە مەدەنی و ئازادییە سیاسییەکانمان دەکات، و بەبێ هیچ بانگەشەیەك بۆ خاوەنداریێتی، دەوڵەت دەتوانێ تاکەکان قڕوقەپ بکات.

## سنووری سەربەخۆیی تاك

بەکارهێنانی ئازاد و بێ کۆتوبەندی موڵکداریێتی تایبەت، شوێنێك بۆ تاك دەستەبەر دەکات کە دەتوانێ بە هۆیەوە ژیان بەسەر ببات و بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات، لەکاتێکدا هەست کردن بەخود

و بەها خودیەکانی خۆی بەگرنگ و مەزن دەزانێ. بەبێ ئەو شوێن و پێگەیە، دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئیرادەی هەڕەمەکی کەسانی دیکە، لە ئەنجامدا هیچ توانایەکی پلاندانانی ئەوتۆی بۆ داهاتووی خۆی نابێ.
موڵکداریێتی تایبەت هەڵ بۆ مرۆڤ دەرەخسێنێ کە ژیان بباتە سەر بەبێ ئەوەی کە مافەکانی خەڵك پێشێل بکات.
موڵکداریێتی تایبەت بەگواستنەوەی دەسەڵات لەسەر شتەکانەوە بۆ کەسێکی دیاریکراو یا کۆمەڵێك، توانا دەداتە کۆمەڵگا. هەروەها کێشە گەلێکی زۆر چارەسەر دەکات سەبارەت ئەو بابەتانەی کە بە بەبێ موڵکداریێتی تایبەت چارەناکرێن، مەگەر بە توندوتیژی و خۆبەدەستەوەدان نەبێت. بۆیە موڵکداریێتی تایبەت، بەشێکی جیانەکراوەیە لە شارستانیەت و مرۆڤدۆستی مرۆڤ بۆ مرۆڤی برای.

## ئەگەر موڵکداریێتی نەبێ دادوەریش نابێ

بنەمای موڵکداریێتی پێچەوانەو دژی ئەو کۆمەڵگایەیە کە تیایدا ماف بەدەست هێزەوەیە. ئەو دادوەریەی کە پێویستە حکومەت جێبەجێی بکات، ئەگەر بیەوێت هاوکاری کۆمەڵایەتی لە نێوان خەڵکدا بێنێتەدی، ئەنجام نادرێ بەبێ موڵکداریێتی تایبەت. لەبەرئەوەی موڵکداریێتی مافەکانمان لەسەر سەرو ماڵمان جێگیر دەکات کەواتە دەستدرێژی و پێشێلکردنی بە هەڵسوکەوتێکی نادروست دەژمێردرێت.
ناکرێ وا بەئاسانی ئەو مافانە دەست نیشان بکرێن چ بگاتە ئەوەی

کە پاڵپشتییان لێبکرێ. ئەگەر ڕێز بۆ مافی مرۆڤ دانەنرێ لە بەدەستهێنانی موڵکداریێتی و بەکارهێنان و ڕاپەراندنیدا. ئەگەر سکالاَکار و سکالاَلێکراو خاوەنی شتێك نەبن، دادوەر یا ناوبژیوان ناتوانن بڕیار بدەن کە کێ هەق و کێ ناهەقە.
تیۆرەکانمان دەربارەی کوشتن و دزی و هەتا ساختەکردن و قسەی ناڕەوا هەموویان لەسەر تیۆرەکانی موڵکداریێتی و ئەو یاسایانە دەوەستنەوە کە گواستنەوەی ئەو موڵکداریێتیە ڕێکدەخەن لەناو خەڵکدا. ئەگەر لە خاوەنداریێتی و بەکارهێنان و گۆڕینەوەی موڵکداریێتیدا ئازاد نەبین ئەو کاتە بۆ دادگایی دادپەروەرانە و بێتاوانی و هەروەها فەرمانڕەوایی سەرۆکەکانمان هیچ مانایەك نابێ، بە نەبوونی دادوەری کۆمەڵگا بەرەو ئاژاوە و پشێوی دەچێ.

## موڵکداریێتی تایبەت بەرژەوەندی دەداتە خەڵك لە کۆمەڵگادا

موڵکداریێتی تایبەت بناغەی کۆمەڵگای ئازاد و، دادپەروەرە، دابەشکردنی موڵکداریێتی بە شێوەیەکی بەرفراوان (نالێین یەکسان) لە کۆمەڵگای ئازاددا، دەبێتە هاندەر بۆ جێگیربوونی کۆمەڵایەتی و بەرپرسیاریێتی تاك. ئەو دابەشکردنەی موڵکداریێتی وا دەکات کە کۆمەڵگا پتر جێگیربوون بە خۆیەوە ببینێ، چونکە بەرژەوەندییەکی تەواو دەدا بە خەڵك کە کۆمەڵگا بە ئازادی بمێنێتەوە.
لە ڕاستیدا خەلك گرنگیەکی زۆر دەدەنە سامانداریێتیەکەیان، کۆمەڵگای ئازاد بە ملیۆنان کەس پارێزگاری و چاودێری دەکەن، بۆ ئەوەی تووشی خۆرە و هەڵوەشانەوە نەبێ، وەك ئەو کۆمەڵگایانەی

کە زەوی و زار و خانووبەرەو سەرمایەیان تێدا دابەشناکرێ لەنێو خەڵکیدا بەشێوەی موڵکدارێتی تایبەت. واتە موڵکدارێتی تایبەت خەلکی پابەند بە ئەنجامی کردەوەکانیان دەکات. ئەگەر چاودێری ئەو ساماندارێتیەی خۆیان پشت گوێ خست، یان فەرامۆشیانکرد ئەوا خۆیان بەها داراییەکەی دەدەن.

موڵکدارێتی تایبەت هانی بەرێوەبەڕایەتی باشی کەلوپەلی سنووردار دەدات، ئەوەی کە پێچەوانەی ئەوە، تێکی دەدا یان بە هەدەری دەدات، لە بوونی مافەکانی موڵکداری بە شێوەی تاك، یان ئەگەر هاتوو ئەو مافانە رووبەرووی دەستدرێژی بوونەوە.

## موڵکدارێتی تایبەت بنەمای پێشکەوتنی مەعنەوی و ئابوورییە

موڵکدارێتی تاك بزوێنەری سەرەکی پێشکەوتنی ئابوورییە، چونکە هانی کارو وەبەرهێنان دەدا، بۆیە دابینکردنی موڵکدارێتی مەرجێکی سەرەکی پێشکەوتنی ئابوورییە، ئیبن خەلدوون لە سەدەی چواردەهەمدا لەو رووەوە لە گوتەیەکیدا دەڵێ: (هەڵکوتانە سەر موڵکدارێتی خەلك هاندەر لادەدات بۆ بەدەست هێنان و پەیداکردنی سەروەت و سامان.) ماوەو پلەی هەڵکوتانە سەر مافەکانی موڵکدارێتی تایبەت، ماوە و پلەی خاوەخاوی هەوڵەکان بۆ گرتنەخۆ و بوونی مولکدارێتی دادەنێت.

دێڤد هیۆم لە وەسفێکدا گوتوویەتی: ((**یاساکانی خاوەندارێتی بزوێنەری پێشکەوتنی کۆمەلایەتین**)) هەروەها بە (جێگیربوونی

خاوەنداریێتی) ناوی بردووەو گواستنەوەی موڵکداریێتی بەرەزامەندی و جێبەجێکردنی بەڵێنەکان، ئەوەی ڕێزگرتنی گرێبەستەکان بە تەنگیەوەبوو.

بۆیە گەراندنەوەی مافەکانی موڵکداریێتی توخمی بنەڕەتییە لە ریفۆرمی ئابووریدا لە پێناو بەرەوپێشبردنی چالاکی ئابووری. ئەگەر باوەڕ بەسێ مەرجەکەی هیۆم کرا، ئەوانەی ماوە و ڕێ بەموڵکداریێتی دەدەن، ئەوان باشترین ئەو کەسانەن کە دەیگرنەخۆ. نەك تەنیا ئەوانەی دەوڵەت موڵکداریێتی بۆ گواستوونەتەوە، لەبەرئەوەی کە هاوکاری کۆمەڵایەتی زەرورەتی پێشکەوتنی ئابوورییە، موڵکداریێتی تایبەت مرۆڤەکان لەیەکدی نزیك دەکاتەوە و کارەکانی مرۆڤ بە شێوەیەك دادەڕێژێ کە سوودی بۆ دراوسێیەکەشی هەبێت.

## موڵکداریێتی تایبەت سوودمەندە بۆ خاوەن موڵك و ئەوانەشی کە موڵکیان نیە

هەندێ جار بە هەڵە لە موڵکداریێتی تاك دەروانرێ، بە شێوەیەك کە تەنیا بەکەلکی خودی تاکەکانی خاوەن موڵك دێت. لە راستیدا ئەو سوود و قازانجەی لە موڵکداریێتی تاکەوە دێت بۆ کۆمەڵگا زۆر لەوە پترە کە بۆ خودی تاك دەچێت. ئەگەر خاوەن زەوییەك وەك وەرزێرێك داهاتی هەبێت، ئەوا پێویستە خۆراك بداتە ئەوانەی کە زەوییان نیە، و هەروەها ئەوانەی لە ناوچە دوور دەستەکاندا دەژین.

پێویستە لە هەموو ڕوویێکەوە گرنگی بە ناوچەکانی دەوروبەری کێڵگەکەی بدات، و دەبێ چاودێری ژینگە بکات لە پێناو دابینکردنی

بەرهەمەکەی لە داهاتوودا. ئەگەر هاتوو وەرزێڕێکی هەژار بوو، لە توانایدا نەبوو داهاتێکی ئەوتۆ دەستەبەر بکات، لە ئەنجامدا ناچار دەبێ زەویەکەی بەکەسێك بفرۆشێ کە ئامادەیی زیاتری هەیە لە گرنگی پێدان و چاودێری کردنی. واتە دەسکەوتەکانی کۆمەڵگا گەورەترن، چونکە موڵکدارێتی بوار و توانای کارو ژیانی ملیۆنان کەس دەدا، ئەوانەی کە سەرچاوەی سامان و بژێوییان نیە.
بە گواستنەوەی خۆشگوزەرانی و گشتاندنی بەسەر کۆمەڵگادا بەو شێوەیە، شیان بە تاکەکان دەدا کە سەرمایە کۆبکەنەوە و کار دەستەبەر بکەن. بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ رێژەی مرۆڤەکان ئەوانەی کە دەتوانن ژیان بگوزەرێنن لەسەر داهاتەکانی دەسکەوتی موڵکدارێتی تاك، بەرز دەبێتەوە بەپێی بەرزبوونەوەی ئاستی پاراستنی.

## رۆڵی حکومەت پاراستنی موڵکدارێتی تایبەتە

گرنگە بەبیر خۆمان بێنینەوە، کە ئەو کۆمەڵگایەی لەسەر بنەمای موڵکدارێتی تاك وەستاوە، جیاوازییەکی لە رادەبەدەری هەیە لەگەڵ ئەو سەرمایەداریە نارێك و نالەبارەی کە شوێنی کۆمۆنیستی گرتەوە، لە چەندین ولاّتدا ئەوانەی کە جاران بەشێك بوون لە جیهانی کۆمۆنیستی.
گواستنەوەی گەندەڵیی موڵکدارێتی لە دەوڵەتەوە بۆ مافیا، ناکرێ لە کۆمەڵگایەکدا رووبدات کە رێز لە موڵکدارێتی تاك دەگرێ، چونکە ئەو کەسانەی کە لە رێگای بەکارهێنانی توندوتیژییەوە دەژین، ناتوانن بە

شـێوەیەکی نایاسـایی ببنــە خـاوەنی هـیچ شـتێك لـە کۆمەڵگایـەکی ئـازاددا. موڵکـدارێتی تـاك جیاکەرەوەیـەکی کۆمەڵایـەتی نیـە، بـەڵکو دەزگایەکـە هەوڵـدەدات بـۆ دڵنیـابوون لـەوەی کـە خاوەنـەکانیان، دەتوانن زیاتر لە دەسەڵاتداران خزمەتی کۆمەڵگا بکەن.

رۆڵی حکومەت پاراستنی موڵکدارێتی تایبەتە، نەك تەنیا لە کەلوپـەلی دیاریکراودا ، بەڵکو لە سنووری نـوێی موڵکـدارێتی هزریـدا لـە فـەزای کراوەدا. موڵکـدارێتی تـاك مافێکـە لـە مافـەکانی مـرۆڤ، و بنەمایـەکی سەرەکی دیموکراسییە، و گرنگـە بـۆ ناسـنامەی کەسـێتی، هـەروەها سەرچاوەیەکە لە سەرچاوەکانی جێگیربوونی سیاسی و لێهاتوویی لـە کاری بەرهەم هێناندا.

# سەروەری یاسا

**بوونـەوەرە هۆشمەنـدەکان، لەوانەیـە هەنـدێ یاسـایان هـەبێت کـە دایاننناون، لە هەمان کاتدا خاوەن هەندێ یاسای دیکەن کە هەرگیز دایاننەناون .**

**- مونتسکیۆ -**

## سەروەری یاسا چیە؟

یاساکان لە لایەن حکومەتەکان یاخود ئەنجومەنـەکانی یاسـادانانەوە دادەنرێن، لە هەموو کەس و لایەنەکانیش چاوەروان دەکرێ بەرێزەوە لێیان بروانن. سەرەرای ئەوە سەروەری یاسا، واتە یاسـایەکی بـەرزتر هەیە پێویستە سەرجەم یاساکانی تر پەیرەوی لێبکەن.
یاسـاکانی کـە حکومـەت دایاندەرێـژێ دەکرێت بـە کۆمـەلێك بنـەمای رەوشـتی پێوانـە بکـرێن کـە بـە یاسـای سروشـتی ناسـراون. لـەو بنەمایانـەش بـۆ نمونـە یەکسـانی لـە بەرامبـەر یاسـادا، هــەروەها بنەماکانی دادپەروەری سروشتی، یاسا گشـتی و رەهاکـان، هـەروەها سـەربەخویی دادگـا. ئامـانج و مەبەسـت لـە هـەموو ئـەو یاسـایانە پاراستنی ئازادی تاکە لە هەمبەر دەولەتدا.
بیرۆکـەی یاسـا، رەگـو ریشـەی قـوولی هەیـە، هـەتا لـە سـەردەمی ئەسینای کۆنداو لە لوتکەی دیموکراسیەکەیدا، شتێکی مەحال بوو کە یاسایەك بە بڕیارێکی ئەنجومەنی نیشتمانی گۆڕانکاری تێدا بکرێت. یاسای رۆمانی بەشی هەرە زۆری لە لایەن یاساناسانەوە دانراوە و

ئـەنجامی ئـەو ڕێورەسـم و بڕیارانـە نـەبووە کـە سـیزار و ئەنـدامانی ئەنجومەنی پیران دەریاندەکرد. بنەمایەکی سەرەکییان جێگیرکرد لـە ژێر ناوی: (یاسای نادادپەروەر، یاسا نیە).

نووسـین و پـولێنکردنی ئـەو کۆمەڵـە یاسـایە لـە لایـەن ئیمپراتـۆر (جیستینین)ەوە تا ڕادەیەکی زۆر هەولێك بوو بۆ تەتەڵـەکردنی چـەند یاسایەکی باوەڕپێکراو کە لە ئارادابوون و پـەیرەوییان لێـدەکرا، نـەك نووسینەوەی یاسای نوێی.

لە جیهانی ئەنگلو ئەمریکیدا، ئەوە بە شێوەی یاسای عورفی پـەرەی سەند، ئەوەش لە ئەنجامی پێشـەنگیی یاسـایی و چـەندین مەسـەلەی هاوشێوەوە بەدەستهات. بەو جۆرە پەرلەمانی بەریتانیا توانی پشـت بە یاسای عورفی گشتییەوە ببەسـتێ لـە ڕووبەڕووبوونەوەیـدا لەگـەل تـاج و تـەختی پاشـایەتیدا، هـەروەك سێر(ئێدوارد کـۆك) دژی پاشـا جێمسی یەکەم کردی. کۆلۆنیالەکانی ئـەمریکا داوایـانکرد کـە بـەپێی یاسا گشتیە کۆنەکانەوە حوکمیان بکرێت، ئەوانەی کە پەیوەستن بـە ئازادیـەکانی هاوڵاتیـانی ئینگلیـز لـە جیـاتی ئـەو یاسـایانەی کـە لـە پەرلەمانی بەریتانیاوە دەردەچن.

لە کیشوەری ئەوروپا شـێوازی جیاجیـای دیکـە پـەیرەوکران، کـە بـە یاسای دەوڵەت ناسران، تیایدا داننرا بـەوەی کـە گشـت کردەوەکـانی حکومەت ملکەچی حـوکمی یاسـان. هـەر هەڵسوکەوتێکی حکومـەت، دەبێ پاکانەی بۆ بکرێ بە ئاماژەکردن بۆ ئەحکامی یاسا کـە ڕەوایـی بەکاری حکومەت بدات.

دەکرێ ئـەوەش لـە هـەموو ئـەو یاسـایانەدا ببینرێـت کـە لـە یـەکێتی

ئەوروپادا دەردەچوون، پێویستە ئاماژە بەو دەسەڵاتە بکرێت کە یاسا ڕێپێدەدا بۆ هەموو پەیماننامایەك کە یەکێتی ئەوروپا دەیبەستێ، ڕاگەیینراوی جیهانی مافەکانی مرۆڤ، کە لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەرچووە لە بەندەکانی (٧ تا ١١)دان بە هەندێ بنەما دادەنێ. هەروەها پەیماننامەی ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ ئەویش پێشینەیەکی بەرزتر دەداتە سەروەری یاسا لەوەی کە یاسا نیشتمانیەکان هەیانە.

## حکومەتی یاساکان نەك کەسەکان

حوکمی یاسا دژە لەگەل حوکمی کەسەکاندا. بێگومان کەسەکانن کە یاسا دادەڕێژن، بەڵام پێویستە لەسەریان کە پەیرەو لە یاسایەکی بنەڕەتی بەرزتر بکەن و ملکەچی بن. ئەو یاساو سیستەمانە هوکارگەلێکن بۆ ئەوەی دەسەڵات بە شێوەیەکی هەڕەمەکی پەیڕەو نەکرێت. هەروەکو زانای یاسای دەستووری، دایسی گوتویەتی: ((حوکمی یاسا پێچەوانەی گشت سیستەمێکی حوکمە، کە تیایدا تاکەکان لە حکومەتدا دەسەڵاتی بەرفراوان و هەڕەمەکی جێبەجێ دەکەن)).

دەسەڵاتداران و ئەوانەی یاسا دادەنێن خۆشیان ملکەچی چەند سیستەمێکی دیاریکراون. حکومەت ناتوانێ وبۆیشی نیە کە خۆی لە یاساکانی بێبەری بکات، بەڵام هێشتا لە زۆر وڵاتدا کارو کردەوکانی حکومەت لێپێچینەوەیان لەسەرنیە، کەچی ئەگەر تاکێك ئەنجامیانبدا دەبێتە شتێکی نایاسایی.

ئـەوە بـەو واتایەیـە بەرژەوەندیـەکانی مـرۆڤ لەگـەل یەکتریـدا دەبـێ لەسـەر بنەماگـەلێکی گشـتی جێگیربکـرێن کـە سیسـتەمێکی یاسـایی لەخۆ بگرێ و نابێ لە ژێـر کاریگـەری و داخوازیـەکانی پاشـاو وەزیـرو دەسەلأتدارارانەوە بێت. هەر کۆمەڵگایەك ئەگـەر کەسـانێك تیایـدا لـە دەرەوەی بازنـــەی لێپێچـــینەوەی یاســـادا بـــوون ئـــەو کومەڵگایـــە کۆمەڵگایەکی ئازاد نابێ.

هەر دەوڵەتێك کە یاسـا تیایـدا سـەروەر بێـت، واتـا دەسـەلأتدارانیش وەکو هەر مرۆڤێکی دیکە ملکەچی یاسا دەبـن، ئەمـەو دەوڵـەت بـۆی نیـە بـە ویسـت و مـەرامی خـۆی بجولێتـەوەو ئـەوەی مەبەسـتیەتی ئـەنجامی بـدات، بـەڵکو دەبـێ ملکەچـی یاسـا بێـت، ئەگـەر بـە پێچەوانەش رەفتاری کرد دەبێ لێپێچینەوەی لە گەڵدا بکرێ.

## یەکسانی لە بەرامبەر یاسادا

رێزگرتن لە کەسەکان ئـەرکی یاسـا نیـە، دەبـێ یاسـا بـە شـێوەیەکی یەکسـان لەسـەر هـەموان جێبـەجێبکرێت، بـەبێ ئـەوەی لـە پێگـەو دەسەلأتی سیاسـی یـاخود توانـایی ئـەو کەسـە بڕوانـرێ، بـۆ نموونـە ناوهێنانی تاکـەکان لـە یاسـادا، چ بـە سـزادان یـان هـەلأوێردن بێـت، ناکۆکە لەگەل ئەم بنەمایەدا.

بۆیـە کەسـێکی چاوبەسـتراو کـە تەرازویـەکی دوولا یەکسـانی بـە دەسـتەوەیە کراوەتـە هێمـای گشـتیی دادپـەروەری، هـەروەها ئـەو مانایەش دەدا دەربارەی سیستەمێکی یاسایی کە تیایدا یاسـاکان بـە یەکسانی لەسەر هەمووان جێبەجێ دەکرێن. پێویسـتە یاسـا بێلایـەن

بێت لە نێوان کەسەکاندا و ڕەچاوی ئەوە نەکرێ کە کێ سەر بە چ چین، یا ئایین، دیدی سیاسی، یاجێندەرو ڕەگەزێکە.
دادپەروەری ڕاستەقینە بەلایەوە گرنگ نیە کێ چی کردووە؟ بەڵکو گرنگ ئەوەیە چی ئەنجامدراوە، بەو مانایە یاسا بە هیچ شێوەیەك نابێتە ئامرازێك لە دەستی دەوڵەتدا، بۆ لە ناوبردن و قڕکردنی ئۆپۆزسیۆن، یاخود زەمینە خۆشکردن و بواردان و بەخشینی ئەو کەسانەی کە لایەنگیریی دەکەن.

## یاسا گشتی و ڕەهاکان

فەیلەسوفی ئابووریناسی ناودار، فردریك هایك دەربارەی یاساکان دەڵێت: دەبێ یاساکان گشتی و ڕەها بن و ئاراستەی هەموان کرابن . نابێ تەنیا بۆ کەسانێك یان کۆمەڵێك بن. بەپێی پێوەرە جیهانیەکان و بە یەکسانی ئەنجام بدرێن، بەبێ ئەوەی لایەنگیری و جیاکاری بکرێ لە نێوان تاکەکان و کۆمەڵەکاندا.
دەبێ سێ مەرجی تیا ڕەچاو بکرێ: هاوتاییکردن لە نێوان مەسەلە لە یەکچووەکان، بێلایەنی، واتا ئەنجامدان و پەیرەوکردن لەسەر تاکێك، وەکو ئەوەی لەسەر کەسانی دیکە جێبەجێ دەکرێ، بێلایەنی ڕەوشتی، واتە جیاکاری نەکا لە نێوان بیرۆکە جیاوازەکاندا، ئەوەی کە پەیوەندی بە ژیانی باشەوە هەیە.
هەروەها هایك دەڵێ: ((ئەگەر شتە قەدەغەکراوەکان بۆ هەموو کەسێك بوو،بەبێ هەڵاوێردن (مەگەر هەڵاوێردنەکە بە یاسایەکی گشتی دیکەوە کرابێت) و ئەگەر دەسەڵات تەنها دەسەڵاتی

جێبەجێکردنی یاسای هەبوو، ئەوسا تەنها کەمێك لەو کارەی کە هەر کەسێکی ژێر حەز بکات ئەنجامی بدات قەدەغەکراو دەبێت)).
کومەڵگایەکی قورمیشکراو دژو پێچەوانەی حوکمی یاسایە، پلانڕێژی هەموو شتێك لەلایەن حکومەتەوە واتای جێبەجێکردنی لەسەر هەموو خەڵك و مولکێك لە شوێن و کاتە دیاریکراوەکاندا. سیستەمێکی بەو جۆرە ناتوانێ کار لەگەڵ ئەو تاکانەدا بکات کە خۆیان بڕیار دەدەن سەبارەت بەوەی لە کوێ کار دەکەن و دەژین. لەو کۆمەڵگایانەی لەژێر سیستەمی پلاندانانداندان، حکومەت رادەو فەرمان بۆ خەڵك و کۆمەڵە دیاریکراوەکان دیاریدەکات.
کەچی کۆمەڵگای ئازاد یاسا بۆ جێبەجێکردنی گرێبەستەکان و پاراستنی ئازادی تاکەکان بەکاردەهێنێت، بۆیە بازاری ئازاد چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ کار پێویستە ، لە ئەنجامی نەبوونی چوارچێوەیەکی بەو شێوەیە، رێگا کراوە دەبێ لە بەردەم چەندین دەستەوگرۆپی بە هێزی وەك مافیا بۆ قۆزتنەوەی خەڵکانی دیکە.

## ئەحکامەکانی داد پەروەری سروشتی

یاسای دیاریکراو هەن بۆ دادپەروەری سروشتی، پێویستە لەسەر یاسادانەر پەیرەوییان لێبکات. دڵنیابوون وخوێدنەوەیەکی دیتنکاری، دورکەوتنەوە لە جێبەجێکردنی یاسا لەسەر روداوەکانی پێش دارشتنی، روونی و ئاشکرایی، جێگیری، دانەڕشتنی یاسایەك کە جێبەجێکردنی مەحاڵ بێت، گریمانەکردنی بێتاوانی هەر کەسێك تا پێچەوانەکەی دەسەلمێنرێت.

دڵنیـابوون ئـەو بوارەمـان بـۆ دەرەخسـێنیٚ کـە سـەرلەنویٚ ژیانمـان ڕێکبخەین بـەو پێیـەی ئەگـەر هـاتوو مافـەکانمان لـە لایـەن خـەڵکانی دیکەوە پێشێلکران، ئەوسا دەتـوانین پـەنا ببەینـە بـەر یاسـا و مافـە زەوتکراوەکانمـان وەربگرینـــەوە، بـــۆ نموونـــە یاســـای کۆمپانیاکـــان ڕێنوێنیمان دەکات لـەبارەی ئـەوەی پێویسـتە چـیبکەین بـۆ دانـان و دامەزراندنی کۆمپانیاکان و بەگەڕخستنیان.

ئەگـەر کەسـێك قـەرزاری کومپانیـا بـوو، یـاخود ئەگـەر کۆمپانیایـەك گرێبەستێکی لەبەر چاونەگرت، ئـەوا ڕێگـا والأیـە بـۆ دەسـتەو لایەنـە ناکۆکەکان لە پەنابردنە بەر یاسا، چونکە سیفەتێکی یاساییان هەیـە، بەڕێوەبـەرەکانیان مـاف و بەرپرسـێتیەکانیان بـە یاسـا دیـاریکراوە.

**هایـك** لـەو بـاوەرەدا بـوو دڵنیـابوون لـە گرنگـی حـوکمی یاسـا بـۆ بەڕێوەبردن و پێشخستنی بواری ئابووری هیچ گومـانی تێـدا نیـە. لـە درێژەی قسـەکانیدا دەڵـیٚ: لەوانەیـە هـیچ هۆکـارێکی دیکـە هێنـدەی سـەروەری یاسـا ڕۆڵـی نـەبوبێت لـە دابینکردنـی خۆشـگوزەرانی بـۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا.

ئەگەر پێویست بێت لەسەر تاکەکان تا بەپێی یاسا بجولێنـەوە، ئـەوا پێویستە لەو کارو کردەوانە بە ئاگابن کە پێچـەوانەی یاسـان. ئەگـەر یاسـاکان تـا رادەیـەك روون و ئاشـکرا نـەبوون، یـاخود تێگەیشـتنیان ئەستەم بوو، هاوڵاتیان ناتوانن رەفتار بکەن، چونکە دڵنیانابن لەوەی ئاخۆ رەفتارەکانیان سەرپێچی یاساکانە یان نا.

لە مەسـەلەیەکدا لـە ژێـر ناونیشـانی ((ئـەو ئـامێرە نانـەی کـە بـاوەڕ ناکات)) نانەوایەك دادگـایی دەکرێـت چـونکە نرخـی نانەکـەی زیـاترە

لەرکابەرەکانی (هاوپیشەکانی)، لەسەر ئەو بنەمایەی کە دزی لە کڕیارەکانی کردوە، یان دادگایی دەکرێت چونکە نرخی نانەکەی کەمترە لەرکابەرەکانی، گوایە هەوڵی ئەوە دەدات رکابەرەکانی نابوت بکات، یان دادگایی دەکرێت چونکە نرخی نانەکەی وەك رکابەرەکانیەتی، گوایە دەستی تێکەڵکردوە لەگەڵیان تا هەمویان دزی لەخەڵك بکەن.

یاساکان تەنها لەسەر کارو کردەوەکانی داهاتوو جێبەجێدەکرێن. نەك لەسەر کاروکردەوەی رابردوو. ناکرێ کەسێك لەسەر کارێك دادگایی بکرێت کە پێش دەرچونی یاسای تایبەت بەو کارە ئەنجامی داوە، واتا بەکارێك تۆمەتبار بکرێت کە لەکاتی رودانیدا یاسا بە تاوانی دانەناوە. هەروەها نابێ مرۆڤ سزا بدرێت بەوەی لە کارێکدا سەرکەوتوو نەبووە کە لە سروشتی خۆیدا مەحال بووە ئەنجامی بدات.

ئەو بیرۆکەیەی کە دەڵێ، مرۆڤ بێگوناهە تا ئەو کاتەی تاوانەکەی دەسەلمێنرێت، ئەوە بیرۆکەیەکی بنەڕەتییە لە دادپەروەری سروشتیدا، گرنگە کە مرۆڤ بێگوناە بناسرێت هەتا لە نالەبارترین بارودۆخدا، واتە دەسەڵاتی شەرعی پێویستە بۆ سەلماندنی گوناهەکەی. پێچەوانەی ئەو تۆمەت و بوختانانەی لە سیستەمە دیکتاتوریەکاندا بۆ هاولاتیان هەڵدەبەسترین.

# سەربەخۆیی دادگا

یەکێ لە ئەرکەکانی دادگا، جێبەجێکردنی یاساکانە دژی حکومەت، بۆیە پێویستە دادوەرەکان سەربەخۆبن لەحکومەت. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بیرۆکەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان: دەبێ دەستەی جیاواز هەبن بەرپرس بن لە دارشتنی یاساکان (دەستەی یاسادانان)، و جێبەجێکردنی یاساکان و (دەستەی جێبەجێکردن)، دەسەڵات دەربارەی یاساکان (دەستەی دادوەری).

سەربەخۆیی دادگا لە رێگای چۆنیەتی دامەزراندنی دادوەرەکان و هەروەها چەسپاندنی سیستەمی ماوەی خزمەت، دەبنە رێگر لە بەردەم دەسەڵاتداران تا نەتوانن بە ئاسانی پلەو پایە لە دادوەرەکان بسەننەوە. ئەمەو سەربەخۆیی دادگا کوت و بەندیش لەسەر چالاکییە سیاسیەکانی دادوەران دادەنێ تاکو نەکەونە ژێر کاریگەری کەسانی دیکەوە، یاخود کاریگەری دەسەڵاتی سیاسییەوە.

پێویستە دادوەرەکان لەسەر بنەمای بێلایەنی کارەکانیان ئەنجام بدەن، نابێ بۆچوونە سیاسی و بەرژەوەندیەکانیان هیچ جۆرە کاریگەریەکی لەسەر کردارو رەوشتیان وەکو دادوەر هەبێت، بەو واتایەی کە دەبێ یاسا دووربێت لە سیاسەت.

# دەستوری بوون و سنورداری حکومەت

ئەو یاساو ڕێسایانەی کە جڵەوی حکومەت دەگرن دەکرێ لە زۆر شوێندا ببینرێن، پێویستە دادوەرەکان دەسەڵاتی پێداچوونەوەی دادوەرییان هەبێت و، چاودێری کاروبارەکانی حکومەت بکەن، یاساکان دابنرێن بۆ زامنکردنی هاوکوکی بوونیان بۆ ئاستەکانی سەروەری یاسا.

دادوەرەکان بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو کارانە دەتوانن سێ سەرچاوە بەکاربێنن: یەکێ لەسەرچاوەکان دەستووری نووسراو وپۆلێنکراوە، بۆیە خوازیارانی سەروەری یاسا زیاتر ئەوانەن کە خوازیاری دەستووری نووسراون. ئەلکساندەر هاملتۆن، یەکێ لە دارێژەرانی دەستووری ئەمریکی و دانەری ((لاپەڕە فیدراڵیەکان)) دەڵێ: ((پێویستە دەستوور لە لایەن دادوەرەکان یاسای بنەڕەتی بێ.)) دەستوورەکان کۆتوبەندی گەورە دەخەنە بەردەم دەسەڵاتەکانی حکومەت.

سەرچاوەی دووەم، یاسای دابونەریتی بۆماوەییە، ئەم جۆرە یاسایە نەك تەنیا بە پێی هەندێ ڕێوشوێن دانراوە، بەڵکو یاساکە دیاریدەکات بەڵام دروستی ناکات. دادوەرێکی بەریتانی لە سەدەی هەژدەدا لەو بارەیەوە نووسیویەتی: یاسای عورفی بەریتانی لە چەند کێشەگەلێکی دیاریکراو پێکنایەت، بەڵکو لە چەند بنەمایەکی گشتی پێکدێت، ئەوانەی لەو کێشانەدا راڤەو روون دەکرێنەوە.

یاسای عورفی بنەمای گشتی لەسەر کێشە تایبەتەکان بە شێوەیەك جێبەجێدەکات کە دیکتاتور پێویستی پێ نیە لە بڕیارە

هەرەمەکیەکانیدا. سەرچاوەی سێیەم، تێگەیشتنی فەلسەفییە بۆ یاسای سروشتی، ئەوەش هۆکارێکە بۆ زۆری گفتوگۆ یاساییەکان لە سروشتدا.ئامانج لە سەروەری یاسا پاراستنی تاکە، هیچ شتێك زیاتر لە سەروەری یاسا، کۆمەڵگای ئازاد لە کۆمەڵگای کۆتکراو جیاناکاتەوە.

جیاوازی لە نێوان دەسەلأتی یاساو دەسەلأتی هەڕەمەکی بە رادەیەك گەورەیە، وەك جیاوازی تابلۆیەك کە رێنوێنیمان دەکات کام لە رێگاکان بگرینە بەر بۆ گەیشتن بە ئامانجی ویستراو، و بریارێکی حکومەت کە رادەیەك بۆ ئازادی هاتووچوونمان دادەنێت و پێمان دەڵێت، دەبێ بۆ کوێ بچین و بۆ کوێ سەفەربکەین.

# سیستەمی خۆبەخۆیی

**زۆر لە دامودەزگاكان، ئەنجامی كاری مرۆڤ بوون، بەڵام ئەنجامی كاری بە ئەنقەستی ئەو نەبوون.**
**- ئادەم فێرجسۆن-**

## سیستەمی خۆبەخۆیی چیە؟

سیستەم هەمیشە و بەردەوام جێی باس و خواسی بیرمەندە سیاسی و فەیلەسوفەكان بووە لە هەموو سەردەمەكاندا، ئەمرۆ بە شێوەیەكی بەرفراوان ئەو واتایە دەدا كە حالەتێكە لە بەیەكەوە هەڵكردن و گونجاندن لە نێوان خەلكەكان، یان بە واتایەكی دیكە ئاشتی كۆمەڵایەتی. لە رۆژگاری بەر لە چاخی نوێدا، واتای چەمكی تیۆر پاراستنی سیستەمێكی پەیكەری جێگیر بوو، لە ئافراندنی یەزدان یا سروشت یاخود هەردوكیان.

دەكرێ بە شێوەیەك لە سیستەم بروانرێ كە بوونی رێكخستن و بە دواداچوون و زانینی پێشهاتەكانە لە كاروباری مرۆڤایەتی، و لە ئارادانەبوونی بێسەروبەری. لەگەل ئەوەشدا چونكە پەیوەست یاخود گرێدراو نیە بە كۆمەڵگایەكی وشك و سەختی خاوەن دەسەڵات و ئیمتیازە چینایەتیەكان، كەواتە بیرۆكەی سیستەم هێشتا زۆر بە گرنگی و بە بایەخەوە لێی دەروانرێ، چونكە بوار بۆ هەموو ئەو خەڵكانە دەرەخسێنێ، ئەوانەی كە خاوەن بەرژەوەندی و بەهای جیاوازن، كە لە كۆمەڵگایەكدا بەیەكەوە بژین و بەبێ ئەوەی لەیەك

جیاببنەوە یاخود پەنا ببەنە بەرکێشەو ململانێی ناوخۆ، ئەوە واتای چەمکی نویی سیستەمی خۆبەخۆییە.
یەکەمین بیرمەند کە ئەو چەمکە نوێیەی سیستەمی خۆبەخۆیی تەتەلە کرد بێرنارد دو ماندڤێل بوو، لە کتێبەکەیدا لە ژێر ناونیشانی ((چیرۆکی هەنگ)). ئەو کتێبە باس لەو هاودژیانە دەکات کە لە ((خراپیەکانی کەسێتیدا)) سەرچاوە دەگرن وەك، خۆپەرستی و بەرژەوەندی خود ، کە بۆی هەیە قازانجی گشتی هەبێت کە سەرجەم کۆمەڵگا سوودی لێ وەربگرێت.
دەرکەوت هەموو ئەو کەسانەی کە بە هاندەری بەرژەوەندیە جۆراوجۆرەکانی خود کار دەکەن، کۆمەڵگایەکی بازرگانی بەرهەم دێنن، کە بە هیچ شێوەیەك بەشێك نابێت لە نیاز و مەبەستی هیچ کەسێکیان. ئەو بیرۆکەیە دامودەزگاکانی مرۆیی پەرەپێداو ئەو بوارەشی بۆ تاکەکان رەخساند کە خزمەتی خەڵکانی دیکەش بکەن، سەرەرای ئەوەی کە پاڵنەریان تەنیاو تەنیا بەرژەوەندی خود بوو.
لە چاخی رۆشنگەری سکوتلەندیدا بیرمەندانی وەك ئادەم سمیس و دیڤید هیۆم و ئادەم فێرجسون گەشەیان پێداو، هەوڵی ئەنجامدانی ئەو بیرۆکەیەیان دا لەسەر دامودەزگا گەلێکی مرۆیی و بازرگانی و یاسا و زمان و رەوشتی مرۆڤی، هەتا بەهاو دابونەریتەکانیش، دوور لەوەی کە بیرۆکەیێکی ئابووری تەسك ئاسۆ بێ.
سمیس لە کتێبەکەیدا ((بیرۆکەیەك لە هەستە رەوشتیەکاندا)) دەڵێت: رەوشت پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی و شیان و بواری بوژانەوەو دەوڵەمەندی بەردەوامی، ئەوەی کە پەسەندە لە لایەن

خەڵکـەوە دای بـە مرۆڤایـەتی، کـە رۆژگـار دانـی بـە گرنگـی و چالاکیبوونیدا نا.

ئەو بیرمەندانە شۆك گرتنی، چۆن ئـەو بـەهاو دامودەزگایانـە هاتنـە ئـاراوە تـاوەکو سـوودو قـازانج بـە مرۆڤایـەتی بگـەیێنن، سـەرەڕای ئـەوەی کـە زادەی هزرێـك یـا عـەقلێك بـوون. تێبینیەکـەی ئـادەم فێرجسۆن سەبارەت بەوەی کە کار و بەرهەمی مرۆڤ رێتمێکی بالاتری وەرگرتووە بە بەراورد لەگەل هەر سیستەمێك کە لە کۆمـەڵگادا هەیـە و هەر بیرمەندێك کە بیری لێکردبێتەوە.

بیرمەندی نەمسـاوی هایـك ئـەو روانینـەی دوای دوو سـەدە پێچـەوانە کردەوەو جەدەلێکی زۆری دەرباری ئەو بیرۆکە کۆنە کرد کە دەڵێت: دامودەزگاکـان دابەشـدەکرێن لـە نێـوان ئەوانـەی کـە سروشـتین و ئەوانەی دەستکردن، هەروەها گوتی بەشی سێیەمیش هەیە، ئـەویش دامودەزگـای کۆمەلایـەتین کـە رێکخسـتوو هەمیشـەیین، خـەڵکی لـەو بـاوەڕەدان ئەمانـە لـە داهێنانـەکانی مـرۆڤ بوونـە، بۆیـە دەکـرێ گوڕانکارییـان تێـدابکرێ و بـەپێی ویسـت وخواسـت سـەرلەنوێ هەیکەلەیان دابرێژنەوە.

هەروەها هایـك روونیکـردەوە ئـەو بیرۆکەیـە هەڵەیـە، چـونکە عـەقلی مـرۆڤ و کۆمـەڵگا بەیەکـەوە گەشـەیان کـردووە. داتلێشـانی ئـەم دامودەزگایانەی کە یەکگرتوویی کۆمـەڵگایان پاراسـت و دامودەزگـای نوێیـان دامەزرانـد، وەك ئـەوەی سوشیالیسـتەکان بانگەشـەی بـۆ دەکـەن، لـە توانایدایـە کـە ئـەو سیسـتەمە تێکبشـکێنن کـە رێگـا بـە مانەوەی کۆمەڵگا دەدات.

# سیستەم بەبێ دەستوردان

سیســـتەمی خۆبـــەخۆیی رەورەوەکـــانی کۆمـــەڵگا بەگـــەرخراوی دەهێڵێتەوە بەبێ ئەوەی پێویستی بە دەرکردنـی فـەرمان هـەبێ لـە ناوەندەوە. کومەڵگای ئازاد، کۆمەڵگایـەکی رێکخسـتووە، نـەك لەبـەر ئەوەی کە خەلکی گۆشکراون کە پێویستە چیبکەن، بەڵکو دابونەریتە پێشکەوتووەکان و دامودەزگا بۆ ماوەیەکان لە کۆمەڵگای مرۆییدا ئەو بـوارەی بـە تاکـەکان داوە کـە کاربکـەن بـۆ بـەجێهێنانی ئامانجـە خودیـەکانیان و پێداویسـتیەکانی خـەلکانی دیکـە، رەفتـارو کـرداری خـەلکی رێـتم وشـێوازی دیـاریکراو پـەیرەو دەکـەن چـونکە هـەر لـە بنەڕەتـدا لـە لایـەن کۆمـەڵگا پەسـەند کرابـوون و بـوار بـە کۆمەڵـە جیاجیاکان درابوو، ئەوانەی کە بەردەوام پەرەیان پێدەدا.

هایـك لــە روونکردنەوەیەکـدا دەڵێـت: شـتێکی رێکـەوت نیـە کـە جیاوازیـەکی بەرچـاو و فـراوان لـە رووی بـژێوی مادیـدا لـە جیهـانی سێیەمدا بەرچـاو دەکـەوێ، شـوێنی بەیـەك گەیشـتنی شـارو گونـد، هەروەها هەبوونی کۆمەڵگای ئـالۆز کـە بـە فـەرمان بـەرێوە دەبـرێن، لەهەمبـەر ئـەو کۆمەڵگایانـەی کـە یـەکگرتوون، سـەرەڕای چـەندین یاسای پێویست بـۆ بـەرێوەبردنی کۆمـەڵگا، کـە جیـاوازییێکی زۆریـان لەگەل یەکتریدا هەیە.

ئەو سیسـتەمانەی کـە رێگـا بـە کـارکردنی سیسـتەمێکی کۆمەڵایـەتی ئاڵۆزی وەکو شار یا ئـابووری جیهـانی دەدەن، ئەوانـە سیسـتەم نـین بەمانا زانراوەکەی لە تێگەیشتنی ئەو واتایەدا، ئەو سیسـتەمانەی کـە رێگە نادەن تاکەکان ئازار بـە خـەلکی بگـەیینن و دزی و سـاختەیی و

پەیمانشکێنی بکەن لە راستیدا ئەو سیستەمانە مەودایەکی بەرفراوان بە خەلك دەدەن لە رەفتارو رەوشتیاندا ، پێیان دەڵێت کە چۆن هەلسوکەوت بکەن ، بەلاّم هەرگیز پێیان ناڵێت کە دەبێ چیبکەن.

## گەشەکردنی بەها رەوشتیەکان

چوارچێوەی رەوشتیی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی وەستاو و چەقبەستوو نیە بەڵکو لە حاڵەتی پێشکەوتنی بەردەوامدایە، چونکە رێکخراوی نوێ پەیدا دەبن و دادەمەزرێن، بوار بە کۆمەڵگا دەدەن کە بە شێوەیەکی باشتر رۆڵی خۆی ببینێ، کێشەیەك هەیە، ئەویش ئەوەیە کە پێش وەختە نازانین کە کام سیستەمە شیاوی جێبەجێکردنە و کامیان ناگونجێ. یاساو داب و نەریتە باو و ئاساییەکانمان، حالی حازر رێنوینیمان دەکەن دەربارەی ئەو بابەتانەی کە توانینی بەرەو پێشەبردنی کۆمەڵگایان دا بە ئێمە بەو شێوەیەی کە ئێستا تێیدایە.

بەلاّم نوێبوونەوەو دەست پێشخەری و تاقیکردنەوەو هەڵە لە ئارادان ئەگەر مەبەستمان بوو کە بەردەوام بین لە دۆزینەوەی یاساگەلێکی نوێ کە بوار بە کۆمەڵگا بدەن کە درێژە بە کارلێکردنەکان بدات، ئەوانەی کە لە پێشدا زانراو نەبوون. دامودەزگا کۆمەلاّیەتیەکان ئەوانەی کە کۆمەڵگا بە رێکخراوەیی دەهێڵنەوە، لەوانە دامودەزگاکان، داب ونەریت و بەهاکان، ئەمانە کەرەستەن لەو رووەوە.

ئەوانە چەندین تێگەو زانیاری نەوەکانی بەر لە ئێمەیان لە هەگبەدایە، دەربارەی چۆنیەتی شێوازی ژیان و رەفتارو

هەڵسوکەوت، کە هەموویان لەسەر دەستی نەوەی تازە پێگەیشتوو هەموار و هاوکێش دەکرێنەوە، ئینجا ئەوە بەگشتی دەگوازرێتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو. ئەو کۆمەڵانەی کە ئەو جۆرە سیستەمانە دەئافرێنن لەو رووەوە سوودمەندن بەبێ ئەوەی هۆکارەکانی بزانن، ئەو دامودەزگایانەی کە زانیاریەکانیان لێ دەگوازرێتەوە، ئەنجامی کاری مرۆیین، بەڵام مەرج نیە ئەنجامی پلاندانانی مرۆیی بن.

## گواستنەوەی سیستەمەکان

بەپێی بیرۆکەکانی هایك، سێ جۆر سیستەمی کۆمەڵایەتی هەن، جۆری یەکەم ئەوەیە خۆمان پلانرێژی بۆ دەکەین وەکو یاساکانی پەرلەمان. جۆری دووەم ناونراوە بە زانیاریە نادیارەکان، سیستەمگەلێکن هەموومان پەیرەوییان لێدەکەین وەك هەست بە ویژدان کردن و دادپەروەری، ئەوەی کە تێیدەگەین هەرچەندە گەر نەمانتوانی لە چەند وشەیەکدا دایبنێین.
هەروەها جۆری سێیەمیش هەیە کە تایبەتە بە رەفتاری باش، دەتوانین تۆماریان بکەینەوە، بەڵام هەوڵدانمان بۆ پۆلینکردن و رێکخستنەوەیان بە شێوەیەکی یاسایی لە پرەنسیپ نزیك دەبێتەوە، نەك راستەوخۆ ببێتە ریسایەکی یاسایی.
سیستەمی یاسای عورفی بۆماوەیی ئەنگلوساکسۆنی لەسەر جۆری سێیەم نمایش کراو لەسەر مەسەلەو ئەحکامە جیاجیاکان پەرەی سەند و دوای ئەوە بە درێژایی سەدەکان خرایە پاڵ کۆمەڵێ یاسا، ئینجا وردە وردە راهێنرا، بە شێوەیەك کە لە داهاتوودا شیاوی

هەمواركردن بێت.
ئێمە لەو سیستەمانە فێردەبین و بەشداری لە پێشکەوتنیاندا دەکەین، سەرەڕای ئەوەی کە زۆر جار لە راڤەکردنیاندا سەرکەوتوو نابین. جۆری دووەم و سێیەمە، ئەو توانایەیان هەیە کە سیستەمێکی ئالۆز بئافرێنن، زانیاریە وەرگیراوەکان بقۆزنەوە بەبێ کۆتایی، لەوەی کە ئەقلی مرۆڤێك بتوانی دایبنێ.

## بۆچی پێویستیمان بە ئازادییە ؟

سیستەمە کۆمەڵایەتیە ئالۆزەکان ئازادی کاریان پێویستە، چونکە ئەو زانیاری و مەعریفەیەی کە کاریگەرییان پێدەبەخشێ، ئەستەمەو ناکرێ لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە کۆبکرێتەوە.
هەوڵی بەکارهێنانی جۆری یەکەم لە سیستەمەکان واتە یاساکان، بۆ گۆرینی جۆری  دووەم و سێیەم لە سیستەمی خۆبەخۆییدا، بێگومان سەرکەوتوو نابن، چونکە بازنەو رێرەوێکە مەعریفەی مرۆیی کۆدەکاتەوە، ئەوەی کە بواری بۆ خەڵکی رەخساندووە لە کۆمەڵگای کراوەدا بەیەکەوە بژین و تا گەیاندویانەتە ئەو ئاستە خوشگوزەرانیەی کە ئێستا تیایدان. ئەمەش لە دەوڵەتی سوشیالیستی کۆنداو لە ناو ئیمپراتوریەتی سوڤیەتیدا بینرا، کە لە پاڵیدا دەوڵەت هێرشی کردو دادپەروەری نەریتی و ویژدان و رەوشتی هاوسەنگی دابری و ئاستی بژێویش لە رادەبەدەر دابەزی.
ئازادی شتێکی بنەڕەتییە لە پرۆسەی ئەنجامدانی سیستەمی خۆبەخۆیی لە کۆمەڵگادا، چونکە ئێمە پێشتر نازانین کام لە یاساکان

گونجاون. ئازادی کارێکی بنەڕەتییە لە پرۆسەی تاقیکردنەوەو هەڵەدا بۆ زانینی ئەوەی کامیان بە سوودەو کامیان بە سوود نیە. لەبەر ئەوەی هێزی داهێنەرانەی مرۆڤ بە هیچ شێوەیەك بە ئەنجام ناگات، مەگەر لە کۆمەڵگایەکدا کە دەسەلآت و مەعریفە بە شێوەیەکی بەرفراوان دابەشکرابن، داسەپاندنی ڕێتمێکی لە پێشدا کێشراو بەسەر کۆمەڵگادا، هێزی کاری داهێنەرانە پوچەڵدەکاتەوە. پێشکەوتن بە هیچ شێوەیەك بە فەرمان دروست نابێ.

## دابەشکردنی دەسەلآت

هۆکاری سەرەکی پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگایەك، دابەشکردنی دەسەلآتە لە نێوان هاولآتیاندا، لە جیاتی قۆرخکردنی لە دەستی دەوڵەتدا. ئەمەش بواری تاقیکردنەوەکان بۆ کۆمەڵگا دەرەخسێنێ دەربارەی ئەو سیستەم و بەهایانەی کە کۆنترۆڵی ڕەفتارو ڕەوشتی دەکەن، لە کاتێکدا ئەو سیستەمە رادەیەك لە ئەزموون و هەڵە لە کاریگەری هەڵەشەیی دادەنێ، مەگەر لەسەر گروپێکی بچوك لە کۆمەڵگادا، ئەمەو بوار بە یاسا بەسوودەکان دەدات کە چاودێری و لاسایی بکرێنەوە ئەگەر هاتوو سەرکەوتوو بوون کە ببنە بەشێك لە پێکهاتەی کۆمەلآیەتی بۆ کۆمەڵگایەکی ئازاد.
سەرەرۆیی و یاسا شکێنی لە کۆمەڵگای لادێی بچوك و یەکگرتوودا شتێکی ئەستەمە، لەگەل ئەوەشدا لە کۆمەڵگا گەورەکاندا دوو شتی بنچینەیین بۆ پاراستنی خەلك لە ژیانی هاوچەرخدا. ئەو چالاکییە پڕ بەهایانە ئەستەمە ئەنجامبدرێن ئەگەر دەسەلآت لە دەستی دەوڵەتێکی ناوەندیدا قۆرخ کرابێت و لە نێوان خەلکدا دابەشنەکرابێ.

## دەڵێی دەستێکی شاراوەی لە پشتەوەیە

لە کۆمەڵگەی ئـازاددا، خـەڵکی کـەمتر ناچـار دەکـرێن، کـە ملکەچـی دەوڵەت بن، بەڵام شتێکی بێسەروبەر وبەرەڵایی نیە، لە راستیدا ژیان لە کۆمەڵگای ئازاددا لەوانەیە سـەخت و دژوار بێـت، چـونکە تاکـەکان تیایدا ناچار دەکرێن رابێن لەگەل پێداویستیەکانی خەلکانی دیکە.

کار لە کۆمەڵگای ئـازاددا بـە سـەرکەوتوویی بـەرێوە دەچـێ، چـونکە رێکبوونێك دروست دەکات لـە نێـوان حـەزو ئـارەزووە ناکۆکـەکان لـە رێگـای داهێنـانی پاڵنـەرەکان بـۆ خـەڵکی تـاکو حـەزو ئـارەزووە خودیەکانیان بەدی بهێنن لە رێگای بە دیهێنانی حەزو ئارەزووەکـانی خەڵکانی دیکە. ئەمە رێـك پێچـەوانەی کۆمـەڵگای ئەنارشـیە کـە تـاك تیایدا هیچ لـە خواسـتەکانی جێبـەجێ ناکـات مەگـەر لەسـەر حسـابی خەڵکانی دیکە نەبێ.

هــەروەك ئــادەم سمــێس گوتویــەتی: ئامــادەین بــۆ خزمــەتی پێداویســتیەکانی خــەلك، لــە هــەمان کاتــدا خزمــەتی ئامانجــە تایبەتیەکانیشمان رەچاو دەکەین. هەروەکو بلێی ئەمە بە دەسـتێکی شـاراوە ئـەنجام دەدرێـت. ئـەم سیسـتەمە ئـالۆزەی کـە سـازاندن و رێکبوون لە نێوان ئارەزووە هاودژەکانی خەڵکدا دەکات، ئەوانەی کـە جیاوازییان لەگەل یەکتریدا هەیە، لەوانەیە لە دەستپێکدا تەمومـژی و تێکەڵاویەکی تیابێ، بەڵام شتێکی پێویسـتە کـە سـەیرێکی دوای ئـەو تەمومژیە دەسپێکەیە بکەین، ئەگەر ویستمان ببیـنین کـە کۆمـەڵگای ئازاد چۆن کار دەکات.

کاتێ ئەلکسێس دی تۆکفێل بۆ یەکەمین جار لە سالی ١٨٣١ پێی نایە

ناو خاکی نیۆیۆرك و گوێ بیستی – بە گوتەی خۆی– ((دەنگە دەنگی شاراوە)) بوو، ئەو مێژونووسە گەورەیە لە نووسینێکیدا دەربارەی کۆمەڵگای ئەمریکا دەنووسێ: ئەو ساتەی پێ دەنێیتە ناو خاکی ئەمریکا، رووبەرووی جۆرێك لە هەرا و ئاژاوە دەبێتەوە، گوێ بیست و هەست بە ململانێیەکی شاراوە دەکەیت لە هەموو لایەکدا، و هەزاران دەنگ لەو دەنگانەی لە یەك ئان وساتدا دەردەچن داوای بەدیهێنانی حەزوو ئارەزووە کۆمەڵایەتیەکانیان دەکەن.

هەوڵدان بو زانین و چۆنیەتی کارکردنی کۆمەڵگایەك، تەنیا بە چاودێریکردن و گوێگرتن لێی زانیاریەکی ئەوتۆمان دەست ناکەوێ. ئەوەیان وەك ئەوە وایە یەکێك هەوڵبدات بزانێ کاتژمێر چۆن کار دەکات بە بەخشینی کاتی زەمەنی. ئەو شتەی کە بوار بە کاتژمێری کۆمەڵگا دەدات لە سوڕان و کارکردندا بێت، ئەو کارلێکەرەیە کە دەبێ ئەنجامبدرێ لە نێوان خەڵکدا.

## ئازادی پشتگیری رێککەوتن و هەماهەنگی دەکات

چالاکی بازرگانی تارادەیەك زەمینەسازی و ئاسانکاری دەکات لە بەرامبەر هاوکاریی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای ئازاددا، لەو رووەوە بوار بۆ خەلك دەرەخسێنێ کە خزمەتی یەکتری بکەن.

ئەوەش خۆی لە خۆیدا هەل و بوارێکە پەیدا نابێ ئەگەر هاتوو کار تاکە کەسی بوو، یاخود لە دۆخی شەڕی هەموو دژ بە هەمووان بوو. ئەو پاڵنەرانە بواری هاوکاریکردنی یەکتریمان پێدەدا، سەرەڕای ئەو جیاوازیە زۆرەی کە لە بیروبۆچوونەکاندا لە ئارادایە دەربارەی

مەسەلە سیاسیەکان، یان باوەرە ئاینیەکان، ئەو کاتەی کە خەلکی کەلوپەل و خزمەتگوزاریەکانیان نمایش دەکەن یاخود لە کەسانی دیکەی دەکڕن، نازانن لەگەل کێ هەڵسوکەوت دەکەن.
لە کۆمەڵگای ئازاددا موسلمان، یەهودی، کریستیان گشتیان لە چالاکیە بازرگانیەکاندا سوود لە یەکدی وەردەگرن، بەبێ ئەوەی باوەڕەکانیان بگۆڕن، ئەدیب و چالاکڤانی سیاسی فەرەنسی، فرەنسوا ماری ئەرویت، کە بە ڤۆلتێر دەیناسین، لە نامە فەلسەفیەکەیدا پێناسەیەکی تۆمار کردووە، بۆ جەماوەر، راڤەی ئەو داهێنانە دەکات و خەلکی هاندەدات دەربارەی داهێنانی کوتانی دژی ئاولە. هەروەها بۆ خوێنەرە فەرەنسیەکان پتر پێناسەی جیهانی بەریتانیای سەرسورهێەرو دینامیکی و خاوەن کلتورە جیاوازەکان و لێبوردەو تارادەیەك ئازاد دەکات، ئەمەو بازاری دراویش سەرنجی راکێشا، هەروەك لە شەشەمین نامەیدا بەمجۆرە باسی کردووە:
((کە دەچێتە ناو بازاری بۆرسەی لەندەنەوە، ئەو شوێنەی کە لە هەر هۆلێکی دیکە زیاتر شانو شکۆداری هەیە، نوێنەرانی سەرجەم میللەتان تیایدا کۆبوونەتەوە لە پێناو سوود گەیاندن بە ئادەمیزاد. لەوێ یەهودی خەریکی سەودایە لەگەل موسلمان و کریستیانی وەك ئەوەی کە سەر بەیەك ئایین بن. لەو بازارە تەنها، مایە پووچ بە کەسێکی بێباوەر سەیر دەکرێ، پرۆتستانتی مەشایخی باوەر بە پرۆتستانتی مەعمەدانی دەکات. لایەنگیرو شوێن کەوتوانی کەنیسەی بەریتانی بەڵێنی کریکۆری پەسەند دەکەن.
لە ئەنجامی بەجێهێشتنی ئەو گردبوونەوە ئاشتی و ئازادانەیەدا،

دەبینین هەندێ کەس دەچنە کەنیسـە، هەنـدێکی دیکـە هەوڵـدەدەن کە شەرابێك بنۆشن، لەولاشەوە پیاوێك بەرێوەیە بۆ تەعمیـدکردن لـە حەوزێکی گەورەدا بە ناوی باوك و کـوڕو روحـی قودسـەوە، لـەو لاوە پیاوێـك کوڕەکـەی لەگـەل خـۆی دەبـات خەتەنـەی بکـات و چـەندین ئایەتیش بەژوور سەری منداڵەکە دەخوێنرێنـەوە بـەبێی ئـەوەی لێـی تێبگات، هەروەها کۆمەڵێکی دیکە بەرێوەن بۆ کەنیسـەکان چـاوەرێی وەرگرتنی ئیلهامی خوداین و، لەکاتێکـدا کلاَوەکانیـان دانەکەنـدوە و هەمووانیش رازین......))

ئاسایش و خوشگوزەرانی مرۆڤ پەیوەستە بە خودی مرۆڤەکان لەگەل یەکتریـدا، لـە کۆمـەڵگا ئازادەکانـدا پێشـکەوتن بـە قۆناغـەکانی ئـەو نەتەوانــەوە دەربــازدەبێ کــە کێشــەکان، نــاکوکی و ناتــەبایی لــە بیروباوەڕەکاندا دەردەخـات، ئـەو ناکوکیانـە بـە ئاشـتی لـە قـازانجی هــەمووان چارەســەر دەکــرێن و دەبنــە بەشــێك لــە چوارچــێوەی رەوشتی میراتی. لەئارادا نەبوونی ئەومیکانیزمە بۆ گواستنەوەی بەها رەوشتیەکان لە کۆمەڵگا نا ئازادەکانـدا، یەکێکـە لـەو هۆکارانـەی کـە دەبنە هۆی کێشە ئایینی و کۆمەلاَیەتیـەکانی ئـەو کۆمەڵگایانـەی کـە ئازادییان تێدانیە.

## ئازادی سیستەم دەئافرێنێ

تەنها دامودەزگایەکی سەرەکی کە بواری رێککبوون لە کۆمەڵگایـەکی ئازاددا مەیسـەر دەکـات، سـەروەری یاسـایە. لـە کۆمـەڵگای ئـازاددا، یاسـا هاوتـەریب نیـە بـۆ حـوکمی زۆرداری لـە کۆمـەڵگا تۆتالیتـاری و

ئۆتۆكراتیەكانـدا، هـەروەها هـیچ جـۆرە پەیوەندییـەكی لەگـەڵ ئـەو یاسایەدا نیـە كـە لـە پـەرلەمانـەكانی رۆژئـاواودا دەردەچـن، هـەروەك بینیمان یاسایەك هاتەبوون نەك بەكارو هەوڵی سیاسیەكان، بەڵكو لـە ئەنجامی بڕیارەكانی دادوەرەكان بوو.

تۆكفیـل لـە كتێبەكەیـدا ((دیموكراسـی لـە ئـەمریكا)) وەسـفی ئـەو یاسایانە دەكات كە چۆن سیستەم لـە كۆمـەڵگای ئـازاددا دەپـارێزن، لەو كتێبەدا نووسیویەتی، روحی یاسـا كـە لـە قوتابخانـەو دادگاكانـدا دادەرێژرێت، پلە بە پلە ئەگـەرەكان دەخاتـە بەرچـاو تـا لـە هـەناوی كۆمـەڵگادا جـێگیر دەبێـت و دەچـێتە نـاو چـینەكانی خـوارەوە، بـە شێوەیەك كە دابونەریت و چێژی حوكمی دادگـایی لـە نـاو كۆمـەڵگادا بەرجەستە دەبێت.

لە كۆمەڵگای ئازاددا رێز لە یاسا دەگیرێ، نـەك بـە بـەكارهێنانی هێـز ((ئەگەر حكومەت ئـەو مافـە بـەخۆی بـدات لـە بـەكارهێنانی هێـز بـۆ پاراستنی ئازادی)) بەڵام بە پشت بەستن بۆ ئەو یاسایانەی كە هاتنـە بوون و تاقیكراونەتـەوە لـە ژیـانی كردەییـدا، بـەهاكان یـاخود رۆحـی یاسا كە پەیوەستبوونێكی توندی بە بەهاكانی شارستانیەتەوە هەیە.

حكومەتی بنكە فراوان ئەو رێژەی بەردەكەوێ بە مەبەستی چـاودێری كردن لەسەر كۆمەڵگا، كە هاوكوك نیە لەگەڵ میراتی كۆمەڵگاكان، لـە تێگەیشـتنیان بـۆ هەڵـەو راسـتی. ئـازادی لـە كۆمەڵگاكانـدا سیسـتەم دەئافرێنێ، و دامو دەزگاكانی كۆمەڵگای ئـازاد لـە پارێزگـاری كردنـی ئاشـتیدا، بەرژەوەنـدی دەدەنـە خـەڵكی، زیـاتر لـە هـەر دەوڵـەتێكی پولسیی یاخود تۆتالیتاری.

# لێبوردەیی

**هەموو کەسێك هەڵە دەکات**

**- جۆن لۆك -**

## لێبوردەیی چیە؟

لێبوردەیی ئەو باوەریە، کە نابێ هیچ کەسێك خۆی لەکاروبارو هەڵسوکەوتێکی کە پەسند نەبێت هەلقورتێنێ. لێبوردەیی دوو هێمایی دیارو بەرچاوی هەیە: رازینەبوون لە هەڵسوکەوتێکی دیاریکراو و رەتکردنەوەی، هەروەها بیرو ڕا سەپاندن لەسەر کەسانی دیکە. ناکرێ له سەر شتێ مرۆڤێك بە لێبوردە وەسفبکرێت ئەگەر هاتوو خۆی ئەو شتە پەسەند بکات، دەبێ جیاکاری بکرێت لە نێوان ئەوەیان و لە نێوان گرنگی نەدانی رەوشتی،کاتێ کە ئەنجامە رەوشتیەکان لەسەر کردەوەی کەسانی دیکە بۆ هەر مرۆڤێك گرنگ نەبێت، یا رەوشتی رێژەیی، یاخود باوەربوون بەوەی کە رەوشتێك، یەکسانە بە ئەوی تر.

دایك و باوکان کە هەڵسوکەوتی خراپی منداڵەکانیان پشتگوێ دەخەن بە کەسانی لێبوردە ناژمێردرێن، هەروەها ئەوانەش کە مامەڵەکردنی خراپ لەگەڵ ئافرەتاندا سەرکۆنە ناکەن بە لێبوردە دانانرێن. هەندێ بنەمای رەوشتی پێویستن بۆ لێبوردەیی، لە پێناو دەرخستنی نارەزایی لەسەر هەندێ کارو کردەوە، هەروەها پاکانەی لێبوردەیی بە دەستێوەرنەدان، گەرچی لێبوردەیی لەسەر نارەزایی

دەوەستێتەوە، واتە کۆمەڵـە کەمایەتیـەکان، وەك ئەوانـەی لادەرانـی سێکس زۆرجار وا هەست دەکـەن کـە لێبـوردەیی بـەس نیـە، بـەڵکو هەوڵـدەدەن کــە بــە خــەڵکی بســەلمێنن کــە هــیچ هەڵەیــەك لــە ڕەفتارەکانیاندا نیە.
لەوانەیە هەندێ شێوە لە خوتێهەلقورتاندن دروست و لەجێ بـن، وەك قایلکردنی ڕەوەشتی و بەکارهێنانی عەقل و باوەڕپێکردن، بەڵام نـەك بە هۆی بەکارهێنانی هێزو ناچارکردن، بۆ نموونە دەکرێ کـە کەسـێك هـەموو هـەوڵ و کۆششـەکانی بخانـە گـەر بـۆ ئـەوەی هاورێکـەی لـە جگەرەکێشان دووربخاتەوە، بەڵام بۆی نیە کە جگەرەکێشان قەدەغە بکات یان جگەرەکانی لێ بسەنێت.
لەوانەیە لێبـوردەیی شـێوەیەکی نەگـەتیڤ وەربگرێـت، پێویسـتیەکە پابەنـدو دیـارە، لــە پێنــاو ئــەوەی کــە خــەڵکی هانبــدرێن تــا بــە خۆشەویســتی لەگــەل یەکتریــدا بــژین، کەچــی جــورێکی دیکــەی لێبـوردەیی پـۆزەتیڤ هەیـە کـە تـەنیا پەسـنی سـوودەکانی فرەیـی دەکـات. یـەکی لـە بنـەماکانی کۆمەڵگایـەکی شارسـتانی، پێکـەوە هەڵکردن و ژیان بەسەربردنی ئەو کۆمەڵە خەڵکانەیە کە لە دابونەریت و بیروباوەڕەکانیاندا لەگەل یەکدی جیاوازییان هەیە.
ئەو مەترسیانەی کە هەڕەشە لـە لێبـوردەیی دەکـەن دوو جـۆرن: لـە توتالیتاریــە چــەپەکان یــان راســتڕەوەکان، ئەوانــەی کــە لــە بیروبۆچوونەکانیاندا تونـدڕەون وهـیچ گومانێکیـان نیـە سـەبارەت بـە راسـتی و دروسـتی بـیرو باوەڕەکانیـان، بۆیـە هـیچ بەربەسـت و دوو دڵیەکیان نیـە لـە بـەکارهێنانی هێـزدا بـۆ سـەرکوتکردنی ئـەوەی کـە

پێچەوانەی بیروباوەڕی ئەوانە.
هەرەشەی دووەم، بە هەستکردن لە راستی و دروستی رێبازی سیاسییەوە سەرچاوە دەگرێ، کە باوەر وایە بیروڕای جیاجیا، چ راست بن یاخود هەڵە، ئاژاوە ناوزڕاندن دروست دەکەن بۆ کەسانی دیکە، وەك کەمینە ئەتنی و ئایینی و رەگەزیەکان، بۆیە دەبێ قەدەغە بکرێن.

## رای فەیلەسوفەکان لەسەر لێبوردەیی

بیرۆکەی لێبوردەیی بە شێوەیەکی رێژەیی شتێکی نوێیە وەك بنەماییێکی ئاراستەکراو بۆ کۆمەڵگا. زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵگاکان لە سەردەمانی کۆن و لە سەدەکانی ناوەراستدا، لەو باوەرەدا بوون ، ئەگەر کۆمەڵگایەك بەردەوام بێت و یەکگرتوویی خۆی بپارێزێت دەبێ کۆمەڵگایەکی هاوچەشن بێت.
وا پێویست دەکرا کە یان دەبوایە خەڵك وەدەربنرێت یا بیروڕایان بگۆڕن، ئەوسا مێژووی ئەوروپا هەمووی شەڕی ئایینی بوو، باوەڕەکە وابوو کە گشت خەڵکی دەبێ بە یەك شێوازو وەکو یەك خواپەرەستی بکەن، و هەتا کاتێ کە پرۆتستانت بەرپەچی دەسەڵاتی کلێسای کاتۆلیکی دایەوە، ئەوە لە رێگای ئەو لادەرانەوە ئەنجام دەدرا، ئەوانەی مەبەستیان بوو کە دەسەڵاتی کلێسا بە دەسەڵاتێك بگۆڕن، کە لە بیروباوەری ئەوانەوە سەرچاوەی گرتبێ.

# ئازادی نووسین

شاعیری ئینگلیزی جۆن میڵتن، یەکێك بوو لەو فەیلەسوفانەی کە لە سەرەتاوە هاندەرو خوازیاری چەمکی لێبوردەیی بوو، و لە بلأوکراوەکەیدا لە ژێر ناوی ((ئەریۆ بجتیکا)) لە ساڵی ١٦٤٤، نارەزایی دەربڕی لەسەر چاودێری و سەروەرکاریدا. رەخنەی لەو رەشنووسە یاساییە گرت کە درابوو بە پەرلەمان، و تیایدا هاتبوو: دەبێ هەموو دەزگایەکی چاپ و بلأوکردنەوە، لە لایەن حکومەتەوە مۆڵەت پێدراوبێ.

ئەوە لە دەسەلأتی چاودێراندا بوو کە رێگا بگرن لە بلأوکردنەوەی هەر بابەتێك، ئەگەر هاتوو گونجاو نەبوو و هاندەرانەبوو. ئەو دەسەلأتەیان هەبوو لە قەدەغەکردنی بلأوکردنەوەی بابەتی ((درۆهەڵبەستن، ساختەکاری، خراپەکاری ،هێرشکردن و ئەوانەی مۆڵەتی حکومەتیان نەبوو بۆ بلأوکردنەوە هەروەها ئەو بلأوکراوەو کتێبانەی کە هێرش و تانە لە حکومەت و ئایین دەدەن)).

میڵتن یەکێك بوو لە بەرایی ئەو بیرمەندانەی کە بەرگرییەکی تەواویان لە ئازادی بلاوکردنەوە کرد، بۆ ئەو مەبەستەش میڵتن لە رەخنەگرتنەکەیدا بۆ چاودێری کردن بەسەر بلأکردنەوەدا پشتی بە کۆمەڵێك رێسا و بنەما بەست.

**یەکەم** – لە پێناو ئەوەی کە مرۆڤ چاکەکاربێ، دەبێ خراپەکاری بناسێ.

دووەم – ناکرێ مرۆڤ باوەڕی بەو کەسانە هەبێ، کە بە مەسەلەی چاودێری هەڵدەستن، کە بریاری راشکاوانە بدەن، مەگەر

ئەوانە بن کە هەرگیز هەڵە ناکەن، هیچ کەسیش نیە کە لە هەڵە پارێزراو بێت و هەڵە نەکات.

**سێیەم** – راستیی نامێنێ ئەگەر هاتوو باوەڕبوون پاساوێك بێ تەنیا بە پشت بەستن بە دەسەڵات.

**چوارەم** – دەبێ رای هەڵە پوچەل و وەلاوە بنرێت نەك بێدەنگ بکرێت.

**پێنجەم** – لەوانەیە حکومەت چاودێری و یان هەندێ بابەت قەدەغە بکات لە بلاْکردنەوەدا لە رێگای هەڵەوە.

## لێبوردەیی ئایینی

ئازادی لە چەوساندنەوە لە کاروباری ئایینیدا، تەوەری لێکولینەوەکەی جۆن لۆك بوو کە لە ساڵی ١٦٨٩ لە ژێر ناوی ((نامەیەك دەربارەی لێبوردەیی)) نووسیبووی. ئەو رای وابوو کە رۆڵی حکومەت پاراستنی ژیان و ئازادی مولکدارێتیە، و بە هیچ شێوەیەك ئەو مافەی نیە کە دەست بخاتە ناو ئەو کاروبارانەی کە پەیوەستن بە رۆحی مرۆڤەوە.

لە نامەکەیدا نووسیویەتی و دەڵێ: لێبوردەیی سەبارەت بەوانەی کە لە مەسەلەی ئایینیەکاندا جیاوازییان لەگەل کەسانی دیکەدا هەیە، وەکیەك و بەڵکو پێویستن لە چەمك و بنەماکانی ئایینی مەسیحیەتدا، کە لە سەر خۆشەویستی و خێرخوازی بنیاتنراوە.

بیروباوەری ئایینی بە هۆکارەکانی ناچارکردن دابیننـاکرێن، زۆر و ناچارکردن لە رێگای سزاکانەوە کاریگەری لە ئیرادەی مرۆڤ دەکات،

بەڵام باوەڕو تێگگەیشتن ملکەچی ئیرادەی مرۆڤ نین و ئینجا ناکرێ لە ڕێگای دروستکردنی باوەڕەوە بە دەستبهێنرێن.

ئەوەی کە مرۆڤ نەتوانێ ئەنجامی بدات، هەرچەندی هەوڵ وکوشش بکات، بۆ پەنا بردنە بەر یاسا دەتوانرێ چی بەدەست بهێنرێ؟ تۆ کە باوەرت هەبێ کە ئەمە یاخود ئەوەیان راستییە، ناچێتە ناو چوارچێوەی ویستی ئێمەوە، لۆك ئەمەی روونکردۆتەوە کە داواکەی ئەو بۆ لێبوردەیی پابەند نیە لەسەر گومان دەربارەی بوونی خوا، یاخود ڕێگای راست بۆ خوا پەرستی و هیچ دیدو رای رەهاشی نەبوو سەبارەت بەوەی کە پەیوەندە بە لایەنە ئەخلاقیەکانەوە. ئەو سێ بەلگەی سەرەکی بەدەستەوە بوو:

**یەکەم** – دەمارگیری لەگەل مەسیحیەتدا هاوکوك نیەو پێچەوانەیەتی، هیچ کەسێك ناتوانێ بانگەشەی مەسیحی بوون بکات ئەگەر کاری خێرخوازی ئەنجام نەدات، چەوساندنەوەی کەسانێك بە هۆی بیروباوەرە گاوریەکانیانەوە کارێکی ناخێرخوازییە، واتە ئەم جۆرە چەوساندنەوەیە دژو پێچەوانەی ئایینی مەسیحیەتە.

**دووەم** – لۆك تۆمەتباری کردن سەبارەت بە هەبوونی هاودژییەك لە بەڵگەو بیانوەکانیان. ئەوانەی لایەنگیری چەوساندنەوە دەکەن بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئامانجیان رزگارکردنی رۆحەکانە، کەچی زۆر شەرت و مەرجی دیکەی خراپتر هەن، کە لۆك دیاریکردوون لەوانە:

داوێن پیسی و ساختەکاری و بەدگومانی، کەچی بە هەمان

پەرۆشییەوە حوکمیان بەسەردا نادرێ ، لادەرانی سیکس وا هەست دەکەن کە نەیارەکانیان بە شێوەیەك لێیان دەروانن کە ئەوان هەڕەشەن بۆ سەر خێزان ، کەچی سەرچاوەی هەڕەشە لە سیستەمی یەك خێزانی و تەلاقداندا دێت. لەگەڵ ئەوەشدا شتێك جگە لە گرینگیدانێکی کەم نەبێت بۆ ئەو پرسانە ئاراستە ناکرێت، ئەمەش ئەو گومانە بە دوای خۆیدا دێنێ کە خوازیارانی پارێزگاری کردن لە خێزان خۆیان بەرپرس و گرنگی پێدەری ئەوەن.

**سێیەم** – ئەو رای وابوو کە لێنەبوردەیی ، لەسەر بنەمای نالۆژیکی بنیاتنراوە. کەواتە ناکرێ بیروباوەرەکان بە ئاسانی بگۆردرێن، چونکە لەسەر ئەو بنەمایە دانراوە کە مرۆڤ بەراست و دروستی دەزانێت، و ناکرێ بەزەبری هێز بگوردرێ، وەك ئەو هەوڵەی کە دادگاکانی پشکنینی کاتۆلیك پێی هەڵسان.

## ئەزموونەکانی ژیان

جۆن ستیوارت میل لە کتێبە ناودارەکەیدا لە ژێر ناوی ((دەربارەی ئازادی)) هەوڵیدا کە لە چوارچێوەیەکی بەرفراوانتر لە لێکدانەوەو جۆر و چۆنیەتی ژیان تەنیا لە ئاییندا بە نووسین پشتگیری لە لێبوردەیی بکات، وەکو بەشێك لە بەرگریکردنەکەی لە ئازادی. هەروەها بە پەرۆشەوە بەرگری لەوە کرد کە ناوی نابوو ((چەند تاقیکردنەوەیەك لە ژیان.)) کە بەهۆیەوە بوار بە دیدو بۆچوونە جیاوازەکان دەدرێ دەربارەی ژیان، کە رکابەری و چاکە کاری و بەخشندەیی تێدا ئەنجام بدرێت.

بەرگرییەکی بە ناوبانگی کرد سەبارەت بە ئازادی رادەربڕین، هەروەك ئـەوەی لـۆك ئەنجامیـدا، روونیشـیکردەوە کـە گـۆڕینی بیروبـاوەرە قووڵەکانی خـەڵکی بـە زۆری زۆرداری ئامـانجێکی سـەرکەوتوانە نیـە، هەروەها گومـانی لـە لـۆژیکی ئەوانـەدا هـەبوو کـە هـەوڵی لـەو جـۆرە دەدەن.

## ئەو بەڵگانەی کە رەوایی دەدەنە بەرگری کردن لە لێبوردەیی

**یەکـەم** – لێبـوردەیی یەکێکـە لـە دەربرینـە گرینگـەکان دەربـارەی پابەندبوون بە ئازادی تـاك. واتـە مـرۆڤ سـەبارەت بـە ژیـانێکی نـویێ راو بۆچـوونەکانی خـود پـەیرەو دەکـات، کـە بـۆی هەیـە جیاوازی تەواوی هـەبێت لەگـەل دیـدو بۆچـوونەکانی خـەلکانی دیکـە. پێویسـتە تاکـەکان سـەربەخۆیی (خـود)یـان هـەبێت، هـەروەها مومارەسـەی ژیـانی خۆیـان بکـەن بـەپێی ویسـت و هەلومەرجەکانیان.

**دووەم** – راسـتی نادۆزرێتـەوەو بـەدیار ناکـەویێ مەگـەر بـە هـۆی رکابەرایەتی ئازادەوە لە نێوان هزرەکانـدا، واتـە تـاك دەتـوانێ بڕیار لەسەر دیدو باوەڕەکانی بدات، سەبارەت بەراستیەکان لە رێگـای بیسـتنی هـزرە جیاوازەکـان و هەڵسـەنگاندنیان و بەردەوام باشترکردنیان.

**سێیەم** – جیاوازیـەکی بنـەڕەتی هەیـە لـە نێوان شـتە گشـتیەکان و ئەوانەی تایبـەتن لـە ژیانـدا. پێویسـتە ئـەو بـوارە بـە خـەلکی بـدریێ کـە پـەیرەوی لـە هـەر بیرەباوەرێـك بکـات کـە خـۆی مەبەسـتیەتی جـا هەرچـونێك بێـت، مادامـەکی ئـەوە

دەستێوەردان نیە لە کاروباری خەڵکانی دیکەدا.

**چــوارەم** – پێشــکەوتنی کەســێتی و رەوشــتی، لەســەر تاکــەکان پێویست دەکات کە سەرپشکبن لە پێناو هەوڵی تێگەیشتنێکی بەرفراوانتر بۆ خودی خۆیـان، هـەروەها بـۆ مەبەسـتی زانـین و فێربــوونی ئــەو ئەنجامانــەی کــە لەســەر کردەوەکانیــان رێکدەخرێن. جۆن ستیوارد میل، بە شێوەیەکی تایبەت ترسـی هەبوو لە مەترسیەکانی رێککەوتن، ئـەوەی کـە رێ لـە خـەلکی دەگرێ لە تاقیکردنەوەی راوبۆچوونی نوێ.

**پێنجەم** – پێشـکەوتنی ئـابووری و کۆمەڵایـەتی لەسـەر دەسـتی ئـەو تاکانە بەدیدێت کە هزری نوێ و نـا ئاسـایی و رێگـای نـوێ لـە بیرکردنەوەدا دەئافرێنن، ئەوانەی کە بۆی هەیە هەر هەموویان هەڵـە یـاخود گـەوجی بـن، بـەلام بـۆی هەیـە کـە هەنـدێکیان دینامیکیەت بە کۆمەڵگا ببەخشن.

بۆی هەبوو کە ئەلیکساندەر، بە کەسێکی نامۆ ئاکار دابنرێـت، ئەگـەر شێت نەبووبێ، کاتێ بـۆ یەکـەمین جـار گـوتی: دەکـرێ یـەکێك قسـە لەگەل یەکیکی دیکەدا بکات، بە هۆی ئـەو ئـامێرەی کـە ئێسـتا پێـی دەلێین تەلەفۆن.

## ئازادی رادەربڕین

ئازادی رادەربڕین مافی چاپ و بلاوکردنەوەو گەیانـدنی هـەر شـتێکە، بـە مـەرجێك ئـازاری راسـتەوخۆی بـۆ هـیچ کەسـێك نـەبێ، سـەرەڕای مـەودای هێرشـکردن و تانـە لێـدان، پێویسـتە بـوار بـە هـەموو دیـدو بۆچــوونەکان بــدرێت: رەگەزپەرســتی، رەگــەزی، شۆرشــگێری و

ناپۆشتەیی و...هتد . ئەگەر بە پێویست زانرا رەخنە گرتنیشی. هەندێ لە موسلمانەکان تووشی شوك بوون لەکتێبی ( ئایەتەکانی شەیتانی )ی سەلمان روشدی، بەلاّم ئەوان هەڵەبوون لە مەسەلەی هەوڵی قەدەغەکردنی کتێبەکەو دەرکردنی حوکمی لە سێدارەدانی دانەرەکەیدا.

جۆن ستیوارد میل لە کتێبەکەیدا لە ژێر ناوی ((دەربارەی ئازادی)) بە ناوبانگترین بەرگری لەئازادی رادەربڕین کردووە کاتێ کە گوتی: ((ئەگەر هەموو مرۆڤایەتی بۆچونێکیان هەبێت بێجگە لە تاکە کەسێك، مرۆڤایەتی پاکانەو بیانوێکی نابێت لە بێدەنگ کردنی ئەو تاکەدا، ئەگەر هاتوو ئەو تاکە بیانوێکی هەبوو لە بێدەنگ کردنی هەموو مرۆڤایەتی)). ئەگەر هاتوو رایەکە دروست بوو، ئەوسا بێبەش دەبێت لە هەلی گۆرینەوەی رای هەڵە لەگەل رای دروستدا، و ئەگەر هەڵە بوو، ئاوا گەورەترین دەستکەوت دیدو دیارو رەفتاری زۆر زیندووی راستییە، ئەوەی کە لە ئەنجامی بەرخورد لەگەل رای هەڵەدا بەدەست دێت. مافی ئازادی رادەربڕین پشت بە چوار بەلگە دەبەستێ:

**یەکەم** – بیانوی ئیمکانیەتی هەڵە، بیرۆکەی بە هەڵەداچوونمان قەبوول دەکات. وەك ئادەمیزاد هەموومان لە هەست و بیرکردنەوەکانماندا، لە گوناھ پارێزراو نین، ئەگەر ئێمە بیروبۆچوونێکمان سەرکوتکرد، لە داهاتوودا یا لە کاتێکی دیکەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو بۆچوونەی کە سەرکوتمان کردبوو، راست بووە، تەنها ئەوکاتە دەتوانین

دڵنیابین كە ڕاست نیە ئەگەر گریمانەمان كرد كە ئێمە هیچ كاتێك ناكەوینە هەڵەوە، و هەتا ئەگەر هاتوو ئەو راوبۆچوونە زۆرینەی هەرە زۆری خەلكی باوەڕی پێبوو، یان خەڵكانی زێدە زانا بوون، ئینجا ئەوە بەس نیە كە ئەو رایە سەركوت بكرێ.

دیدو بۆچوون و بیرو باوەرگەلێكی زۆر هەبوون كە خەلكی باوەڕی بەراستی و دروستییان هەبوو شایانی ئەوە نەبوون لەلایەن خەلكەوە پوچەڵبكرێنەوە، لە دواییدا دەركەوتووە كە ئەو بیرو باوەڕانە هەڵە بوون.

كلێسا گالیلۆی چەوساندەوە بەوەی كە گوتی زەوی بە دەوری خۆردا دەسورێتەوە، نەك بە پێچەوانەوە ، ئەو باوەڕەی كە لە سەردەمی خۆیدا باو بوو، دوا بەدوای ئەوە دەركەوت كە گالیلۆ لەسەر هەق بووە، و بیردۆزی كۆپەرنیكۆس پەسەند كرا.

**دووەم** – هەتا ئەو هزرانەی كە بە تەواوی هەڵەن بۆی هەیە هەندێ راستی وردیان تیابێ، چونكە هەندێ راوبۆچوون هەن ئەگەر بە تەواوی راست و دروست نەبن، تا رادەیەك یا كەمێك هەن. واتە رێگا بۆ دۆزینەوەی ئەوەی كە كەمە بواردانە بە هەموو ئەو راوبۆچوونە نادروستانە كە پێشكەش بكرێن، كە بۆی هەیە تیایاندا راستی بە تەواوەتی بە دەست بخرێت.

**سێیەم** – هەتا ئەگەر هزرە باوەكان نوێنەرایەتی راستی بكەن، ئەگەر بێتۆ بەرەنگاریان نەبینەوە و رەخنەیان لێ نەگیرێ، چەمكی راستی لە نێودەچێت و دەمرێت. ئەو هوكارانەی كە بەراست

دانراون لە بیر دەکرێن، ئەوسا بە پەسەند کردنەکە لەسەر لایەنگیری دەبێت لە جیاتی عەقل.

ئەگەر هزرەکان بەرگرییەکی بەهێزیان نەبێت دەکەونە ناو سەرگەردانی خراپ تێگەیشتن و فەرامۆشکردنەوە. میل لەم رووەوە نووسیویەتی: هەر کەسێ ئەگەر هەندێ هزری هەبێ و پێیەوە پابەند بێ و حەز نەکات دان بەوەدا بنێت کە بۆی هەیە هزرەکانی راست و دروست نەبن، پێویستە لەسەری هەمیشە وابزانێ راستی و دروستی هزرەکان هەر چەندی بێت، ئەگەر بەرگرییان لێنەکات و لێکولینەوەیەکی بەردەوامیان لەسەر نەکات، ئەوسا دەبنە باوەڕێکی مردوو نەك راستیەکی زیندوو. بۆیە مامۆستا و قوتابیانی زانست ئەو کاتەی کە ئیتر گۆرەپانەکە دوژمنی تێدا نامێنێ و چۆل دەبێ ئیتر، لێی دەنوون.

**چوارەم** – راستی ناگەڕێتەوە بۆ کارو ژیان ئەگەر رووبەرووی بەرەنگاری نەبێتەوە، بۆی هەیە خەلکی رای باو پەسەند بکەن، بەلاّم پەسەند کردنێکی جێگیرو چەسپاو نابێت و لە ئەنجامدا جگە لە کاریگەرییێکی کەم لە هەلّس و کەوتەکانیاندا بەدیناکرێت.

## سنووری لێبوردەیی

نابێ بۆ هەموو کردەوەیەك لێبوردەیی هەبێت، کاتێ کە ئەو کردەوەیە ئازارێکی راستەوخۆ بە کەسێك بگەینێ لە لایەن کەسێکی دیکەوە. پێویستە سەرکۆنە بکرێت، یاخود بۆی هەیە ئەو کەسە سزا بدرێت. کەسی ئاژاوەگێر کە هەولّی کوشتنی پەنابەرانی بیانی یاخود

سوتاندنی ماڵەکانیان دەدات، پێویستە بە هۆی ئەو بیرکردنەوەیەوە بکەوێتە ژێر لێپێچینەوەو دادگایی بکرێت، بە تۆمەتی هاندانی توندوتیژی.

کردەوەی زۆرەملیێ وەکو ئەتککردن پێویستە سزایان بۆ هەبێت.

کاری سێکسی لە نێوان نوجەوانان و منداڵاندا هەتا ئەگەر هاتوو بەویستیش بوو پێویستە قەدەغە بکرێت، چونکە منداڵان لە هەڵومەرجێکی وادا نین کە ئەنجامی ئەو کردەوانەیان بزانن. هەروەها سنوور هەن بۆ مەودای ئەو لێبوردەیەی کە پاکانەی بۆ دەکریێ، جیاوازیەکی گەورە هەیە لە نێوان هێزی حکومەت و دەسەڵاتەکەیدا و لە نێوان واتای کەسێتی درەبارەی بێزاری وسەرپێچیکردندا.

بۆی هەیە رەخنە شتێکی بەجیێ بێت بۆ ئەو کەسەی کە لە وەفاداریدا لەگەل هاوسەرو هاوبەشی ژیانیدا سەرکەوتوو نەبووبێت، بەڵام شتێکی هەڵەیە ئەگەر زیانانە یاخود زیندانی بەسەر ئەو کەسەدا بسەپێنرێت.

لەوانەیە کەسێك سەرکۆنەی یاری بوکسێن بکات بەوەی کە وەرزشێکی سەخت و نامرۆڤانەیە، بەڵام مادامەکی یاریزانان بەویستی خۆیان ئەو وەرزشە ئەنجام دەدەن سەرەڕای ئەوەی کە مەترسیەکانی دەزانن، نابیێ قەدەغە بکرێت. یاسایەکی رۆمانی هەیە بە شێوەیەکی تایبەت لەگەل ئەم بۆچوونە دەگونجیێ: (( ئەوەی کە رازییە نابیێ هیچ ئەزیەت و تەنگوچەڵەمەی بۆ دروست بکرێت.)) خودی ئەو بنەمایە سادیەتی سیکسی و ئەو کردەوانە دەگرێتەوە کە مچوڕکمان پێدا دێنن.

## هەڕەشەی ئسولیەت

یـەکێ لـە سەرچـاوەکانی لێنــەبوردەیی، ئسـولیەت و دەمارگیرییــە. ئەگەری ئەوەی کە کەسی ئسولی یا توندوتیژ ناکرێ کـە لەسـەر هەڵـە بێـت، یـاخود هەڵـە بکـات، لـە نـاواخنی بیرباوەرەکـانی سیسـتەمە تۆتالیتاریەکانەوە دێت، چ تۆتالیتاریای راست یا چـەپی کۆمۆنیسـتی یا فاشیست.

ئەم مەبەستە، کـە تـۆ لێبـوردە نـەبێت لەگـەل ئەوانـەی لێبـوردەنین بەکاردەهێنرێت بۆ پاکانە کردنی قەدەغەی سـەپێنراو بەسـەر زۆر لـە کۆمەڵـە و پارتــەکان لـە دنیـادا. لێبـوردەیی واتــە بـەرگریکردن لـە راوبۆچوونەکانی خەلك، و دوای ئەوەش هەر کەسێك مافی ئەوەی هەیە کە هەوڵبدات بۆ سەلماندنی راستیەکەی.

## شێوازی لێکدانەوەی سیاسیانەی دروست

سـەلامەتی لێکدانــەوەی سیاسـی، بـەکارهێنانی زمـانی گونجـاوە بـۆ بابەتە کۆمەلأیەتیە هەستیارەکان وەك رەگەزو جێندەر. بە شێوەیەك هەوڵدەدرێ بەدوربێت لە هەڵـەو خراپـە، هـەروەها دوورکەوتنـەوە لـە بـەکار هێنـانی ئـەو راوبۆچـوونانە کـە بـۆی هەیـە خراپـەی هـەبێ بـۆ خەلکانی دیکـە، وەکـو بەشـێك لـە رەفتـاری بـاش و پەسـەند، دەبـێ هەمیشـە هەوڵبـدرێت بـەبێ زەرورەت خراپـە لەگـەڵ کەسـانی دیکـە نەکرێ.

تەعبیری سیاسی راست بە هۆی رادەدانـان بەسـەر ئازادیـەکانیان لـە ڕادەربڕیندا.خراپە دروست دەکات بۆکەسانی دیکە. بۆیە خـۆی خـۆی

دەدورێنێ، هەوڵدەدات چاودێری بەسەر ئازادی رادەبڕیندا بسەپێنێ، یا لە رێگای یاساوە، یا لە ئەنجامی پاڵەپەستۆی کۆمەڵایەتی بەهێزداو، هەندێ لە راوبۆچوون و لێکدانەوەکان بە توندی سەرکۆنە دەکرێن و لە چوارچێوەی گوتنی رەوادا دەردەهێنرێ.

خراپە کردن بە خەلکانێك لە هەندێ حاڵەتدا خوازراو شتێکی پێویستە. جوناسان راوش، بۆ نموونە پیشانمان دەدات کە چۆن لێکدانەوەی دروست زۆر جار هۆکاری مرۆیی پالنەری بووە، کەچی ئەنجامەکەی دەستەبەرکردنی پالپشتییە لە گوتن و کردەوەکانماندا بۆ چەندین گروپی دیاریکراو، بۆی هەیە دەسەلاتداریتی بێت بە شێوازە تایبەتیەکەی وەك دەسەلاتداریتی توتالیتاری، لە هەولدا بۆ پتر رێزگرتن لەگەل کەمینەکان، کە چینێکی نوێ لە چەوساوە بێدەنگەکان پێکدێنێ.

گەران بە دوای راستیدا بە رادەیەکی زۆر لە رەخنەوە سەرچاوە دەگرێت یان ئەنجامدەدرێت، ئەوەی کە کارل پۆپەر فەیلەسوفی مەعریفی زانستی وەسفی دەکات بە ((ساختەکاری)) هەروەها وەك راوش گوتویەتی: ئەو مافەمان هەیە کە خراپە بکەین، و بە بەرپرسیتی ئەوەی کە پرسیار بکەین و بکەوینە بەر لێپێچینەوە.